# ڕەمەزان

## مانگی بەهێزبونە نەك برسێتی و لاوازی

### لەگەڵ

✍ شەوی قدر : پاداشتی زیاتر لە هەشتا و سێ ساڵ پەرستن لە تەنها یەك شەودا

✍ ڕۆژووی شەوال : پاداشتێکی زۆر لە چەند ڕۆژێکی کەمدا


ئامادەکردن و نووسینی

مامۆستا : هاوار عبداللە

پێداچوونەوەی

مامۆستا : عدنان بارام


==============================


**سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

أَمَّا بَعْدُ : **موسڵمانی یەك خوا پەرەست هەموو میللەت و گەلێك پێویستی بە ماوەکی دیاری کراو هەیە بۆ ئارامی و بە خۆداچوونەوە و نویٚ کردنەوەی باوەڕ ، ئێمەی موسوڵمانیش خوای پەروەردگار مانگی ڕەمەزانی پیٚ بەخشیوین بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە بە خۆمانا بچینەوە و هەڵەکانمان ڕاست بکەینەوە و ئارامی ببەخشینە دڵەکانمان ، گەورەیی مانگی ڕەمەزانیش لەوە دایە کە هۆکارێکە بۆ بتەو بوونی باوەڕ و نەهێشتنی گومان ، چونکە تیایدا بەهۆی برسێتی یەوە حاڵی هەژارەکان ئەزانین ، زیاد لەسەر ئەوەش مانگی ڕەمەزان قوتابخانەیەکە بۆ فێربوونی ڕەوشت ، و مانگی هەوڵدان و تێکۆشانە لەپێناو خوای پەروەردگار و بەدەست هێنانی بەهەشت و ڕزگاربوون لە بەندایەتی دونیا .**

**بازرگانەکانی دونیا هەموو سەرقاڵی ماڵ و سامان کۆکردنەوەن ، ڕێگا نامێنیٚ نەیگرنە بەر بۆ زیاتر کردنی سەرمایەکانیان ، جا باش وایە ئێمەی موسڵمانان لەمانگی ڕەمەزان لەگەڵ پەروەردگار بازرگانی بکەین بۆ ئەوەی جێگایەکی فراوانتر و بڵندتر لە بەهەشت بەدەست بهێنین ، چونکە مانگی ڕەمەزان یەکێکە لەباشترین مانگەکان بۆ بازرگانی کردن لەپێناو بەدەست هێنانی بەهەشت ، دڵنیابن گەر بە مردوەکان بڵێن ئارەزوی چی ئەکەن یەکێك لەو شتانەی ئارەزوی ئەکەن ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزانە ، جا باش وایە ئێمەی زیندوان تا لە دونیادابن ڕۆژوو بگرین بەرلەوەی بمرین و چاوەڕوانی ئومێدێکی خەیاڵی بکەین کە نایەتە دی ئەویش زیندوو بونەوەیە بۆ ڕۆژوو گرتن . زیندوەکان ئاگەداربن ڕۆژگارێك دێت پەشیمان ئەبنەوە لەو ڕۆژانە بەبیٚ ڕۆژوو گرتن بەسەرتان بردوە ، دەبا بیرێك لەخۆمان بکەینەوە (١١) مانگ بۆ دونیا ئەژین هیچ نەبێت با (١) مانگیش بۆ قیامەتمان بژین ، باشترین هەوڵ دانیش بۆ سەرفرازی و سەرکەوتن لە قیامەت دا ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزانە وەك چۆن لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێمان گەیشتووە بیٚ کەم و کوڕی ، بۆ ئەوەی بچینە ڕیزی ئەو کەسانەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەیانەوە فەرموویەتی :** "من صام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه" ( متفق عليه ) .

**واتە : هەر کەسێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ، بە مەرجیٚ بڕوای بە فەرزێتی ئەم کارە هەبیٚ و چاوەڕوانی پاداشتی ڕۆژی دوایی بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانی ڕابووردوی خۆش ئەبێت .**

**وە بۆ ئەوەی دوور بین لەو جورە کەسانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیانەوە فەرموویەتی :** " ورغم أنف رجل دخل عليه رمضان ثم انسلخ قبل أن يغفر له " ( صححه الألباني في صحيح سنن الترمذي ومشكاة المصابيح ) .

**واتە : بیٚ دەسەڵاتی و سەرشۆڕی بۆ کەسێك مانگی ڕەمەزانی بەسەردا هات و کۆتایی بێت پێش ئەوەی خوا لێی خۆش بێت .**

**جا بۆ ئەوەی لە مانگی ڕەمەزان و فەزڵ و گەورەیی مانگی ڕەمەزان تێبگەن ، وە بۆ ئەوەی لەو خێر و پاداشتە گەورانەی لە ڕەمەزاندایە تێبگەن ئەوا لەم نوسراوە بچکۆلانەیەدا لەگەڵماندا بن بە ئیزنی خوا سود مەند ئەبن .**

# تایبەت مەندییەکانی مانگی ڕەمەزان

ئەگەر هاتوو هەریەکە لە ئێمەی مرۆڤ مردن ڕێگەی پێ داین و گەیشتینە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان ئەوا پێویست ئەکات سوپاس گوزاری ئەو پەروەردگارە بە بەزەییە بین کە بەم مانگە پیرۆزەی شادی کردینەوە . ئەو مانگەی کە لە نێو دڵەکانماندا جێگای خۆی کردوٚتەوە ، مانگی ڕەحمەت و لێخۆش بوون ، مانگی ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ ، مانگی ڕەمەزان ئەو دیاریە جوانەی خوای پەروەردگار پێمانی بەخشیوە ، ئەم دیاریە بە نرخەش چەندین تایبەت مەندی هەیە لەوانەش :

**١ . خوای پەروەردگار لەم مانگەدا قورئانی پیرۆزی ناردوٚتە خوارەوە** ، وەك ئەفەرموێ : ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ ( البقـرة : ١٨٥ ) ،

واتە : مانگی ڕەمەزان ، ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە ، ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ هەموو کارێکی چاك و چەندین بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕونی تێدایە بۆ شارەزا بوونی ڕێگای ڕاست و جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست ئینجا گەر کەسێکتان مانگی ڕەمەزانی بەسەرداهات دەبێ بە ڕۆژوو بێت ئینجا ئەو کەسەشتان نەخۆش و لەش بەبارە یان لە سەفەرە و ڕێبوارە ڕۆژوەکەی دەشکێنێ بەڵام دەبێ لە ڕۆژانی تر بە قەزا بیگرێتەوە خوا ئاسوودەیی و کار ئاسانی ئێوەی ئەوێ و لەئەنجامدانی فەرزەکاندا نایەوێ بکەونە تەنگی و ناڕەحەتی و دەیەوێ بەئاسانی ڕۆژووی ئەو ماوە تەواو بکەن و بە گەورەیی خوا بزانن و قایل بن ، کە ئێوەی ڕێنمایی کرد پێویستە سوپاسی بکەن لەسەر ئەو مۆڵەتدانە و سەخت نەگرتنەی .

**قورئانی پیرۆزیش دەستوری ئەم ئومەتەیە و جیاکاری حەقە لە نا حەق و حەڵاڵ لە حەرام .**

**٢ ـ لەم مانگە پیرۆزەدا دەرگاکانی بەهەشت ئەکرێنەوە و دەرگاکانی دۆزەخ دائەخرێن** ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ **فەرموویەتی** : " إذا كان أول ليلة من شهر رمضان ، صفدت الشياطين ، ومردة الجن ، وغلقت أبواب النار ، فلم يفتح منها باب ، وفتحت أبواب الجنة ، فلم يغلق منها باب ، وينادي مناد يا باغي الخير أقبل ، ويا باغي الشر أقصر ، ولله عتقاء من النار ، وذلك كل ليلة " ( صححه الألباني في صحيح الترمذي : ٦٨٢ ) .

واتە : کە ڕۆژی یەکەم بەسەردا دێت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، شەیتانەکان و یاخی بوو ( مردة ) ەکانی جنۆکە کۆت و زنجیر ئەکرێن و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ دەرگایەکی ناکرێتەوە ، و دەرگاکانی بەهەشتیش دەکرێنەوە و هیچ دەرگایەکیان داناخرێت ، و بانگەوازکارێك بانگ دەکات : ئەی ئەو کەسەی چاکەت ئەوێت چاکە بکە ، وە ئەی ئەو کەسەی خراپەت ئەوێت واز بێنە ، خوای پەروەردگاریش هەموو شەوێك لە شەوەکانی ئەم مانگە پیرۆە چەندەها کەس لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار ئەکات .

**٣ ـ جیاوازی پاداشتی ڕۆژوو لە پاداشتی کردەوەکانی تری نەوەکانی ئادەم** ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ **فەرموویەتی** : " كل عمل ابن آدم يضاعف ، الحسنة بعشر أمثالها إلى سبعمائة ضعف ، قال الله تعالى : إلا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به " ( متفق عليه ) .

واتە : هەموو کردەوەیەکی ڕۆڵەکانی ئادەم پاداشتەکەی چەند جارەی خۆی زیاد ئەکرێت ، چاکەیەك بە (١٠) ئەوەندەی خۆی تاوەکو ( ٧٠٠ ) حەوت سەد ئەوەندەی خۆی ، خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : جگە لە ڕۆژوو ، ڕۆژوو گرتن بۆ منە و تەنها منیش پاداشتی ئەدەمەوە .

جا بزانە ئەگەر پاداشتێك خوای پەروەردگار خۆی بیبەخشێتە بەندەکانی چەن جارە و چەند گەورە بێت .؟

**٤ ـ پارشێو کردنی تیایە کە بە خواردنی لە ئایینەکانی تر جودامان ئەکاتەوە** ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن فصل ما بين صيامنا وصيام أهل الكتاب أكلة السحور " ( صحيح سنن النسائي : ٢١٦٦ ) .

واتە : جیاکەرەوەی ڕۆژووی ئێمە لە ڕۆژووی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان ( گاور و خاچ پەرستەکان ) خواردنی پارشێوە .

**٥ ـ بە ڕۆژووبوون لەم مانگەدا بە باوەڕێکی تەواوەوە لەگەڵ چاوەڕوانی پاداشت دەبێتە هۆی لێخۆش بوونی تاوان** ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من صام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) .

واتە : هەر کەسێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ، بە مەرجێ بڕوای بە فەرزێتی ئەم کارە هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی ڕۆژی دوایی بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانی ڕابووردوی خۆش ئەبێت .

**٦ ـ لەم مانگەدا ئەوەی بەربانگ بە ڕۆژوەوانێك بکاتەوە ئەوا بە قەدەر ئەو کەسە پاداشتی ئەبێت بە بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی کەسەکە کەم بکات** ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من فطر صائما كان له مثل أجره ، غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيء " ( صحيح الترغيب و الترهيب : ١٠٧٨ ) .

واتە : هەرکەسێك بەربانگ بە ڕۆژەوانێك بکاتەوە ئەوە پاداشتی ڕۆژووانەکەی دەست ئەکەوێت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەو کەسە کەم بکات . بەواتایەکی تر ئەگەر بەربانگ بە کەسێکی ڕۆژەوان بدەیت پاداشتی دوو ڕۆژ ڕۆژووت بۆ ئەنوسرێ و لە پاداشتی بەرامبەریش هیچ کەم ناکات .

**٧ ـ مانگی ڕەمەزان شەوی قەدری تیایە** ، کە خێری هەزار مانگی هەیە هەر وەك پەروەردگار ئەفەموێ : ﴿ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ﴾ ( القدر : ٣ ) ، واتە : شەوی قەدر لە هەزار مانگ چاکترە کە شەوی قەدریان تیا نەبێ .

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویەتی : " ومن قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا ، غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) ، واتە : هەرکەسێك شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

**٨ ـ عومرە کردن لە مانگی ڕەمەزاندا وەکو حەج کردنێك وایە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بە ئەنجامی بگەیەنی** ، هەروەك فەرموویەتی : " عمرة في رمضان تعدل حجة معي " ( صححه الألباني في : صحيح الترغيب والترهيب : ١١١٨ ) .

واتە : عومرەیەك لە ڕەمەزان وەك حەجێك وایە لەگەڵ مندا ئەنجامی بدەیت ، واتە پاداشتی حەجێکی هەیە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی بدەین .

**٩ ـ ئەم مانگە هۆکارێکە بۆ لێخۆشبوونی پەروەردگار لە تاوانەکانمان** ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " الصلوات الخمس والجمعة إلى الجمعة ورمضان إلى رمضان مكفرات لما بينهن إذا اجتنبت الكبائر " ( صحيح الجامع الصغير : ٣٨٧٥ ) .

واتە : پێنج فەرزەی نوێژ و جومعە بۆ جومعەکەی تر و ڕۆژووی ڕەمەزان بۆ ڕەمەزانەکەی تر ئەو تاوانانە ئەسڕنەوە کە لە نێوانیاندا ئەنجام ئەدرێت بەمەرجێك موسوڵمان خۆی لە تاوانە گەورەکان ( الكبائر ) بپارێزێت .

**١٠ ـ زانستی سەردەم سەلماندویەتی کە ڕۆژوو چارەسەرە بۆ زۆرێك لە نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەکان .**

**١١ ـ شەو نوێژ** ( التراويح ) **ی تیایە کە بە هەمان شێوە ئەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " ومن قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) .

**واتە : هەرکەسێك شەوانی ڕەمەزان بە تەراویح زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .**

**١٢ ـ پێغەمبەری خوا ﷺ لەم مانگەدا بەخشش زیاتر بوو : هەروەك** ( ابن عباس ) **یش فەرموویەتی :** " كان رسول الله ﷺ أجود الناس بالخير وكان أجود ما يكون في رمضان " ( متفق عليه ) .

**وا تە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس بەخشندە تر بوو ، وە لە ڕەمەزاندا لەهەموو کاتێك زیاتر بەخشندە تر دەبوو .**

**وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " إن الصدقة لتطفيء عن أهلها حر القبور ، وإنما يستظل المؤمن يوم القيامة في ظل صدقته " ( السلسلة الصحيحة / ٣٤٨٤ ) .

**واتە : صەدەقە کردن گەرمی ناو گۆڕ دەکوژێنێتەوە لە سەر خاوەنەکانی ، بڕواداریش لە ڕۆژی دواییدا لە ژێر سێبەری صەدەقەکەی دەبێت .**

**١٣ ـ لەم مانگەدا خەڵکی زیاتر گرۆتینی تیایە لە سەر خوا پەرستی و مزگەوتەکان زیاتر ئاوەدان ئەکرینەوە .**

**١٤ ـ لە هەمووی گرنگتر ڕۆژوو گرتنی ئەم مانگە یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " بني الإسلام على خمس : شهادة أن لا إله إلا الله ، وأن محمدا رسول الله ، وإقام الصلاة ، وإيتاء الزكاة ، وصوم رمضان ، وحج البيت " ( متفق عليه ) .

**واتە : ئیسلام لەسەر پێنج بنەما بنیات نراوە : شایەتی دان بەوەی کە هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرەستن بێت جگە لە** ( الله ) **، وە محمدیش ﷺ نێردراوی خوایە و شایستەی شوێن کەوتنە ، لەگەڵ ئەنجامدانی نوێژ ، و زەکات دان ، و ڕۆژوو گرتنی ڕەمەزان ، و حەج کردن .**

**بۆیە باوەڕی کەسێك تەواو نابێت تا بە ڕۆژوو نە بێت ، ئەوەش باوەڕی پێی نەبێت کافر ئەبێت .**

# فەزڵەکانی ڕۆژوو

**١ ـ یەکێك لە چاکەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە خوای پەروەردگار پاداشتی ڕۆژووی تایبەت کردوە بە خۆیەوە ، بەوەی کە پاداشتێکی بێ حیسابی ڕۆژووانان دەداتەوە ، هەر وەك پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ﷺ :** " كل عمل ابن آدم يضاعف الحسنة بعشر أمثالها إلى سبعمائة ضعف قال الله تعالى إلا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به يدع شهوته وطعامه من أجلي " ( متفق عليه ) .

**واتە : هەموو کردەوەیەکی ڕۆڵەکانی ئادەم پاداشتەکەی چەند جارەی خۆی زیاد ئەکرێت ، چاکەیەك بە (١٠) ئەوەندەی خۆی تاوەکو (٧٠٠) حەوت سەد ئەوەندەی خۆی ، خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : جگە لە ڕۆژوو ، ڕۆژوو گرتن بۆ منە و تەنها منیش پاداشتی ئەدەمەوە ، چونکە لە پێناو ڕەزامەندی من واز لە شەهەوەت و خواردن ئەهێنێت .**

**خوای گەورەش ئەفەرموێ :** ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ ( الزمر : ١٠ ) ، **واتە : بەڕاستی ئارام گران پاداشتی بێ ئەندازەیان ئەدرێتەوە .**

**٢ ـ ڕۆژوگرتن هۆکارێکە بۆ وەڵامدانەوە و گیرابوونی دووعا و پاڕانەوەکان ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ :** " إن لله تبارك وتعالى عتقاء في كل يوم وليلة ( يعني في رمضان ) وإن لكل مسلم في كل يوم وليلة دعوة مستجابة " ( صححه الألباني في : صحيح الترغيب و الترهيب / ١٠٠٢ ) .

**واتە : خوای پەروەردگار لەهەموو ڕۆژ و شەوێکی مانگی ڕەمەزاندا چەندەها کەس لە ئاگر ڕزگار ئەکات ، هەروەها بۆ هەموو موسوڵمانێکیش پاڕانەوەیەك هەیە تێیدا بپاڕێتەوە و وەڵامیش ئەدرێتەوە .**

**٣ ـ ڕۆژو و قورئان لە قیامەتدا شەفاعەت بۆ خاوەنەکەیان ئەکەن ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :** " الصيام والقرآن يشفعان للعبد يوم القيامة يقول الصيام أي رب إني منعته الطعام والشهوات بالنهار فشفعني فيه يقول القرآن رب منعته النوم بالليل فشفعني فيه فيشفعان " ( صحيح الجامع الصغير : ٣٨٨٢ ) ، **واتە : ڕۆژو و قورئانی پیرۆز لە ڕۆژی دوایی دا شەفاعەت بۆ خاوەنەکانیان دەکەن ، ڕۆژوو ئەڵێت : پەروەردگارم لە دونیادا خواردن و ئارەزووەکانم لێ قەدەغە کردبوو خوایە لەبەر من لێی خۆش بە ، قورئانیش ئەڵێت منیش شەوان خەوم لێی قەدەغە کردبوو ، جا خوایە لەبەر من لێی خۆش بە پاشان فەرمووی : خوای پەروەردگار لەبەر ئەوان لێی خۆش ئەبێت ، واتە هەردووکیان ئەبنە شەفاعەت کار بۆی .**

**٤ ـ ڕۆژووەوان دوو خۆشی هەیە هەروەك پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ﷺ :** " للصائم فرحتان يفرحهما : إذا أفطر فرح و إذا لقي ربه فرح بصومه " ( البخاري ) .

**واتە : ڕۆژووان دوو خۆشی هەیە و دەستی ئەکەوێت : ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێ خۆش حاڵ ئەبێت ، وە ئەگەر لە ڕۆژی دوایی بە خوای خۆی گەیشت خۆشحاڵە بە ڕۆژوو گرتنەکەی .**

**٥ ـ تام و بۆنی دەمی ڕۆژووەوان ـ لە ڕۆژی دواییدا ـ لە بۆنی میسك خۆشترە ، هەر وەك پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ﷺ :** " ولخلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك " ( متفق عليه ) .

**واتە : بۆنی دەمی ڕۆژوەوان ـ لە ڕۆژی دواییدا ـ لای خوای پەروەردگار لە بۆنی میسك خۆشترە .**

٦ . ڕۆژوو لە ڕۆژی دوایدا خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ ئەپارێزێ ، ئەگەر بە تەواوی و بێ کەم و کوڕی ئەنجامی بدات لە گەڵ نەکردنی تاوانی گەورە ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من صام يوما في سبيل الله بعد الله وجهه عن النار سبعين خريفا " ( متفق عليه ) .

واتە : هەرکەسێك لەپێناو ڕەزامەندی خوا ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت خوای پەروەردگار لە پاداشتدا حەفتا (٧٠) پایز . واتە : حەفتا ساڵ . ڕومەتی لە ئاگری دۆزەخ دور ئەخاتەوە .

٧ . خوای پەروەردگار یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشتی تایبەت کردووە بەوانەی بە ڕۆژوون و ناوی لێناوە ( الريان ) جگە لە ڕۆژوەوان هیچ کەس بۆی نیە لەو دەرگایەوە بڕواتە ژورەوە ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن في الجنة باب يقال له الريان يدخل منه الصائمون يوم القيامة ، لا يدخل منه احد غيرهم فإذا دخلوا أغلق فلم يدخل منه احد فإذا دخل آخرهم أغلق ، ومن دخل شرب ومن شربلم يظمأ أبدا " ( أخرجه البخاري : ١٨٩٦ ) .

واتە : بە یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشت ئەوترێت ( الريان ) لە ڕۆژی دوایی دا تەنها ڕۆژووەوانی لێ ئەچێتە ژوورەوە و هیچ کەسێك جگە لەوان لەم دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە ، ئەم دەرگایەش لە دوای چونە ژوورەوەی ڕۆژوانان دادەخرێت ، ئیتر کەس لێوەی ناچێتە ژوورەوە ، یان : ئەگەر دوا کەسی ڕۆژووانان چووە بەهەشتەوە ئەوا ئەم دەرگایە دادەخرێت ، ئەو کەسەش لەم دەرگایە بڕواتە ژوورەوە ئاوێك ئەخواتەوە ، وە ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە هەرگیز تینوی نابێت .

٨ . ڕۆژوو کەفارەتە بۆ تاوانەکانمان ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " فتنة الرجل في أهله و ماله و جاره تكفرها الصلاه و الصيام و الصدقة " ( متفق عليه ) .

واتە : نوێژو ڕۆژوو و زەکات کەفارەتی تاوانی ئەو فیتنانەن تۆشی پیاوان ئەبن لە ماڵ و سامان و کەس و کارو دراوسێ .

# بۆچی ڕۆژوو بگرین ؟

بۆ ئەوەی ئەم عیبادەتە نەبێتە جۆرێك لەعادەت و قورس نەبێت لە سەرمان پێویستە هەموو موسڵمانێك پرسیارێك لەخۆی بکات ئەویش بۆچی ڕۆژوو بگرین ؟ جونکە خەڵکێکی زۆر ڕۆژوو ئەگرن و نازانن بۆچی ڕۆژوو ئەگرن ئەم نەزانینە وامان لێئەکات جیاوازی نەکەین لەنێوان عادەت و عیبادەت ، چونکە تاوەکو ئامانج لەڕۆژوو گرتن دیاری نەکەین چێژ لەڕۆژوو گرتن نابینین ، دیاری کردنی ئامانجیش وامان لێئەکات هەموو تواناکانمان بخەینە گڕ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ، لە ڕەمەزاندا و لەگەرمای هاویندا خۆمان لە خواردنەوەی ئاوی سارد ئەگرینەوە و برسیمان ئەبێت و ماندو ئەبین لەپێناو چی ؟ ئەمانەوێ بگەینە چی ؟ بۆچی ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان لەسەرمان فەرز کراوە ؟ بە دڵنیاییەوە مەبەستی خوای پەروەردگار ئەوە نیە تینو و برسی بەندەکانی خۆی بکات و سزایان بدات ( نعوذ بالله ) چونکە خوای پەروەردگار لەکۆتایی ئایەتی ڕۆژوو ئەفەرموێ : ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ ﴾ ( البقرة : ١٨٥ ) .

واتە : خوا ئاسوودەیی و کار ئاسانی ئێوەی ئەوێ و لە ئەنجامدانی فەرزەکاندا نایەوێ بکەونە تەنگی وناڕەحەتی .

**بۆیە ئامانجە سەرەکیەکان لە ڕۆژوو گرتن ئەمانەن :**

**ئامانجی یەکەم** / جێبەجێ کردنە بۆ یەکێکە لە فەرمانەکانی خوا ، کە لە هەمان کاتدا یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام .

**ئامانجی دووەم** / ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە کردەوەیەکە لەدۆزەخ ڕزگارمان بکات هەر بۆیە سەبارەت بە ڕۆژوو پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ﷺ : " من صام يوما في سبيل الله بعد الله وجهه عن النار سبعين خريفا " ( متفق عليه ) ، واتە : هەر بەندەیەك لەبەندەکانی خوا لەپێناو خوای پەروەردگار ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت ، بەهۆیەوە خوای پەروەردگار (٧٠) حەفتا پایز. واتە : ساڵ. ڕومەتی لەئاگری دۆزەخ دور ئەخاتەوە .

چونکە ڕۆژوو قەڵایەکە موسڵمان ئەپارێزێت لە ئارەزوەکانی و ڕێگریشە لە تاوان ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " قال الله تعالى الصيام جنة يستجن بها العبد من النار وهو لي وأنا أجزي به " ( حسنه الألباني في : صحيح الجامع الصغير / ٤٣٠٨ ) ، واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ڕۆژوو پارێزەرە ، بە هۆیەوە بەندەی موسڵمان خۆی لەئاگری دۆزەخ پێدەپارێزێ .

هەروەها خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ ( البقـــرة : ١٨٤ ) ، واتە : بێگومان ڕۆژووگرتن چاکترە بۆتان ئەگەر بەم کارە بزانن .

**ئامانجی سێ یەم** / پێویستمان بە کردەوەیەك هەیە بەهۆیەوە بچینە بەهەشتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ( أبـــو أمامة ) دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی : " أتيت رسول الله ﷺ فقلت مرني بأمر آخذه عنك قال عليك بالصوم فإنه لا مثل له " ( صحيح سنن النسائي / ٢٢٢٠ ) ، واتە : هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و پێم وت : فەرمانم پێ بکە بە شتێك کە لە خۆتەوە وەری بگرم ، ئەویش فەرمووی : بەڕۆژوو بە ، بێگومان ڕۆژووش هاوشێوی نیە .

**ئامانجی چوارەم** / ئەم پەرستشە جیاوازە لە پەرستشەکانی تر هەروەك لە ڕیوایەتی ئیمامی بوخاری دا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " يترك طعامه و شرابه و شهوته من أجلي ، الصيام لي وأنا أجزي به ، و الحسنة بعشر أمثالها " ، واتە : ڕۆژوەوان واز لەخواردن خواردنەوە و ئارەزوکانی ئەهێنێ ، ڕۆژوو گرتن بۆ منە و تەنها منیش پاداشتی دەدەمەوە ، ڕۆژوو پاداشتێکی دیاری نەکراوم بۆ داناوە چاکەش بە دە ئەوەندەی خۆی پاداشت دەدرێتەوە .

**ئامانجی پێنجەم** / پێویستمان بەکردەوەیەك هەیە لە تاوانەکانمان بسرێتەوە و چاکەکانمان زیاد بکات بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " الصلوات الخمس والجمعة إلى الجمعة ورمضان إلى رمضان مكفرات لمـــا بينهن إذا اجتنبت الكبائر " ( رواه مسلم ) ، واتە : پێنج فەرزەی نوێژ و نوێژی جومعە بۆ نوێژەکەی تر و ڕۆژوی ڕەمەزان بۆ ڕەمەزانەکەی تر ئەو گوناهانە ئەسڕنەوە کە لەنێوانیاندا ئەنجام ئەدرێت ، بەمەرجێك خۆی بپارێزێت لە تاوانە گەورەکان .

**ئامانجی شەشەم** / پێویستمان بەکاتێك هەیە کە دڵنیابین دوعاکانمان تیایدا گیرا دەبێ پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ﷺ : " إن لله تعالى عتقاء في كل يوم وليلة لكل عبد منهم دعوة مستجابة " ( صحيح الجامع الصغير : ٢١٦٩ ) .

واتە : خوای پەروەردگار لە هەموو ڕۆژ و شەوێکی مانگی ڕەمەزان دا چەندەها کەس ڕزگار ئەکات هەروەها بۆ هەموو موسڵمانێکیش پاڕانەوەیەك هەیە تیایدا بپاڕێتەوە ، وەڵامیش دەدرێتەوە .

**ئامانجی حەوتەم** / پێویستمان بە کاتێك هەیە پەروەردگار لێمان خۆش بێت ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ( أبو هريرة ) ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەر فەرمووی ( آمين آمين آمـــين ) پاشان پرسیاریان لێ کرد

**ئەی پێغەمبەری خوا تۆ کاتێ ڕۆیشتیتە سەر مینبەر فەرمووت** ( آمين آمين آمين ) ؟ **فەرمووی لەوکاتەدا جبریل . سەلامی خوای لێ بێت . هاتە لام و فەرموی : هەر کەسێك لە ئوممەتەکەت مانگی ڕەمەزانی بەسەردا هاتوو خوا لێی خۆش نەبوو با بڕواتە دۆزەخەوە و خوا دوری کاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی ، بڵێ** ( آمين ) **، ئەفەرموێت : منیش وتم** ( آمين ) .

**لە هەمویشی گرنگتر جێ بەجێ کردنی فەرمانێکی گرنگە لە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار ، ئەمە جگە لەوەی لە ڕوی ڕەوشت و تەندروستی و ڕوەکانی تر سودمان پێدەگەیەنێ کە بە ویستی پەروەردگار لە بابەتەکانی تر دەچینە سەری .**

# سودەکانی ڕۆژووی ڕەمەزان

**کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء " ( متفق عليه ) ، **واتە : ئەی کۆمەڵی لاوان هەرکام لەئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو با ژن بهێنێت ، چونکە زیاتر چاو دەپارێزێت لە بینینی ناڕەوا ، و پارێزەریشە لە کەوتنە داوێن پیسیەوە ، ئەوەش توانای ژن هێنانی نەبوو با پەنا بەرێتە بە ڕۆژوو گرتن ، چونکە سەرکوت کەرەوەی ئارەزوەکانە .**

**دیارە حیکمەتێکی تیایە بۆیە ڕۆژوو گرتنی کردۆتە** ( **بدیل** ) **جێگرەوەی هاوسەر گیری . ئەم وتە بە نرخەیش پێویستە وەك گوارەیەك لە گوێی بکەین چونکە ڕۆژوو گرتن چەندین سود و قازانجی تیایە کە ئەتوانین سودەکانی ڕۆژو بکەینە دوو بەشەوە : لە ڕوی ئاینی و تەندروستی .**

### لە ڕوی ئاینیەوە :

- ✍ **نەفسمان پاك ڕائەگرێ و خۆیشمان ئەپارێزێ و ئاگری شەهوەت لە جەستەمان ئەکوژێنێتەوە ، بە مەش لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە ئەمانپارێزێت و تاوان کەمتر ئەکەین .**
- ✍ **تۆوی ڕحمەت و بەزەیی لە هۆش و ویژدان و دڵەکانمان ئەنێژێ و فێری ئارامگرتنمان ئەکات .**
- ✍ **وامان لێدەکات هەردەم هەژارانمان لە یاد بێت و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین .**
- ✍ **فێری چاکە کاریمان ئەکات و لە درۆ و دوو ڕووی و زمان پیسی ئەمان پارێزێ .**
- ✍ **فێری لە خوا ترسان و خوا پەرستی ڕاستەقینەمان ئەکات .**
- ✍ **دڵەکانمان نەرم ئەکا و گوێیەکانمان ڕائەهێنێ بۆ زیاتر گوێگرتن لە قورئان و ئامۆژگاری .**
- ✍ **باشترین ڕێگایە بۆ ڕزگار بوون لەتاوان .**
- ✍ **لە پلانە هەمیشەییەکانی شەیتان ئەمانپارێزێ .**
- ✍ **هۆکارێکە بۆ چونە بەهەشت و لێخۆشبوونی پەروەردگار لێمان .**

### لە ڕوی تەندروستیەوە :

**جەستەمان لە چەندین نەخۆشی ئەپارێزێت : هەروەك دکتۆر** ( عبدالعزيز أحمد ) **لە وتارێکی دا ئەڵێت : (( بە شێوەیەکی زانستیانە دەرکەوتوە کە ڕۆژوو وەسیلەیەکی سروشتی یە بۆ پاراستنی لەش لەهەندێ دەرد و نەخۆشی ، ئەمەش لەژیانی یەکە یەکەی ئەو خەڵکەدا بەدی دەکرێت ) ، هەروەها لەپاش تاقیکردنەوەیەکی زۆر**

لە سەر ئاژەڵ و گیاندارانی تردا دکتۆر ( روجية ) گەیشتە ئەم ئەنجامە : ئەو گیاندارانەی بۆ ماوەیەکی دیاریکرا و خواردن و خواردنەوەیان لێ قەدەغە بکرێت بەرگری و بەرەنگاریان بۆ نەخۆشی زۆرتر دەبێت تا لەپێش قەدەغە کردنەکە .

هەروەها ( ماکفارۆن ) کە یەکێکە لە پزیشکە ناودارەکان و زانایەکی پسپۆرە لە پزیشکی دا دەڵێت : (( باشترین شت بۆ پارێزگاری کردن لە لەش ساغی و چاك بوونەوە لە نەخۆشی ڕۆژووە )) .

هەروەها ئەم زانایە (( ڕایسپاردوە کە لە هەموو هەفتەیەکدا ڕۆژێك ڕۆژوو پێویستە بۆ هەموو مرۆڤێك خۆیشی لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك یان دو ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو ، وای دانابوو بەلای کەمەوە لەساڵێك دا (٣٠) ڕۆژ ڕۆژوو پێویستە )) .

هەروەها ئەم زانایە و ئەم پزیشکانەش (( تنەر ، کرسکۆم ، سەنگلەر ، ئەسکەندەر خۆر )) ڕۆژویان گرتوە و بۆ چارەسەری زۆر نەخۆشیش ڕۆژویان بەکارهێناوە .

پاشان دکتۆر ( عبدالعزيز أحمد ) ئەڵێت : ڕۆژوو بۆ ئەم دەردانەی خوارەوە باشترین دەرمانە ( قەڵەوی ، پەیدا بوونی ورگ ، گریێ گرێ بوونی دەمارەکان ، کۆبوونەوەی ترشی میز لە دەمەرەکاندا ، لمی گورچیلە ، لمی زراو ، سەرئێشەی زۆر ( شقيقة ) لەگەڵ تێکچوونی هەرس ، بەرزبونەوەی پەستانی خوێن ( ضـغط ) ، تێکچوونی هەمیشەیی ڕیخۆڵەکان ، نەخۆشی جومگە و چەندەها نەخۆشی تریش )) .

هەروەها دکتۆرە ( إبتـسام عبـدالحليم ) دەڵێ : ( ماکفادۆن ) ی زانای بەناوبانگی ئەمریکی لە کتێبەکەی دا نوسیویەتی دەڵێ : هەموو مرۆڤێك پێویستی بە ڕۆژوو هەیە با نەخۆشیش نەبێ ، چونکە کۆبونەوەی ژەهری خۆراك و داودەرمان لە لەشدا ، ئادەمیزاد وەك نەخۆش لێدەکات ، کاتێ کە بەڕۆژوو بوو کێشی ( وزن ) ی کەم دەبێتەوە و ئەو ژەهرانەش لە لەشیدا نامێنن .

هەروەها دکتۆرە ( إبتسام عبدالحليم ) ئەڵێ : هەندێ لە دکتۆرەکانی پسپۆری پێست باسی سودی ڕۆژویان کردوە بۆ پاراستنی پێست لە نەخۆشی و ئەڵێن : پەیوەندی خواردن بە نەخۆشیەکانی پێستەوە بەتینە ، لەبەر ئەوەی خۆگرتن لە خواردن و خواردنەوە بۆ ماوەیەك ، ڕێژەی ئاو و خوێن لە لەشدا کەم دەکاتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونی ئاو لە پێستدا ، لە ئەنجامدا بەرگری پێست . بۆ نەخۆشی یە بە ئازارەکانی زۆر دەبێ .

لە هەموویشی گرنگتر هەموو پەرستشەکانمان بۆ خۆمانە تەنها ڕۆژوو نەبێت کە بۆ خوای پەروەردگارە ، دەبا هەوڵ بدەین بە پاکترین و جوانترین و باشترین شێوە ڕۆژوەکانمان برازێنینەوە و پێشکەشی پەروەردگارمانی بکەین ، بە ئومێدی ئەوەی لە هەموومانی وەربگرێ ( اللهم آمين ) .

# مەترسی ڕۆژوو نەگرتن

باوەڕداری یەك خوا پەرست : ئێستا زانیت بۆچی دەبێ بە ڕۆژوو بین لەگەڵ ئەوەشدا کە سودەکانی ڕۆژومان ڕون کردەوە کەچی ئەوەی خستمە ڕو مشتێك بو لەخەرمانی سودەکان و فەزڵەکانی ڕۆژوو هەر بۆیە لەو باوەڕەدا نیم کە کەسێك بتوانێ تەنها یەك زەرەری ڕۆژوو گرتنم پێ بدات ، لەگەڵ ئەوەشدا خوای پەروەردگار دەرفەتی ئەو نەخۆش و پەکەوتوانەی داوە ئەگەر ڕۆژوو بۆ تەندروستیان باش نەبێت تەنانەت ئەم پزییشکانە ( ماکفارۆن ، تنەر ، کرسکۆم ، سەنگلەر ، ئەسکەندەر خۆر ) ڕۆژویان گرتوە و بۆ چارەسەری زۆر نەخۆشیش ڕۆژویان بەکارهێناوە . لەکاتێکدا ڕەنگە موسڵمانیش نەبوبێتن کەچی تۆی موسڵمان ڕۆژوو ناگریت بۆچی ؟

ئیتر نازانم ئەوانەی ڕۆژوو ناگرن چ بیانویەکیان هەیە حەق وایە ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەن ( بۆچی ڕۆژوو ناگرن ) ؟ بڵێ ی بیانوەکەیان لەقیامەت سودی هەبێ ؟ لەو بڕوایەدا نیم چونکە ئەوانەی ڕۆژویان لەسەر نیە دیاری کراون ، پرست بە کێ کردوە ڕۆژوو ناگریت ؟ کێ ڕێگەی پێداوی ؟ هۆکاری ڕۆژوو نەگرتنت چییە ؟ تەنها وەڵامێکم ئەوێ ڕاشکاوانە پێم بڵێ چونکە وەك برایەکی دڵسۆزت لەپاشە ڕۆژت ئەترسم حەزناکەم بچیتە دۆزەخەوە ، ئەزانی ئاکامی ڕۆژوو نەگرتنت چیە ؟ ئەزانی چ تاوانێك ئەنجام ئەدەی ؟ تاوانی پشت گوێ خستنی یەکێك لە پایە گرنگەکانی ئیسلام کە ئەگەر باوەڕت پێی نەبێ کافر ئەبی . واتە بۆ هەتاهەتایە مانەوە لەئاگری دۆزەخ . وە ئەگەر باوەڕت پێیەتی بۆچی پشت گوێی ئەخەی ؟ بۆچی لەژیانی خوێندن ناتوانی یەکێك لەبابەتەکانی خوێندن پشت گوێ بخەیت و تەرکی بکەی ؟ چونکە ئەزانی بەهۆیەوە یەك ساڵی خوێندنت لەدەست ئەچێ و ڕاسب ئەبیت ، ئەی ناترسیت بە ڕۆژوو نەگرتن قیامەتت لە دەست بچێت ؟ تاقیکردنەوەی قوتابخانە قەرەبوو ئەکرێتەوە بەڵام کە مردی هیچ شتێك قەرەبووی یەك ڕۆژ ڕۆژوو گرتنت بۆ ناکاتەوە ، چونکە دەرفەتی ئەوەت نامێنێ هەروەك پەروەردگار لەبارەی حاڵی پاش مردنی ئەو جۆرە کەسانە ئەفەرموێ : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ــ ١٠٠ ) .

واتە : کاتێ کە مردن یەخەی پێگرتن و لە دونیا دابڕان ئەو کاتە ئەڵێ : ئەی پەروەردگارم بمگێڕەوە ( بۆ دونیا ) بەڵکو کردەوەی چاك بکەم ( لە بری ئەوەی نەمکردوە ) لەو تەمەنەی لەدەستم چوو ، نەخێر بێگومان ئەمە تەنها قسەیەکە ئەو ئەیڵێ و لەپاش مرنیشیان لەژیانی بەرزەخی دا ئەژین تا ڕۆژێك زیندو ئەکرێنەوە .

بۆچی بۆ بەڕێوەبەری کارەکەت بەڵێ گەورەم ئەکەیت ؟ تەنانەت ئەگەر بەدڵیشەوە نەیکەیت ، کەچی ڕۆژوو ناگریت و دەشزانیت سزای پەروەردگار سەختە بۆ ئەوانەی سەرپێچی ئەکەن وەك ئەفەرموێ : ﴿ وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَى عَلَى مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ ﴾ ( الزمر : ٥٥ ــ ٥٦ ) .

واتە : شوێن باشترین بەرنامە ( قورئان ) بکەون کە پەروەردگارتان بۆی ناردون ، پێش ئەوەی لە پڕێکا سزاکەتان بۆ بێت بەبێ ئەوەی بەخۆتان بزانن ، لەو کاتەدا کەسانێك بڵێن : ئەی داخ لەسەر کەمتەرخەمیم لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا و گوێڕایەڵی کردنی ، بێشك لەو کارەمدا وەکو گاڵتە کارانیش بووم بە ئاین و کتێبی خوا .

ئایە قورئان فەرمانمان پێ ناکات کە ڕۆژوو بگرین ؟ ئەوانەی ڕۆژوو ناگرن بزانن ڕۆژوو لەسەر کێ فەرز نیە شەرم لەخۆیان ئەکەن و دائەنیشن و ئەگرین بۆ ئەو ساڵانەی بەڕۆژوو نەبوون ، بەڵام ئەگەر یەك تۆز تێڕامان و بیرکردنەوەی هەبێ چونکە ئەوانەی کە ڕۆژویان لەسەر نیە بەچەن خاڵێك ئەیخەمە ڕوو بزانە تۆ لەکام کۆمەڵەی :

یەکەم / کەسێکی کافر و بێ باوەڕ کە لەدۆزخ دا بۆ تاهەتایە ئەمێنێتەوە ، ئایە تۆ کافریت ؟ ئەی بۆچی ڕۆژوو ناگریت ؟

دوەم / مناڵێکی نەفام تەمەنی نەگەیشتبێتە قۆناغی باڵغ بوون ، ئەگەر یەکێك پێت بڵێت بۆ ئەوەندە مناڵیت لەوەڵامدا چی پێ ئەڵێیت ؟ دڵنیابە بۆت بکرێت دەم کوتی ئەو کەسە ئەکەیت ، ئەگەر کەسێك باڵغ بێ و ژیر بێ

چۆن خۆی ئەخاتە تەمەنی منداڵێك كە هێشتا مێشكیشی كامڵ نەبوە ، ئایە تۆ مێشكت كامڵ بوە یان هێشتا هەر منداڵیت ؟ تەنانەت گەر وایش بێت بیانویەكی لاوازە و وەرنەگیراوە ڕەنگە بتوانی خۆت و خەڵكی هەڵخەڵەتێنی بەڵام ناتوانی فێڵ لە خوای پەروەردگار بكەیت چونكە وەك ئەفەرموێ : ﴿وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ ٱللَّهُ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ﴾ ( آل عمران : ٥٤ ) .

واتە : لەولایشەوە دوژمنانی دینی خوا فێڵیان كرد بەڵام خوای پەروەردگاریش فێڵی لەگەڵ كردن و فڕو فێڵەكەیانی پوچەڵ كردەوە .

بۆیە ئاگای لێتە كە ڕاست ناكەیت ، ئایە تۆ منداڵێكی باڵغ نەبوی كە ڕۆژوو ناگریت ؟ یان خۆت ئەخەڵەتێنی ؟ نازانم براو خوشكی ژیر ئێوە چی ئەڵێن ؟

سێیەم / كەسێك نەخۆشیەكی درێژخایەنی هەبێ و ئومێدی چاك بوونەوەی نەبێت ، ئەگەر كەسێكی لەش ساغیت بۆ شوكری خواناكەیت و ڕۆژوو ناگریت ؟ یان ئەتەوێ نەخۆشیەكی كوشندە بگریت ؟ لەش ساغەكان ئێوە ئەڵێن چی ؟ خۆزگە بە نەخۆشەكان ئەبەن ؟

چوارەم / كەسێكی شێت كە عەقڵی لەدەست دابێت ، ئایە ڕازیت ڕۆژانە یەكێك پێت بڵێت شێت ؟ كاردانەوەت چۆنە بۆ ئەوانەی پێت ئەڵێن شێت ؟ چەندین بەڵگە ئەهێنیتەوە و هەڵ ئەدەی بیسەلمێنی و توڕە ئەبیت لێ ی و ڕەنگە لێیشی بدەی تەنانەت ئەگەر باوك و دایكیشت وات پێ بڵێن ، باشە ئەگەر شێت نیت بۆچی ڕۆژوو ناگریت ؟ ئەگەر خۆیشت بەشێت ئەزانیت ئەوا خوای پەروەردگار ئەزانێت ڕاست ئەكەیت یان درۆ وەك خۆی ئەفەرموێ : ﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ﴾ ( غافر : ١٩ ) .

واتە : ئەو خوایە هەمیشە بە ئاگایە لە چاوە خیانەتكارەكان و بەوەش كە سینەكان حەشاری ئەدەن ) واتە چی لە دڵماندایە خوا ئاگای لێیەتی . براو خوشكی موسڵمان ئەی ئێوە چی ئەڵێن ؟

پێنجەم / ئافرەتێكی سك پڕ یان شیردەر ، ئەمەش بەو مەرجەی ڕۆژوەكەی زیانی بۆ خۆی یان منداڵەكەی هەبێ ئایە خۆت لەم كۆمەڵەیە ئەبینیتەوە یان چی ؟ ئەی بۆ ڕۆژوو ناگریت ؟ كوڕان و كچانی باوەڕدار ئێوە چی ئەڵێن ؟

شەشەم / ئافرەتێك لە سوڕی مانگانەدا بێت تا پاك ئەبێتەوە ، برای موسڵمان ئەی تۆ چی ؟ بۆ ڕۆژوو ناگریت ؟

حەوتەم / ژن و پیاوی بەساڵاچوی پەككەوتە ، ئایە تۆ تەمەنت گەیشتوەتە ئاستێك بیكەیتە بیانوو بۆ ڕۆژوو نەگرتن ؟ براو خوشكی لاو ئەی ئێوە وەڵامتان چییە ؟

لەگەڵ ئەوەی باسمان كرد ئەو شەش بەشە هەر شتێكیان لەسەرە ئەنجامی بدەن ، كەسێكی كافر تا ئەو كاتەی موسڵمان نەبێت ڕۆژوی لەسەر نیە . منداڵی نەفام كە باڵغ بوو ڕۆژوی لەسەرە ، كەسی نەخۆشی درێژخایەن و پیرو بەساڵاچوان ئەبێ فدیە بدەن ، شێت كە باش بووەوە ڕۆژووی لەسەرە ، ئافرەت لە سوڕی مانگانە بوو ئەبێ قەزای بكاتەوە ، ئافرەتی شیردەر فدیەی لەسەرە . باشە ئەی تۆ لەكام كۆمەڵەی لەوانەی سەرەوە نەڕۆژوو ئەگریت و نە فدیەش ئەدەیت ئەم ئاینە تازەیەت لەكوێوە هێناوە وەك پەروەردگار ئەفەرموێ :

﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ ( الشورى : ٢١ ) .

واتە : ئاخۆ ئەوانەی ڕێگای خواناسی ناگرن ، ئایە کەسانێك هەن بەرنامە ڕێژیان بۆ بکەن کە لەئاییندا چەند یاساو بەرنامەیەکیان بۆ داهێنابن کە بە هیچ شێوەیەك خوا مۆڵەتی نەدابن ، ئەگەر بەڵێنی خوا نەبوایە بە دواخستنی سزا بۆ ڕۆژی قیامەت ئەوا هەر زوو لە دونیادا بڕیار درابوو لە نێوان ئەوان و ئیماندارەکاندا ، بێگومان بۆ ستەمکاران و هاوەڵ بڕیاردەران سزایەکی بە ئازار هەیە .

لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کام لەخاڵە کان پیاو و کوڕێکی موسڵمانی لەش ساغی ژێر ناگرێتەوە . بەهەمان شێوە جگە لەخاڵی ( ٥ و ٦ ) هیچ خاڵێکی تر دایکان و کچانی موسڵمانی لەش ساغی ژێر ناگرێتەوە لەم دو حاڵەتەش قەزا کردنەوە یان فدیە دانیان لەسەرە ، کەچی هەندێکیان نە قەزا ئەکەنەوە و نە فدیە ئەدەن .

بۆیە لێرەدا پێت ئەڵێم ئەگەر ئەتەوێ سزای ڕۆژوو نەگرتن بزانیت ئەوا بەجوانی و بەچاوی دڵت ئەم فەرمودەیە بخوێنەوە و لێکی بدەرەوە ، لە ( أبو أمامة البـاهلي ) ەوە دەگێڕنەوە فەرمویەتی : بیستم پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو : کاتێکیان خەوم لێ کەوتبوو ، دوو پیاو هاتنە لام و کردیان بە قوڵمدا ، تا بردمیان بۆ لای شاخێکی سەخت ، پاشان پێیان وتم : سەرکەوە ، وتم : من توانای ئەوەم نیە ، وتیان : بۆت ئاسان دەکەین ، منیش سەرکەوتم تا هەندێك ڕۆیشتینە سەرەوە لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێکی توند بوو ، وتم : ئەو دەنگە چییە ؟ وتیان : هاوار وناڵەی دۆزەخییەکانە ، بەرەو سەرەوە برام ، لە ڕێگادا چاوم کەوتە سەر کۆمەڵە کەسانێك بە پشتە پێیانەوە هەڵواسرابوون و لێوەکانیان شەقار شەقار کرابوو و خوێنی لێدەهات ، دەفەرمووێ : پێم وتن : ئەو کەسانە کێن ؟ وتیان ئەوانەن کە بەربانگ دەکەن پێش ئەوەی کاتی ڕۆژوویان تەواو بێت . واتە پێش ڕۆژ ئاوابوون ، ڕۆژووەکەیان دەشکێنن ... ) باشە ئەگەر ئەمە سزای کەسێك بێت تا ئێوارە بەڕۆژوو بێت و لەبەر ئەوەی بەر لە ڕۆژئاوا بوون ڕۆژوەکەی بشکێنێ واتە بەر لەوەی کاتی شەرعی بێت . پێش خۆر ئاوا بوون ڕۆژوەکەی بشکێنێ ئاخۆ سزای ئەوانە چۆن بێت کە هەر بەڕۆژوو نابن بگرە ئازاری خەڵکیش ئەدەن و لەپێش چاویان نان و ئاوی سارد ئەخۆن ، دڵنیابە سزاکەیان لە سزای ئەمانە زۆر سەخت ترە .

ئێستا زانیت سزای بەڕۆژوو نەبوون چیە ؟ ئەکرێ پێم بڵێیت بۆچی ڕۆژوو ناگریت ؟ لەبەر تینوێتی ، ئەی نازانی لەدۆزەخ چ ئاوێك بە دۆزەخیەکان ئەدەن ؟ هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا ﴾ ( الكهف : ٢٩ ) .

واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ : هەق و ڕاستی تەنها هەر ئەوەیە کە لای پەروەردگارتانەوە هاتووە بۆتان ، کەواتە دوای ئەو بێ دینە غافڵانە مەکەون ئینجا پاش دەرکەوتنی هەق و ڕاستی ، هەمووشتان سەربەستن ، کێ باوەڕ دێنێ و موسڵنان ئەبێت ، با باوەڕ بێنێ ، کێیش ئەیەوێ کافر و بێ باوەڕ بێت ، با هەر کافر بێت ، بێگومان ئێمە ئاگرێکی گەرممان بۆ ستەم کارانی کافران ئامادە کردوە کە گڕو بڵێسەی وەك پەردەی خێوەت هەموو لایەکی گرتوون ، خۆ ئەگەر زۆریان بۆ هات و هاواریان لێ بەرز بووەوە و داوای ئاویان کرد ئاوێکیان فریا دەخرێ وەك قوڕقوشمی تواوەیە ، و دەم و چاویان لەبەر زۆر گەرمی هەڵدەکڕوزێ و دەیبرژێنێ ، ئای چ خواردنەوەیەکی نالەبار و خراپە ئەو ئاوە ، ئای چ ژینگە و جێیەکی نالەبار و خراپە ئەو دۆزەخە !!

یان لەبەر برسێتی ڕۆژوو ناگریت ؟ ئەی نازانی لەدۆزەخ چ خوادنێك بە دۆزەخیەكان ئەدەن ؟ هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ لَا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ ﴾ ( الغاشية ٦ ــ ٧ ) .

واتە : هیچ خواردنێكیشیان پێ نادرێ جگە لە ڕوەكێكی وشك و تاڵ ، ئەویش نە ئەوەیە گۆشتی پێ بگرن و قەڵەویان بكات ، نە ئەوەیشە كە برسێتیان لاباو پێی بژین بە پێچەوانەی خواردنی دونیا .

یان لەبەر گەرما ڕۆژوو ناگریت ؟ ئەی نازانیت ئاگری دۆزەخ زۆر گەرم ترە ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَكَرِهُوا أَن يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَالُوا لَا تَنفِرُوا فِي الْحَرِّ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ ﴾ ( التوبة : ٨١ ) .

واتە : دووڕوەكان پێیان خۆش نەبوو بە سەروەت و سامان و گیانی خۆیان لە ڕێگەی خوادا تێبكۆشن ، بە یەكتریان ئەوت : لەم كاتی گەرمایەدا دەرمەكەون و مەڕۆن بۆ جەنگ ، ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ : ئاگری دۆزەخ گەرمترە لە گەرمای هاوین ئەگەر ژیر و تێگەیشتوو بونایە چاك تێدەگەیشتن .

لەبەر تەمەڵی و كەمتەرخەمی ڕۆژو ناگریت ؟ ئەی نازانیت سەرپێچی كردنی پەروەردگار چی بەدواوەیە ؟ پەروەردگارمان ئەفەرموێت : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ ( النساء : ١١٥ ) .

واتە : هەركەسێك پاش ئەوەی ڕێگەی هەق و ڕاستی بۆ دەركەوتوو شارەزای دینی خوا بوو دژایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بكات و ڕێگا و ڕێبازێ بگرێتە بەر كە ڕێگای ڕاستی باوەڕداران نەبێت ئێمەش ڕوی ئەكەینە ئەو بەرنامە و ڕێگایەی بەئارەزوی خۆی لە دونیا هەڵیبژاردوە ، ئیتر ئێمە وازی لیێ ئەهێنین و حەقمان نیە بە سەریەوە ، و لە قیامەتیشدا ئەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە ئای كە دۆزەخ جێ و ڕێیەكی زۆر سامناك وخراپە و بۆیان ئامادە كراوە.

لەبەر ماڵ و منداڵ ڕۆژو ناگریت و كاسبیان بۆ ئەكەیت ؟ ئەی نازانی پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ وَاخْشَوْا يَوْمًا لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِ شَيْئًا إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ ﴾ ( لقمان : ٣٣ )

واتە : ئەی خەڵكینە خۆتان لە سەرپێچی پەروەردگار بپارێزن و فەرمانەكانی جێبەجێ بكەن و لێی بترسن و لەو ڕۆژەش بترسن كە هیچ باوكێك هیچی لەدەست نایەت بۆ كوڕەكەی ، وە هیچ منداڵێكیش هیچی پێ ناكرێ بۆ باوكی خۆی . واتە : لاڵە و پاڕانەوە لەو ڕۆژەدا بە كردەوەی چاك نەبێت هیچ كەڵكی نیە . بێگومان بەڵێنی خوا بە هاتنی ڕۆژی دوایی و قیامەت ڕاستە ، وریا بن ژیانی ئەم دونیایە فریوتان نەدات نەفس و شەیتانیش بە مۆڵەتدانی خوا چەواشە و سەرگەردانتان نەكا و فریوتان نەدات .

یان لە ترسی رزق و ڕۆزی ڕۆژو ناگریت ؟ ئەی نازانی پەروەوەردگارمان ئەفەرموێ : ﴿ لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَّحْنُ نَرْزُقُكَ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴾ ( طه : ١٣٢ ) .

واتە : داوای رزق و ڕۆزی لەتۆ ناکەین بەڵکو ئێمە خۆمان رزق و ڕۆزی و بژێوی بەتۆ ئەدەین ، جا کەوایە ئەوەندەش بە کاروباری رزق و ڕۆزیەوە خۆت سەرقاڵ مەکە سەرئەنجام و پاشەڕۆژی چاك و پیرۆزیش تەنها هەر بۆ خەڵکانی پارێزگار و بە تەقوایە ئەوانەی سنورەکانی خوا ئەپارێزن .

یان لەبەر خۆشی و چێژی دونیا ڕۆژو ناگریت ؟ ئەی نازانی پەروەردگارمان ئەفەرموێت : ﴿ يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ ﴾ ( غافر : ٣٩ ) .

واتە : ئەی هۆزەکەم بەڕاستی ژیانی ئەم دونیایە تەنها لەززەت بردنێکی بەپەلەیە و بەڕاستی تەنها ماڵەکەی تر ( بەهەشت ) جێی هەمیشەیی و حەوانەوەیە .

بەداخەوە ئەگەر ئەمانە بیانوەکانتان بێت . هەرچەندە هەندێك بیانوی خراپتریان هەیە لەوانەش ئەڵێن : ناتوانم جگەرە نەکێشم ، بەداخەوە فەرمانی پەروەردگاری ئەشکێنێ بۆ جگەرەیەکی بێ گیان کە لەزەرەر زیاتر هیچی لە دەست نایەت لەکاتێکدا لەبەردەم بەڕێوەبەری کارەکەی ناوێرێ جگەرە بکێشێ چونکە قەدەغەیە ، لە دیك و باوك و لەلۆمەی خەڵکی ئەترسێ ، کەچی لەخوا ناترسێ و بەڕۆژوو نابێت لەکاتێکدا خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ﴾ ( الأحزاب : ٣٧ ) .

واتە : تۆ لە خەڵکی ئەترسیت خۆ خوا شایستە ترە و لەپێش ترە تۆ لێی بترسیت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەیت .

ئەی ناترسن لەسەر ئەم حاڵەتە بمرن ؟ وەڵامتان چی ئەبێ ؟ ئەڵێن خوایە دەرفەتمان بدە بگەڕێینەوە دونیا و ڕۆژوو بگرین ؟ خەڵکێکی زۆر وا ئەڵێن ، بەداخەوە لەژیاندا وەڵامی ئەم بیانوەش ئەزانن بەڵام خۆشەوستیان بۆ خۆشیە کاتیەکانی دونیا زاڵ بوە بەسەریانەوە وەك خوای پەروەردگار سەبارەت بەحاڵیان ئەفەرموێ : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنْسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ أَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنْتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ قَالُوا رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْماً ضَالِّينَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ قَالَ اخْسَؤُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيّاً حَتَّى أَنْسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنْتُمْ مِنْهُمْ تَضْحَكُونَ إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوا أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ــ ١١١ ) .

واتە : ئەوانەی هەر درێژە بە کاری خراپە و بێ بڕوایی خۆیان ئەدەن تاکاتێ مردن یەخەی یەکە بەیەکەیان ئەگرێت و ئەحواڵی ئاخیرەتی بۆ ئاشکرا ئەبێ ئەوسا ئەڵێ : پەوەردگارم بمگێرەوە بۆ دونیا بەڵکو ئەو کارە چاکەی لەدونیا لەدەستم چوو بیکەم ، نەخێر هەرگیز ئەو داخوازیە جێبەجێ نابێت ، ئەوەیش هەر قسەیە و ئەو بەناچاری ئەیکات وەتا ئەو ڕۆژەی زیندو ئەکرێنەوە لەمپەرێکی زۆر گەورەیان لەپێشدایە و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ دونیا ، واتە : هەرگیز ناگەڕێنەوە و هەر لە سزاشدا ئەبن ، ئینجا لەجاری دوەمدا فو کرا بە (صور) دا بۆ زیندو بوونەوە ، ئیتر لەبەر قورسی و نارەحەتی ئەو ڕۆژەیە ، هیچ نەسەب و خزمایەتیەك لەنێوانیاندا ناخوێنرێتەوە ، چونکە هەر کەسەو سەرقاڵ و سەرگەرمە بە حاڵی خۆیەوە ، دەرفەتی نیە تا ئاوڕ بەلای خزمەکەیەوە بداتەوە ، تەنها کردەوەی چاك و بڕوای چاك کەڵکی دەبێ بۆی ، وە لەیەکتریش ناپرسن ،

ئینجا ئەو کەسەی تەرازووی کێشانەی کردەوەکانی قورس و سەنگین بێ ئەوە ئەوانە سەرفراز و ڕزگار ئەبن ، هەرکەسێکیش تەرازوی چاکەی سووك بێ ، واتە خراپەکانی لە کردەوە چاکەکانی زیاتر بێت ئەمانە ئەو کەسانەن زیانیان بەخۆیان گەیاندوە و گومڕا و بەدبەخت بوون و خۆیانیان لە کیس چووە و بە هەتا هەتاییش لە دۆزەخدا ئەمێننەوە و هەرگیز ڕزگاریان نابێت ، گڕو بڵێسەی ئاگر ڕومەتیان ئەبرژێنێ و لێوەکانیشیان هەڵدەقرچێ ( لەپاش ئەم سزایەش خوای پەروەردگار سەرزەنشتیان ئەکاو ئەفەرموێ ) : ئایە کاتی خۆی لەدونیادا ئایەتەکانی ئێمەتان بەسەردا نەدەخوێندرایەوە ؟ کەچی لەگەڵ ئاشکرا و ڕونیشیاندا هەر بڕواتان پێ نەدەکردن ؟ ئەوجا وائەزانن ئەگەر پێ لێ بنێن بەو کارەیان ڕزگار ئەبن و بەهرەمەند ئەبن ، بۆیە : بە کەساسیەوە ئەڵێن : پەروەردگارمان نەگبەتی و بەدبەختی بەسەرماندا زاڵ بوو وە گەلێکی سەر لێشێواو بووین ، پەروەردگارمان لەو ئاگرە دەرمانکە و بمانگەڕێنەوە بۆ دونیا ئەوجا ئەگەر ئەم جارەش گەڕاینەوە بۆ سەر کردەوەکانی پێشومان ، بەڕاستی ئێمە کەسانێکی ستەمکارین ، پەروەردگاریش ئەفەرموێ : بە زەلیلی و سەر شۆڕی تیایدا بمێننەوە و قسەم لەگەڵ مەکەن ، کاتێك دەستەیەك لە بەندەکانم ئەیان ووت پەروەردگارمان ئێمە بڕوای تەواو و جێگرمان بەتۆ هێنا جا تۆش لێمان خۆش بە و بەزەییت پێمانا بێتەوە ، چونکە تۆ چاکترین زاتێکی کە لە هەموو میهرەبانێك میهرەبانتری ، بەڵام ئێوە ئەوانتان کردە جێگای گاڵتە پێکردنی خۆتان تا ئەو ڕادەیەی خەریك بونتان بە گاڵتە کردن بەوانەوە ناوی منی لەبیرتان بردەوە و بەردەوام بەوان پێدەکەنین جا با بزانن ئەمڕۆ منیش . لەم ڕۆژە سەختەدا . بەهۆی ئارام گرتن و خۆگرتنیانەوە پاداشتیانم دایەوە کە تەنها ئەوان سەربەرز و بەختیارن .

لە هەمویشی مەترسی دارتر ئەوەی ڕۆژوو نەگرێ ئەگاتە ئەو ڕادەیەی تەواوی ناسنامەی موسوڵمانی کامڵی خۆی لەدەست بدات چونکە پێشەوا محمدی کوڕی عبدالوهاب لە پێناسەی ئیسلام فەرموویەتی :

یەکەم / ( الاستسلام لله بالتوحید ) ، واتە : تەسلیم بوون بۆخوای پەروەردگار بەیەکتا پەرستی . ئەگەر یەك خوا ئەپەرستی بۆ ڕۆژوو ناگری ؟

دووەم / ( الانقیاد له بالطاعة ) ، واتە : موسوڵمانێك بیت گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی بیت ﷺ ، ئەگەر خۆت بە گوێڕایەڵ ئەزانیت بۆچی بێ فەرمانی ئەکەیت لەکاتێکدا ڕۆژوی فەرز کردوە کەچی ڕۆژوو ناگریت ؟

سێیەم / ( الخلوص من الشرك والبراء ة من أهلــه ) ، واتە : پاك بونەوە لە هاوەڵ بڕیاردان و بێ بەری بوون لە هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوا . ئەگەر خۆت بێ بەری ئەکەی لە هاوەڵ بڕیاردەران بۆچی ڕۆژوو ناگریت لە کاتێکدا ئەوان باوەڕیان بەڕۆژووی موسوڵمانان نیە ؟ ئەتۆش بەم کارەت خۆت دەشوبهێنی بەوان!! دەنا بۆچی پێچەوانەیان ناکەیتەوەو ڕۆژوو ناگریت ؟

بۆیە تەنها پێت ئەڵێم خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُولَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ ( البقرة : ٨٢ ) .

واتە : وە ئەوانەی باوەڕی تەواویان هێنا و کردەوەی چاکەیان کرد ، ئەوانە ئەهلی بەهەشتن و بە هەمیشەیی تیایدا ئەمێننەوە .

دڵنیابە تاوەکو ڕۆژویش نەگریت باوەڕت تەواو نیە ، باوەڕیشت تەواو نەبێت ئەتەوێ بەئاسانی بچیتە بەهەشتەوە ، ئەی نازانی ئەو کەسانە ئەچنە بە هەشتەوە کە سیفاتیان لەو ئایەتە باس کراوە ، بۆ بەدەست

**هێنانی ئەو سیفاتانەش ئەبێ ڕۆژوو بگرین ، نەك ئەوانەی خوای پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێ :** ﴿ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْواً وَلَعِباً وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاء يَوْمِهِمْ هَذَا وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ ﴾ ( الأعراف : ٥١ )
.

**واتە : ئەوانەی کە ئاینەکەی خۆیان کردبوە جێگەی گاڵتە جاری و بێ سوودی ، وە ژیانی دونیا فریوی دان ، بۆیە ئەمڕۆ هیچ بایەخێکیان بۆ دانانەین هەروەك چۆن ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لەبیری خۆیان بردبوەوە و نکوڵیان لە ئایەتەکانی ئێمە ئەکرد .**

**ئێستا پێم بڵێ بۆ ستەم لەخۆت ئەکەیت ؟ بەسیەتی خۆ هەڵخەڵەتاندن ، بەسیەتی تەمەڵی و کەمتەرخەمی ، پەشیمان بەرەوە و بیر لەم یایەتە بکەرەوە کە پەروەردگار ئەفەرموێت :** ﴿ وَأَنذِرِ النَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ الْعَذَابُ فَيَقُولُ الَّذِينَ ظَلَمُواْ رَبَّنَا أَخِّرْنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ الرُّسُلَ أَوَلَمْ تَكُونُواْ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ ﴾ ( إبراهيم : ٤٤ ) .

**واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ خەڵکی ئاگەدار بکەرەوە لەسەختی و ناڕەحەتی ڕۆژێك کە سزاو ئەشکەنجەی خوایان بۆ دێت جا ئەوانەی ستەمیان کردوە ، کاتێ سزاکە ئەبینن ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت مۆڵەتمان بدە و ئاکاممان دوابخە تا وەڵامی بانگەوازەکەت بدەینەوە و شوێنی پێغەمبەرەکەت بکەوین . ئەوجا پێیان ئەوترێ : ئەی بۆ ئێوە نەبون لە ژیاندا سوێندتان خوارد کە هەرگیز فەناو نەمانتان بۆ نیە و قیامەتیش نایەت؟**

**لە تۆ وابێ ئەم دونیایە تا سەر بۆتۆ ئەمێنێ ؟ دڵنیابە هەر دەبێ بمرین ئەمە بەڵێنێکەو خوای پەروەردگار بە هەموو مرۆڤایەتی داوە وەك ئەفەرموێ :** ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٥٧ ) .

**واتە : خۆ هەموو خاوەن گیانێك چێژەری مەرگە ، واتە : هەمووتان مەرگ ئەچێژن ، پاشانیش بۆلای ئێمە ئەگەڕێنەوە .**

**ئاگات لەو ڕۆژە بێت پەشیمانی دادت نادات ، بۆیە تا لە ژیانی پەشیمان بەرەوە پێش ئەوەی مردن یەخەت بگرێ ، چونکە تا لەژیانی تەوبەت لێ قبوڵ ئەکرێ کە مردی بەهیچ شێوەیەك دەرفەتی ئەوەت نادەن تەوبە بکەیت ، هەروەکو پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ وَلاَ الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَاباً أَلِيماً ﴾ ( النساء : ١٨ ) .

**واتە : وە تەوبە و پەشیمانی بۆ ئەوانە نییە کە بەدرێژایی تەمەنیان خەریکی تاوانن تا لەسات و کاتی گیانەڵا و مردندا ئەڵێ : بێگومان لەو کارانەم پەشیمانم ، وە بۆ ئەو کەسانەش بەکافری ئەمرن تەوبەیان قبوڵ ناکرێ ئێمە سزایەکی سەخت و ئێش پێکەیەنەرمان بۆ ئەوانە ئامادە کردوە .**

**دڵنیام ئەوانەی ڕۆژوو ناگرن و هیچ بیانویەکی شەرعیان نیە تەنها لەبەر یەك هۆ ڕۆژوو ناگرن ئەویش سەرکەشیە و هیچی تر ، بۆیە با ئاگەدار بن خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيراً مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ ﴾ ( الأعراف : ١٧٩ ) .

**واتە : وە زۆرێکمان لە جنۆکە و ئادەمی دروست کردوە بۆ دۆزەخ دڵیان هەیە کەچی تێناگەن لە ڕاستی و چاویان هەیە کەچی دەسەڵاتی خوای پێ نابینن و هەستی بیستنیان هەیە بەڵام پێی نابیسن ئەمانە وەکو**

ئاژەڵن بەڵكو لە ئاژەڵیش وێڵترن چونكە ئاژەڵ ئەگەڕێ بەدوای سودی خۆی و لە زەرەر و زیانی خۆی ڕائەكات ئەوانە غافڵ و بێ ئاگان لە ئایەتەكانمان .

بۆیە بەرلەوەی بمری بەخۆتا بچۆرەوە و بزانە هۆی چیە ڕۆژوو ناگریت ، چونكە لەپاش مردن هیچ پەشیمان بونەوەیەك دادت نادات ، هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مَأْوَاكُمُ النَّارُ هِيَ مَوْلَاكُمْ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴾ ( الحديد : ١٥ ) .

واتە : ئەمڕۆیش لە ئێوە و ئەوانەی بێ باوەڕ بوون فدیەیەك وەرناگیرێ بۆ ڕزگار بونتان ، جێگا وماڵتان ئاگری دۆزەخە ئەو شایستە ترە پێتان ئای سەرئەنجامێكی چەندە خراپە .

# چۆن پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان بكەین ؟

هەرهەموومان كە میوانێكمان دێت چەند ڕۆژێك پێشوەخت تێ ئەفكرین بۆ ئەوەی چۆن بێشوازی لەو میوانە بكەین ، جاری واش هەیە نازانین ئەو میوانە شایستەی ئەو ڕێز و ماندو بوونەیە ؟ باش بێت یان خراپ لە ئەنجامدا بۆ مرۆڤێكی ئەكەین ، ڕاستە منیش پێم وایە مرۆڤ جێگای ڕێزگرتنە بەڵام كاممان بە هەفتەیەك بیرمان كردۆتەوە و لە خۆمان پرسیوە ئایا چۆن پێشوازی لەو میوانە بەڕێزە بكەین كە ساڵی یەك جار سەردانمان ئەكات ؟ كە ئەویش مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە ؟ پرسیارێكە و زۆربەمان خۆمانی لێ ئەدزینەوە لەكاتێكدا ( معلی ) ی كوڕی ( فضل ) ئەڵێت : (( پێشینەكان مانگێ بەر لەهاتنی ڕەمەزان لەخوا ئەپاڕانەوە كە خوای گەورە بیانگەیەنێتە مانگی ڕەمەزان )) ، ئەمەیە پێشوازی كردنی ڕاستەقینە ، كەچی خەڵكی ئەم سەردەمە زۆریان بۆ ئاهەنگ و خۆشیەكان خۆیان ئامادە ئەكەن بەڵام ئایا چۆن خۆتان بۆ ڕەمەزان ئامادە كردووە ؟ ئایا بڕیاری تەوبە كردنتان داوە ؟ بڕیارت داوە واز لە تاوانەكانت بهێنیت ؟ هەوڵی ئەوەت داوە پەڕەیەكی نوێ هەڵبدەیتەوە ؟ هیچ پلانێكی داڕێژراوت هەیە بۆ ئەم مانگە ؟ چەندین پرسیاری تریش .

برای بەڕێز و خوشكی بە حیشمەت : وەك برایەكی دڵسۆز پێتان ئەڵێم بەرنامەی مانگی ڕەمەزانتان بە تەوبەكردن و گەڕانەوە دەست پێبكەن ، هەوڵ بدەن بە تەوبە كردن پێشوازی لەم مانگە بكەن ، چونكە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( النور : ٣١ ) .

واتە : ئەی باوەڕداران هەمووتان تەوبە بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان تا ڕزگار و سەركەوتوو بن .

هەروەها ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ ﴾ ( التحريم : ٨ ) .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە تەوبە و گەڕانەوەیەكی یەكجاری تا پەروەردگارتان لە گوناهو تاوانەكانتان خۆش ببێ .

تەوبەكردن سەرەتای ڕێگای خۆشبەختیە ، هەموومان تاوانكارین و پێویستمان بە تەوبەكردن هەیە ، با پێغەمبەری خوا ﷺ بكەینە پێشەنگمان ئەو زاتەی سەرەڕای هەڵگرتنی تاوان لە سەری ڕۆژانە تەوبەی ئەكرد وەك فەرموویەتی ﷺ : " توبوا إلى الله تعالى ، فإني أتوب إليه كل يوم مائة مرة " ( صحيح الجامع الصغير / ٣٠٠٥ ) .

واتە : بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە تەوبەکردن چونکە من لە ڕۆژێکدا سەد جار تەوبە ئەکەم و داوای لێخۆش بوون ئەکەم .

ئەوەشمان لەیاد بێت تاوانەکانمان هەرچەندە زۆر و گەورەبن ئەوا ڕەحمەت و بەزەیی خوای پەروەردگار زۆرتر و گەورەترە .

پەروەردگارمان دەرگای تەوبەکردن لە مەغریبان ئەکاتەوە تا وەکو خۆر هەڵهاتن داینا خات ، شەوانیش دائەبەزێ بۆ ئاسمانی دوونیا هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ينزل الله في كل ليلة إلى سماء الدنيا ، فيقول : هل من سائل فأعطيه ؟ هل من مستغفر فأغفر له ؟ هل من تائب فأتوب عليه ؟ حتى يطلع الفجر " ( رواه مسلم ) .

واتە : خوای پەروەردگار هەموو شەوێك دێتە ئاسمانی دونیا . دابەزینێك لایەق بێت بە گەورەیی و جەلالی خۆی . و دەفەرمووێت : ئایا داواکارێك هەیە پێی ببەخشم ؟ یان کەسێك هەیە داوای لێخۆشبوون بکات بۆ ئەوەی لێی خۆش بم ؟ یان کەسێك هەیە تۆبە بکات بۆ ئەوەی لێی ببورم ؟ ئەوەش تاکو فەجر ( گزنگ ) دەردەکەوێت .

دەبا ئەم هەلە لە دەست خۆمان نەدەین ، ئاسانە هیچ پارەی تێ ناچێت تەنها پێویستی بەڕاست گۆیی و لە خوا ترسان و پاڕانەوە هەیە ، دەبێت هەوڵ بدەین ئەو کارانە ئەنجام بدەین کە دەبنە هۆی گیرابوونی دووعا و قبوڵ بوونی تەوبەکانمان ، وەك شەونوێژ و زیکر و دووعا و قورئان خوێندن و دوورکەوتنەوە لە تاوان ، پێویست ئەکات سوپاس گوزاری پەروەردگارمان بین کە مانگی ڕەمەزانی پێ بەخشیوین دەبا ئەم دیاریە جوانە بەهەل بزانین و لە دەستی خۆمانی نەدەین و بە تۆبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارمان پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان بکەین ، با پێشوازیەکەمان وەکو پێشوازی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بێت کە دەیفەرموو : " أتاكم شهر رمضان شهر مبارك فرض الله عليكم صيامه تفتح فيه أبواب الجنة وتغلق فيه أبواب الجحيم وتغل فيه مردة الشياطين وفيه ليلة هي خير من ألف شهر من حرم خيرها فقد حرم " ( صحيح الجامع الصغير / ٥٥ ) .

واتە : ئەوا مانگی ڕەمەزانتان بەسەردا داهات ، کە مانگێکی پیرۆز و بە بەرەکەتە ، خوای پەروەردگار ڕۆژووی ئەو مانگەی لە سەر فەرز کردوون ، تیایدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە و دەگاکانی دۆزەخی تێدا دادەخرێن ، شەیتانە سەرکەشەکانی جنۆکە تێیدا کۆت دەکرێت ، وە شەوێکی تێدایە خێر و چاکەی لە هەزار مانگ چاکترە ، ئەو کەسەی لە خێر و چاکەکەی بێبەش بێت ئەوا بێبەش بووە .

هاوەڵانیش شەش مانگ پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان لەخوا ئەپاڕانەوە کە بگەنە مانگی ڕەمەزان ، هەروەها ( ابن كثير ) ئەڵێت : (( پاڕانەوەی یەکێ لە پێشینەکان بریتی بووە لە : ئەی خوایە بمگەیەنە بە مانگی ڕەمەزان و مانگی ڕەمەزانیش بگەیەنە بەمن ، وە ئەو مانگەم بۆ بەرە سەر بە قبوڵ بوونی ئەو پەرەستنەی کە کردومە تیایدا )) ، ئەمەیە پێشوازی کردنی ڕاستەقینە ، ئەمەیە خۆ ئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان ، دەبا ئێمەش هەوڵ بدەین خۆمان ئامادە بکەین بۆ مانگی ڕەمەزان بە داڕشتنی کۆمەڵێك بەرنامەی بە سوود بۆ خۆمان و دەورو بەرمان .

# ڕۆژووگرتن وازهێنان نیە
# لە خواردن و خواردنەوە

**خەڵکانێکی زۆر هەن پێیان وایە ڕەمەزان واتا خۆ گرتنەوە لە خواردن خواردنەوە و خەوتن بۆ چەند سەعاتێك !!! گەر وا بێت لە ڕۆژوو گرتن ئاسان تر نیە ، بەڵام ئەمە گەورەترین هەڵەیە کە پێویست ئەکات خۆمانی لێ بپارێزین ، چونکە هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :** " ليس الصيام من الأكل والشرب ، إنما الصيام من اللغو والرفث ، فإن سابك أحد أو جهل عليك ، فقل إني صائم إني صـائم " ( صحيح الجامع الصغير / ٥٣٧٦ ) ، **واتە : ڕۆژوو تەنها خۆ گرتنەوە نیە لە خواردن و خواردنەوە ، بەڵکو ڕۆژوو بریتییە لە خۆگرتنەوە لە قسەی پڕوپوچ و بێ سوود ، وە ئەگەر هاتوو کەسێك جنێوی پێ دایت یان کردەوەیەکی نەفامانەی بەرامبەرت ئەنجام دا ( هەڵەیەکی دەرحەق کردی ) ئەوا پێی بڵێ : من بە ڕۆژووم ، من بە ڕۆژووم .**

**موسڵمانی یەك خوا پەرست زۆرشتێك هەیە لەگەڵ ڕۆژوو گرتندا ناگونجێت وە بۆ ئەوەی ڕۆژووەکەمان بەبێ کەم و کوڕی ببەخشینە پەروەردگارمان ئەبێ خۆمان لەو شتە خراپانە بپارێزین ، جا نازانم بۆچی کە دیاری بۆ کاربەدەستێکی پایە بەرز ئەبەین هەوڵ ئەدەین کەموو کوڕی تیا نەبێت کە چی بیر لەوە ناکەینەوە . نموونەی بەرزی بۆ خوای پەروەردگار . کە ڕۆژووەکانمان بۆ پەروەردگارە و گوێی نادەینێ کەم و کوڕی تیابێ یا نە ؟!! هەروەها لەخەڵکی وا بێت ڕۆژوو تەنها ڕۆژوی دەم بەستنە بێ گوێدانە ئەندامەکانی تری لەش بۆیە کە ڕۆژوو ئەگری و خۆت لە خواردن و خواردنەوە ئەگریتەوە با زمانیشت بەڕۆژوو بێت ، بیپارێزە لە درۆ و قسەی پڕو پوچ و ناشەرعی و نوکتەی هەڵبەستراوی خەیاڵ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی فەرموویەتی :** " إن الرجل ليتكلم بالكلمة لا يرى بها بأسا يهوي بها سبعين خريفا في النار " ( صحيح الجامع الصغير / ١٦١٨ ) .

**واتە : مرۆڤ ووشەی وای بەسەر زاردا دێ ، و هیچ بایەخێکی بۆ دانانێت ، کەچی حەفتا پایز . ساڵ . دەیهاوێتە ناو دۆزەخەوە .**

**هەروەها فەرموویەتی :** " من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه " ( رواه البخاري ) .

**واتە : ئەگەر ڕۆژووان واز نەهێنێ لە ووتەی درۆ و ئەنجامدانی ، خوای پەروەردگار پێویستی بەوە نیە کە ئەو کەسە واز لەخواردن و خواردنەوەکەی بهێنێ .**

**هەروەها فەرموویەتی :** " ألا أخبركم بأكبر الكبائر ؟ قالوا : بلى يا رسول الله ، قال : الإشراك بالله ، وعقوق الوالـدين ، وشهادة الزور أو قول الزور ، قال : فما زال رسول الله ﷺ يقولها حتى قلنا ليته سكت " ( صحيح سنن الترمذي / ٢٣٠١ ) .

**واتە : ئایا گەورەترینی تاوانە گەورەکانتان پێ ڕاگەیەنم ؟ ووتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! فەرمووی : هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان و خراپەکاری و ئەزیەتدانی دایك و باوك ، و شایەتیدانی درۆ و ، یان ووتە درۆ ، دەڵێت : بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە تاکو ووتمان خۆزگە بێدەنگ ببایە .**

**خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ :** ﴿ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ ﴾ ( الحج : ٣٠ ) .

**واتە : هەروەها خۆتان بپارێزن لە قسەی درۆ و ناڕەوا .**

**چاوەکانیشت لە تەماشا کردنی حەرام بپارێزە ، شەوان با چاوت بەڕۆژوو بێت بەرامبەر سەتەلایت ، ڕۆژانیش لە دەشت و دەر و لە بازار چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ ( النور : ٣٠ ) .

**واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئیمانداران بڵێ : چاوتان بپارێزن لەئاست تەماشاکردنی نامەحرەمدا وە داوێنیشتان لە تاوان بپارێزن ، بێگومان ئەوە باشترە بۆتان ، بێگومان خوا لە هەموو کردەوەکانیان بە ئاگایە .**

**خۆت لە بیستنی گۆرانی و قسەی ناشەرعی و پڕوپوچ و هەموو جۆرە تاوانێك بپارێزە ، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵەی ئەو کەسانە نەبیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەیان فەرمویەتی :** " رب صائم حظه من صيامه الجـوع والعطش ورب قائم حظه من قيامه السهر " ( صححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب / ١٠٨٤ ) .

**واتە : زۆرێك ڕۆژووەوان هەیە تەنها برسێتی و تینوێتی بۆ ئەمێنێتەوە . وە زۆرێك هەیە لەوانەی شەو نوێژ ئەکەن تەنها بەشیان ماندو بون و شەونخونیەکی بێ پاداشتە .**

**ئەمەش لەهۆکاری ئەو هەموو تاوانانەی ئەیکات لە درۆ و غەیبەت و تەماشاکردنی حەرام و ... هتد . کە دەبنە هۆی ئەوەی پاداشتی ڕۆژووەکەی و شەو نوێژەکەی کەم بکات تا هیچی لێ نامێنێتەوە .**

**بۆیە چ سودێکی هەیە ئەو ڕۆژوەی خاوەنەکەی ماندو ئەکاو ئێوارە وەختی بەربانگ هیچی بۆ نامێنێتەوە ، چونکە دڵی مردوە و تەنها وەکو عادەتێك ڕۆژوو ئەگرێت نەك وەکو عیبادەتێك ، هەر لەسەرەتای ڕەمەزانەوە تا کۆتایی تینوی ئەبێ و برسی ئەبێ و دڵیشی هەمان دڵی ڕەش و ڕەقە و هیچ نەگۆڕاوە و هەر بەردەوامە لەسەر تاوان کردن ، لەکاتێکدا ئەگەر بە مردوەکان بڵێن ئومێدی چی ئەکەن ئەڵێن مانگی ڕەمەزان لەگەڵ ئەوەشدا زیندوەکان هەر بەردەوامن لەسەر تاوان کردن ، بۆیە ئاگەداربە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەر فەرمووی** ( آمين آمين آمين ) **پاشان پرسیاریان لێ کرد ئەی پێغەمبەری خوا تۆ کاتێ ڕۆیشتیتە سەر مینبەر فەرمووت** ( آمين آمين آمـين ) ؟ **فەرمووی لەوکاتەدا جبریل . سەلامی خوای لێ بێت . هاتە لام و فەرموی : هەر کەسێك لە ئوممەتەکەت مانگی ڕەمەزانی بەسەردا هاتوو خوا لێی خۆش نەبوو با بڕواتە دۆزەخەوە و خوا دوری کاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی ، بڵێ** (آمين) ، **ئەفەرموێت : منیش وتم** ( آمين )

**هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " ورغم أنف رجل دخل عليه رمضان ثم انسلخ قبل أن يغفر له " ( صححه الألباني في مشكاة المصابيح / ٩٢٧ ) .

**واتە : بێ دەسەڵاتی و سەرشۆڕی بۆ کەسێك مانگی ڕەمەزانی بەسەردا هات و کۆتایی بێت پێش ئەوەی خوا لێی خۆش بێت .**

**هەروەها** ( ابن القيم ) **فەرموویەتی :** (( كل قيام لا ينهى عن الفحشاء و المنكر لايزيد صاحبه إلا بعداً ، وكل صيام لايصان عن قول الزور والعمل به لايورث صاحبه إلا مقتاً و رداً ، يا قوم أين آثار الصيام !! أين أنوار القيام )) .

**واتە : هەموو شەونوێژێك کە یاساغی نەکات لە خراپە و خراپەکاری جگە لە دووری شتی تر بەخاوەنەکەی نابەخشێت ، وە هەموو ڕۆژوویەکیش کە خاوەنەکەی نەپارێزێت لە وتەی درۆ و ئیش پێکردنی ، جگە لە تووڕەیی و ڕەتکردنەوەی کارەکەی هیچی تر بە خاوەنەکەی نابەخشێت ، جا خەڵکینە کوا شوێنەواری ڕۆژوو !! کوا ڕووناکیەکانی شەونوێژ !!! .**

بۆیە موسڵمانی بەڕێز ڕۆژوو بۆ ئەشكەنجەدان نیە بەڵكو بۆ پەروەردەكردنە كەچی خەڵكێكی زۆر لەم پەروەردەكردنە بێبەشن و خۆیان توشی بێهێزی و ماندوبون ئەكەن و لەتاوان زیاتر هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە .

# ڕەمەزان مانگی
# بە هێزبوونە نەك برسێتی و لاوازی !

بەداخەوە لەجیاتی پێشوازی كردن خەڵكێكی زۆر لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان نائومێدی ڕویان تێئەكات و بەهەفتەیەك پێش دەست پێكردنی ماندوو بوون بە ڕوخساریانەوە دیارە و تەنها بیر لەوە ئەكەنەوە چۆن ئەم مانگە تەواو بكەن . بەبێ ئەوەی تێفكرێ كوێرانە بڕیار ئەداو بەمانگی برسێتی و بێهێزی ناوی ئەبات ، لەكاتێكدا ڕەمەزان مانگی بەهێز بوونە مانگێكە چێژێكی تایبەتی هەیە . جیاوازە لەمانگەكانی تر ، هێزێكی سەیر ئەبەخشێتە دەرونی موسڵمانان و برسێتیان لەبیر ئەباتەوە . ئەم هێزەش تەنها ئەوانە هەستی پێئەكەن كە بەگەرمی و بە ڕاستگۆیی یەوە پێشوازی لێئەكەن و باوەشی بۆ ئەكەنەوە و دڵ تەنگ ئەبن بە تەواو بوونی ، وە هەر بوونی ئەم هێزە دەرونیە وای كردوە زۆربەی غەزای موسڵمانان لەم مانگە پیرۆزە بەسەركەوتنەوە ئەنجام بدرێ ، ڕەنگە بپرسن یەك مانگ خۆگرتنەوە لەخواردن خواردنەوە چ هێزێك بە مرۆڤ ئەبەخشێ ؟ ئەم پرسیارەش تەنها ئەوانە ئەیكەن كە باوەڕیان پتەو نیە و بونەتە بەندەی ئارەزوەكانیان ، ئەوانەی تەنها بیریان لای تێربوونی جەستەیانە و تێربونی ڕۆحیان لەیاد چوە و گوێ نادەنێ دەرون و ڕۆحیان چەن برسی بێ بۆ خوا پەرستی . ڕاستە خۆگرتنەوە لەخواردن مرۆڤ برسی ئەكات و جەستەی لاواز ئەكات لەهەمان كاتدا لەڕوی پزیشكی و تەندروستیە وە قازانج بە جەستە ئەگەیەنێ هەروەك لە پێشدا بە چڕو پڕی باسمان لێوە كرد . هەروەها نەفسی مرۆڤ پێویستی بە برسێتی هەیە بۆ پەروەردەی دەرونی ، چونكە كەم شتێك هەیە وەكو برسێتی مرۆڤ فێری ئارام گرتن و لەخوا ترسان بكات .

لێرەدا گرنگی دڵ و دەرونی مرۆڤ باس ئەكەین ، بەدرێژای (١١) مانگ نان ئەخۆین ڕەنگە تۆزێ پێی قەڵەو بین و هیچی تر ، كە برسیش بوین ماوەیەكی كەمە و بەسەر ئەچێ بەڵام كاتێك دڵ و دەرونمان برسی ئەبێت بۆ خوا پەرستی ئەوكاتە لاوازی دەست پێ ئەكات كە مەترسی دارترین لاوازیە ئەویش لاوازی باوەڕە . ڕەنگە لاوازی جەستەیی و برسێتی بەرەو مردن بمانبات ئەوكات پەروەردگار سەیری مەعیدە و جەستەمان ناكات بەڵكو سەیری دڵمان ئەكات ، بەڵام لاوازی باوەڕ بەهەمان شێوە بەرەو مردن ئەمانبات بەڵام مردنێكی سەرشۆڕانە و مەترسی دار كە دۆزەخی لەپاشە ، ( فرعون ) كەسێكی دەوڵەمەند و بەردەوامیش بەجەستە بەهێز و بە سك تێر ، بەڵام هیچ سودی نەبوو بۆی ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " ليأتي الرجل العظيم السمين يوم القيامة لا يزن عند الله جناح بعوضة . وقال اقرؤوا ﴿ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا ﴾ ( سورة الكهف : ١٠٥ ) " ( متفق عليه ) .

واتە : لە ڕۆژی دواییدا كەسانێكی زل و قەڵەو دێن كەچی لای خوای پەروەردگار كێشی باڵە مێشولەیەكیشیان نیە . پاشان فەرمووی : ئەم ئایەتە بخوێننەوە : ﴿ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا ﴾ . واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ كێش و قورساییەكان بۆ دانانێین . ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەوەی كە سەرپێچی فەرمانەكانی

**خوایان ئەکرد . دەسا ئەی ئەو کەسەی لە ژیاندا ڕۆژوو ناگریت و بەردەوام سکت تێرە ، ناترسیت لەوەی لە قیامەتدا هیچ کێش و سەنگێك بۆ سکە تێرەکەت دانەنێین ؟**

**لەکاتێکدا زۆرێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەسك برسی و بە جەستە لاواز بوون کەچی بەڕۆح و دڵ تێربوون بەهێز بوون لە خواپەرستی بۆیە توانیان بەهەشت بەدەست بهێنن ، لەنمونەی ئەو هاوەڵانەش وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە :** " أمر النبي ﷺ عبد الله بن مسعود أن يصعد شجرة فيأتيه منها بشيء فنظر أصحابه إلى ساق عبد الله فضحكوا من حموشة ساقيه فقال رسول الله ﷺ ما تضحكون لرجل عبد الله أثقل في الميزان من أحد " ( قال الألباني : صحيح لغيره : ٢٣٧ ) .

**واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە** ( عبدالله ) **ی کوری** (مسعود ) **کرد کە بڕواتە سەر دارێك و شتێکی لەسەر دارەکە بۆ بهێنێتە خوارەوە ، لەو کاتەدا هاوەڵان بە باریکی و لاوازی قاچی** ( عبدالله ) **پێکەنین ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی : بەچی پێدەکەنن ؟ دڵنیابن قاچەکانی** (عبدالله) **لە تەرازوی خوای پەروەردگاردا لە کێوی** (أحد) **قورس ترن .**

**چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " إن الله لا ينظر إلى صوركم ولا أموالكم ولكن ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم " ( رواه مسلم ) .

**واتە : خوای پەروەردگار نە تەماشای شێوەتان ئەکات ، و نە تەماشای ماڵ و سامانتان دەکات ، بەڵکو تەماشای دڵ و کردەوەکەنتان دەکات .**

**ئەمەش حیکمەتێکی خوایی یە چونکە ئەفەرموێ :** ﴿ أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾ ( الجاثية : ٢١ ) .

**واتە : ئایا ئەوانەی کە گوناهو تاوانەکانیان ئەنجام داوە ، وایان زانیوە هەر وەك ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە کاری چاکەیان ئەنجامداوە ؟! ژیانی دونیا**
**و مردنیان وەك یەك دەبێت ؟! ئای کە بڕیارێکی خراپ بڕیار ئەدەن .**

**بۆیە ئەو کاتانەی مرۆڤ دڵ و دەرونی تێر ئەکات بە خواپەرەست لاوازی جەستەیی کاری تێناکات ، چونکە بڕوای بەو خۆبەخت کردنە هەیە ، بۆیە بەردەوام دڵی خۆشە و ئومێدی بە پاشەڕۆژ هەیە و گەش بینە ، ئەمە ئەو هێزەیە کە مانگی ڕەمەزان ئەیبەخشێتە مرۆڤ . بەڵام ئەوکاتە دڵ و دەرونمان ئەکەینە قوربانی تێرکردنی شەهوەت و سکمان بەردەوام ڕەشبینین و بەردەوام دڵتەنگین ، چونکە ژیانی جەستە ژیانێکی کاتیە و لە ئەنجام ئەبێتەوە ئەو خۆڵەی لێی دروست کراوە ، لە کاتێکدا ژیانی ڕۆح ژیانێکی هەتاهەتاییە ، ژیان ژیانی دڵە ئەگەر دڵمان برسی بو بۆ خواپەرستی و تێرمان نەکرد ئەو کاتە بەرەو فەوتان ئەچین ، بە پێچەوانەوە ئەگەر سکمان برسی بوو تێرمان کرد ئەکەوینە هوڵی تێرکردنی شەهوەت . کە مردنیش لەقیامەتدا سکی تێر و ماڵ و منداڵ و سامان دادمان نادات بەڵکو دڵ و دەرونێك فریامان ئەکەوێت بەخوا پەرستی تێرمان کردبێت ، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( الشعراء : ٨٨ ـــ ٨٩ ) .

**واتە : ئەو ڕۆژە نە ماڵ و سامان سودی هەیە و نە کوڕان بەکەڵك دێن مەگەر کەسێك بە دڵێکی ساغەوە بێتە حوزوری خوا ، واتە دڵی پاك بێت لە شیرك و تاوان و پڕ بێ لە خوا پەرستی و چاکە کاری .**

نەیوتوە بەسکێکی تێرەوە ، بۆیە هەرچەندە بەسك برسی و لێوت وشك و تینو بێ بە ئاسانی نامریت ، چونکە ژیان و مردنی مرۆڤ کاتێکی دیاری کراوی هەیە ، بەڵام زۆرجار بەجەستە زیندوین کەچی بەدڵ مردووین ، ئەو دڵەی کە هۆکارە بۆ خۆش بەختی هەر ئەو دڵەیە کە هۆکاری پەیوەست بوونە بە پەروەردگارەوە ، بۆیە ئێمەی مرۆڤ (١١) مانگ سکمان تێر ئەکەین و دڵمان برسی ئەکەین کەچی ئامادەنین بۆ یەك مانگ سکمان برسی بکەین بۆ ئەوەی دڵمان تێر بکەین بە خواپەرستی ئەمە ئەو هێزەیە کە باسی ئەکەم ، هێزی باوەڕبوون بەخوا ، هێزی خواپەرستی و دورکەوتنەوە لەتاوان ، ئەو هێزەی باوەڕمان زیاد ئەکات بۆ ئەوەی لەقیامەت فریامان بکەوێت نەك ئەو هێزەی لەخواردن دەستمان ئەکەوێت و لەقیامەت هیچی لەدەست نایەت بۆمان ، ئەگەر بە مێژوودا بگەڕێینەوە دەبینین زۆرێك لە بەهێزەکانی دونیا لەژیاندا دۆزەخیان بۆ خۆیان کڕی لەکاتێکدا زۆرێك لە بێ هێزەکانی دونیا بەهەشتیان بۆ خۆیان کڕی ، چونکە بەشێکیان دڵی بەهێز کردبوو بە خواپەرستی ئەوانی تر سکیان پڕ کردبوو دڵیشیان خاڵی و برسی ، ئەمە ئەو هێزەیە کە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەیبەخشێتە دڵ و دەرونی موسڵمانان ، هەر بۆیە لەپێش ڕەمەزان هەستی پێناکەین بەڵام لە ڕەمەزاندا سەر ئەکەوین بەسەر شەهوەت و نەفسمان ، لەکاتێکدا لە پێش ڕەمەزان (١١) مانگ لە شەڕ و بەرەنگار بوونەوە داین کەچی تەنها مانگی ڕەمەزان سەر ئەکەوین بەسەر جەستە و شەهوەتمان ، چونکە ڕەمەزان هێزێکمان پێ ئەبەخشێ هیچ مانگێك ئەو هێزەمان پێ نابەخشێ .

سەرکەوتنی ڕۆح و دڵ و بەسەر نەفس و شەهوەت ئەو هێزەیە کە ڕەمەزان پێمانی ئەبەخشێت ، هەروەك زانای ئەڵمانی مامۆستا ( گیهارت ) لەبارەی بەهێزکردنی ویستەوە کتێبێکی داناوە و تیایدا دەڵێت : (( ڕۆژوو گەورەترین بنچینەیە بۆ بەهێزکردنی ویست ، وە کارامەترین هۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لەغاوی دەرونی خۆی بەدەستەوە بێت و یەخسیری هەواو هەوەسی نەبێت )) .

گەر ئەو هێزە نەبێت بۆچی عاشقانی جگەرە بە درێژایی ڕۆژ بەڕۆژون و جگەرە ناکێشن ؟ بۆچی ڕۆژانی تر توانایان نیە تا ئیوارە جگەرە نەکێشن ؟ بێ جگەرە کێشان هەڵناکەن ؟ کەچی ڕەمەزان هێزێکی پێ ئەبەخشێ زاڵ ئەبێ بەسەر نەفسی دا ، بەهەمان شێوە ئەو هێزە نەبێ ژن و مێرد ڕۆژ تا ئێوارە دەست لە ئارەزووەکانیان هەڵناگرن ، خەڵکیش واز لەخواردن و خواردنەوە ناهێنن ، خۆ ئەکرێ ڕووژووان لە کاتی تەنهایی بخوات و بخواتەوە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت . لەخۆت بپرسە بۆ ئەو کارە ناکەیت ؟ چونکە دەزانیت خوای پەروەردگار ئاگای لێتە و ئاگای لە دڵتە ، ئایا ئەمە پەروەردەی دڵەکان نیە ؟ ئەمەش گەورەترین تێشوی دڵە ( لەخوا ترسان ) هەروەها لەکاتی دەست نوێژ گرتن بۆچی ئاگەداری خۆت ئەکەی ئاو لە قوڕگت نەچێتە خوارەوە خۆ کەس پێت نازانێت ؟ ( سبحان الله ) کێ ئەم پەروەردەیەی فێرت کردوە ؟ کێ ئەم ڕاستگۆییەی فێرت کردوە ؟ ئەو هەموو خواردنە خۆشەت لەبەردەست دایە کێ فێری ئارامگرتنی کردی ؟ مانگی ڕەمەزان فێرمان ئەکات ، ئەو هێزی لەخواترسانە هێزی چاوەڕوان کردنی پاداشت ، هێزی پتەوی باوەڕە ، هۆکارەکەی مانگی ڕەمەزانە ئەیبەخشێتە موسڵمانان ، ڕەمەزان ئەو دیاریە جوان و بە نرخەیە پەروەردگار بە بەندەکانی بەخشیوە کەچی زۆرێکمان ئەو دیاریە وەرناگرین و باوەڕمان ئەکەینە قوربانی شەهوەت و سکمان ، ئەو جەستەیەی بەردەوام تێر بوو لە شەهوەت ئەو سکەی بەردەوام تێربوو بە نان ، ئەو لێوەی بەردەوام تەڕبوو بە ئاو لەمردن دەبێتە خۆراکی کرم و دووپشك ، جەستەیەکمان ئامادە کردوە بۆ مێروی ژێر زەمین .

بەڕاستی داماون ئەو کەسانەی کە ڕەمەزان تێئەپەڕێ و هەست بەو چێژە ناکەن ، هەست بەو هێزە ناکەن هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " ورغم أنف رجل دخل عليه رمضان ثم انسلخ قبل أن يغفر له " ( صحيح : مشكاة المصابيح / ٩٢٧ ) .

واتە : بێ دەسەڵاتی و سەرشۆڕی بۆ کەسێك مانگی ڕەمەزانی بەسەردا هات و کۆتایی بێت پێش ئەوەی خوا لێی خۆش بێت .

ڕەنگە ژیان بەجێ بهێڵین و بە برسێتی لە بارەگای پەروەردگار بوەستین ، بیریشمان نەچێت مرۆڤ لە ڕۆح و جەستە پێك هاتوە بۆیە هەمیشە لە ململانێدان ئەو کاتەی دڵمان پەیوەست بوو بە پەروەردگاریەوە مەحاڵە مێشکمان و جەستەمان بکەوێتە شوێن ئارەزوەکانمان ، بەپێچەوانەوە ئەو کاتەی تەسلیم ئەبین بۆ ئارەزوەکانمان دڵمان ئەمرێ و ئەبێتە بەندەی تێرکردنی شەهوەتمان هەروەك ( بشر ) ی کوڕی ( الحارث ) فەرمویەتی : (( ولا تجد حلاوة العبادة حتى تجعل بينك وبين الشهوات سدا )) .

واتە : هەست بە تام و چێژی پەرستنی پەروەردگار ناکەی تاوەکو بەربەستێك لە نێوان خۆت و ئارەزوە کانت دروست نەکەیت .

بۆیە مانگی ڕەمەزان مانگی بەهێزبونی دڵەکانە ، مانگی سەرکەوتنە بەسەر شەهوەت و تاوان . ڕەنگە خەڵکێك بڵێن ئێمە هەست بەو هێزە ناکەین ، ئەڵێم ڕاست ئەکەن خەتاکەش لەخۆیانە نەك لە مانگەکە ، چونکە کاتێك دکتۆر چارەسەرێکت بۆ ئەنوسێ و بە خراپ بەکاری ئەهێنی هەرگیز چاکت ناکاتەوە بەڵکو خراپتر ئەبی ، بۆیە تەنها ئەو کسانە هەستی پێئەکەن کە برسێتی جەستەیان بە ڕشتنی فرمێسکی پەشیمانی تێر ئەکەن ، نەك ئەوانەی خۆشبەختی لە تاواندا ئەبینن . وە گەورەیی و خۆشی ئەم هێزە هێندە گەورەیە ڕۆژوانان ناتوانن بە زمان گوزارشتی لێبکەن بۆیە لە هەڵس و کەوت و پەرستن و ڕاستگۆیی و لەخوا ترسانیاندا ڕەنگ ئەداتەوە ، هەر بۆیە عاشقەکان هەست بەم هێزە ناکەن ، وە ئەوانەی ڕۆژوی ڕەمەزان بە خەوتن تەواو ئەکەن هەستی پێناکەن ، عاشقانی گۆرانی و غەیبەت و زنجیرە تەلەفزیونیەکان هەستی پێناکەن ، تەنها قورئان خوێنەکان و ئەوانەی بەڕاستی و بە دڵەوە خوا ئەپەرستن هەستی پێئەکەن ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویەتی : " رب صائم حظه من صيامه الجوع والعطش ورب قائم حظه من قيامه السهر " ( صححه الالباني في صحيح الترغيب و الترهيب / ١٠٨٤ ) .

واتە : زۆرێك ڕۆژووەوان هەیە تەنها برسێتی و تینوێتی بۆ ئەمێنێتەوە . وە زۆرێك هەیە لەوانەی شەو نوێژ ئەکەن تەنها بەشیان ماندو بون و شەونخونیەکی بێ پاداشتە .

دەبینین کە خیانەت لە ڕۆژوەکەیان ئەکەن ئیتر چۆن هەست بەو هێزە بەکەن و چێژی لێ وەر بگرن ؟

وە ( ابن القيم ) فەرمووویەتی : (فالروح المطلقة من أسر الهوى ، من أسر البدن ، و عوائقه ، من التصرف و القوة و النفاذ و الهمة و الصعود الى الله و التعلق بالله ما ليس للروح المهينة المحبوسة في علائق البدن) .

ئەنجامی خوێندنیش لە قوتابخانەی ڕەمەزان فێربوونی لە خواترسان و ئارامگرتن و بەهێز بونی ئیرادەیە پاداشتەکەیشی بەهەشتی بەرینە ، بۆیە تەنها ئەڵێم مرۆڤ ناژیت بۆ ئەوەی بخوات بەڵکو ئەخوات بۆ ئەوەی بژی بۆیە برسێتی سك و شەهوەت بۆ چەن کاتژمێرێك دەبێتە هۆی تێربوون و ژیانەوەی دڵەکانمان ، ئەو هێزەش مانگی ڕەمەزان ئەیبەخشێت هەموو کەسێك هەستی پێناکات و بە ووشە و زمانیش گوزارشتی لێناکرێت ، وە ئەگەرچی بەچاویش نەیبینین بەدڵمان هەستی پێئەکەین ، ماوەتەوە بڵێم بەهەشتێك لەسەر زەمینە کە ( مانگی ڕەمەزانە ) هەرکەسێك نەتوانێ لەژیاندا ئەم بەهەشتە بەدەست بهێنێ هەرگیز ناتوانێ بەهەشتی خوایی

بەدەست بهێنیٚ ، بەڵام کام ڕێگا بگرینە بەر بۆ ئەم بەهەشتە ؟ چۆن بتوانین لەیەك کاتدا هەردوو بەهەشتەکە بەدەست بهێنین ؟ وڵامی ئەم پرسیارانەش لەم ئایەتە پیرۆزەدایە : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ (آل عمران : ٣١ ) .

واتە : پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر ﷺ : ئەگەر ئێوە خواتان خۆش ئەوێ و ئەتانەوێ لێی نزیك ببنەوە دەبێ پەیڕەوی شەریعەت و بەرنامەکەی من بکەن ئەوسا خوایش ئێوەی خۆش ئەوێ ، واتە : یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکانی گوێڕایەڵی کردنی بەندەکانە بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکانی پێغەمبەرەکەی ﷺ .

یەکێك لە ڕێگاکانی شوێن کەوتنی پێغەمبەریش ﷺ بریتی یە لە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان بە بێ کەم و کوڕی و بەو شێوەیەی خۆی فەرمانی پێمان داوە .

# چۆن مانگی ڕەمەزان بەڕێ بکەین ؟

باوەڕدارانی بەڕێز لەم مانگە پیرۆزەدا کارە خراپەکان بگۆڕە بۆ کاری چاکە و بە یەکجاری واز لە کردارە خراپەکان بهێنە ، هەوڵ بدە پلانێکی باش بۆ بەڕێکردنی ئەم مانگە پیرۆزە دابڕێژیت باشترین کاریش لەم مانگەدا کە پێویستە ئەنجامی بدەیت بریتیە لەمانەی لای خوارەوە :

١ ـ ڕۆژوو گرتن : ڕۆژوو گرتن یەکێکە لە گرنگترین ئەو پەرستشانەی کە لە پەروەردگار نیزیکمان ئەکاتەوە پەروەردگاریش پاداشتێکی بێ ئەندازەی داناوە بۆ ئەو کەسانەی ڕۆژوو ئەگرن بەو مەرجەی ڕۆژووەوان بە پێی مەرجە شەرعیەکان ڕۆژووەکەی بگرێ و کەم و کوڕی و کەم تەرخەمی تیانەکات .

لە ( أبو هريرة ) وە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " قالَ اللهُ : كُلُّ عَمَلِ ابنِ آدم لَهُ إلا الصِّيام ، فَإنَّهُ لِي و أنَا أَجْزِي به ، والصِّيامُ جُنَّةٌ ، وإذا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أحَدِكُم ، فَلا يَرْفُثْ ، ولا يَصْخَبْ ، فإنْ سَابَّهُ أحدٌ أو قاتَلَهُ فَلْيَقُل : إنّي امرُؤٌ صائم ، والذي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِه لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللهِ مِنْ رِيحِ المِسْكِ ، لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُما : إذا أَفطَرَ فَرِحَ ، وإذا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَومِهِ " ( أخرجه البخاري : برقم : ١٩٠٤ ، ومسلم برقم : ١١٥١ ، واللفظ للبخاري ) .

واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : هەموو کردەوەی ئادەمیزاد بۆ خۆیەتی تەنها ڕۆژوو نەبێ بۆ منە ( واتە : هەموو کردەوەکان پاداشتێکی دیاری کراوی هەیە جگە لە ڕۆژوو کە پاداشتی دیاری نەکراوە ) ، ڕۆژووش پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ ، هەر یەکێ لە ئێوە بە ڕۆژوو بوو باواز لە ووتەی پڕو پوچ بێنێ و هاوار نەکات ، وە ئەگەر کەسێك جوێنی بە یەکێك لە ئێوەدا یان شەڕی پێ گێڕا با بڵێ : من بە ڕۆژووم ، سوێند بیت بەو زاتەی کە نەفسی ( محمد ) ی بەدەستە : بۆنی دەمی ڕۆژووان لە ڕۆژی دواییدا لای خوا خۆشترە لە بۆنی میسك ، وە ڕۆژووان دوو خۆشی هەیە و دەستی دەکەوێت : ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێ پێ خۆشحاڵ دەبێت ، وە ئەگەر بە خوای خۆی گەشت خۆشحاڵە بەڕۆژوو گرتنەکەی .

هەروەها فەرمویەتی : " كل عمل ابن آدم يضاعف الحسنة بعشر أمثالها إلى سبعمائة ضعف قال الله تعالى إلا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به يدع شهوته وطعامه من أجلي " ( متفق عليه )

واتە : هەموو کردەوەیەکی ڕۆڵەکانی ئادەم پاداشتەکەی چەند جارەی خۆی زیاد ئەکرێت ، چاکەیەك بە (١٠) ئەوەندەی خۆی تاوەکو (٧٠٠) حەوت سەد ئەوەندەی خۆی ، خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : جگە لە ڕۆژوو ، ڕۆژوو گرتن بۆ منە و تەنها منیش پاداشتی ئەدەمەوە ، چونکە لە پێناو من واز لە شەهەوەتەکانی و خواردن ئەهێنێت .

هەروەها فەرموویەتی : " من صام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه . ومن قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه . ومن قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) .

واتە : هەر کەسێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ، بە مەرجێ بڕوای بە فەرزێتی ئەم کارە هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی ڕۆژی دوایی بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانی ڕابوردوی خۆش ئەبێت .

هەروەها ڕۆژوو یەکێکە لەو پەرستشانەی کە تەنها ئەو کەسانە چێژی لێوەردەگرن کە بەڕاستی و بێ کەم و کوڕی ئەنجامی ئەدەن ، وە لە بارەی گەورەیی ڕۆژوو (أبو أمامة) لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە و دەڵێت : " أتيت رسول الله ﷺ فقلت مرني بأمر آخذه عنك قال عليك بالصوم فإنه لا مثل" (صحيح سنن النسائي / ٢٢٢٠ ) .

واتە : هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و پێم وت : فەرمانم پێ بکە بە شتێك کە لە خۆتەوە وەری بگرم ، ئەویش فەرمووی : بەڕۆژوو بە ، بێگومان ڕۆژووش هاوشێوی نیە .

٢ . پارشێوکردن وبەربانگ کردنەوە : زۆر خەڵکێك بەداخەوە لەپێناو خەوتن و بەهۆی تەمەڵی و خەو قورسییەوە پارشێو ناکەن و یەکێك لە پاداشتە گەورەکان لەدەست خۆیان ئەدەن کە پارشێو کردنە ، لایان وایە پارشێو تەنها نان خواردنێکە بۆ ئەوەی بەڕۆژ برسیان نەبێت لە کاتێکدا پارشێو نەکردن دوو زەرەری گەورەی هەیە :

یەکەم : لە دەست چوونی نوێژی بەیانی کە ئاکامێکی خراپی هەیە .

دووەم : لە دەست چوونی ئەو پاداشتەی لە ئەنجامی پارشێوکردنەوە وە دەستمان ئەکەوێت هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی پارشێوەوە فەرموویەتی : " تسحروا فإن في السحور بركة " ( متفق عليه ) .

واتە : پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەتی تیایە .

وە فەرموویەتی : " إن السحور بركة أعطاكموها الله فلا تدعوها " ( صحيح الجامع الصغير : ١٦٣٦ ) .

واتە : پارشێو کردن بەرەکەتێکە خوای پەروەردگار پێتانی داوە دەستی لێ هەڵمەگرن و وازی لێمەهێنن .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " فإن الله ، و ملائكته يصلون على المتسحرين " ( أخرجه ابن أبي شيبة : (٨/٣) ، و أحمد : (١٢/٣) ، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة برقم : ٣٤٠٩ ) .

واتە : پەروەردگار و فریشتەکانی صەلاوات ئەدەن لەسەر ئەو کەسانەی پارشێو ئەکەن .

بۆیە ئەگەر تەنها پەرداخێك ئاویشت خواردۆتەوە هەڵسە بۆ پارشێو کردن با لەو سڵاواتە بەنرخانە بێبەش نەبیت .

ئەمەیە حیکمەت لە پارشێو کردن ، جا چەن خۆشە مرۆڤی موسڵمان کاتەکانی پارشێو تەرخان بکات بۆ دوو ڕکات نوێژ و قورئان خوێندن و پاڕانەوە لە پەروەردگار .

(١١) مانگ خەوتن چ سودێکی هەبوو دەبا (١) مانگ نەخەوتن تاقی بکەینەوە بزانە چۆن دڵەکانمان پاك ئەبێتەوە لەتاوان و جەستەشمان پاك ئەبێتەوە لە نەخۆشی و تەمەڵی ، لە هەمویشی خۆشتر دەچینە ڕیزی ئەو

**کەسانەی لە قیامەتدا لەسێبەری عەرشی خوای پەروەردگارن هەروەك ﷺ فەرمویەتی :** " ورجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه "

**واتە : وە کەسێك لە پەنهانیدا یاد و زیکری خوای پەروەردگار بکات و فرمێسك بە چاوەکانیدا بێتەخوارەوە . دەسا ئەم هەلە زێڕینە لەدەست خۆت مەدە .**

**ئەمە جگە لەو پاداشتەی لە زوو بەربانگ کردنەوە دەستمان ئەکەوێت کەچی لەمەشیانا خەڵکێکی زۆر بە هەڵەدا چون چونکە درەنگ بەربانگ ئەکەنەوە بە مەبەستی دەست کەوتنی پاداشتێکی زۆرتر و گەورەتر لە کاتێکدا پەلەکردن لە بەربانگ کردنەوە خێری زۆرتر و پاداشتی گەورەترە وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی :** " لا يزال الناس بخير ما عجلوا الفطر " ( متفق عليه ) .

**واتە : بەردەوام خەڵکی لە چاکەدان تا ئەو کاتەی پەلە لە بەربانگ کردنەوە بکەن ، واتە ئەو کاتەی بازنەی خۆر بەتەواوی ئاوا ئەبێت نەك ئەو کاتەی تاریك دادێت و ئەستێرە دەرئەچێت .**

**٣ . زۆر قورئان خوێندن : قورئان خوێندن یەکێکە لە باشترین ئەو کارانەی کە لە ڕەمەزاندا ئەنجامی بدەی گرنگی قورئان لەئاستێکدا بووە کە زۆرێك لە پێشینان (** ســلف **) لە مانگی ڕەمەزاندا وازیان لە کتێبی فەرموودە و دانیشتن لە مەجلیسی زانایان ئەهێنا و مانگی ڕەمەزانیان بە قورئان خوێندن تەواو ئەکرد .**

**مانگی ڕەمەزانیش بە مانگی قورئان ناسراوە و قورئانیش لە مانگی ڕەمەزان دابەزیوە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێت :** ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾ ( البقرة : ١٨٥ ) .

**واتە : مانگی ڕەمەزان ، ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە ، ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ هەموو کارێکی چاك و چەندین بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕونی تێدایە بۆ شارەزا بوونی ڕێگای ڕاست و جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست .**

**بۆ نموونە (** سفيان الثوري **) وازی لە هەموو شتێك ئەهێناو گرنگی بە قورئان خوێندن ئەدا ، وە (** قتــادة **) هەر هەفتەیەك خەتمەیەکی تەواو ئەکرد ، وە لە ڕەمەزان لە سێ (٣) ڕۆژدا خەتمەیەکی ئەکرد ، ئیمامی (** زهري **) کە ڕەمەزانی بەسەردا ئەهات وازی لە هەموو زانستێکی شەرعی ئەهێناو ڕوی ئەکردە قورئان خوێندن .ئەوە حاڵی ئەوان بووە لەگەڵ قورئان .**

**باوەڕدارانی بەڕێز داواتان لێناکەم ڕۆژی خەتمەیەك بکەن بەڵکو هیچ نەبێت با نەچنە ڕیزی ئەوانەی خوای پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێت :** ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُوراً ﴾ ( الفرقان : ٣٠ ) .

**واتە : پێغەمبەر ﷺ فەمووی : ئەی پەروەردگارم بێگومان . وەك خۆت ئاگەداری . گەل و هۆزەکەم وازیان لەم قورئانە هێناوە و پشت گوێیان خست و شوێنی نەکەوتن و لێی دورکەوتنەوە .**

**وە مژدەش بێت بۆ ئەوانەی کە قورئان ئەخوێنن چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " الصيام والقــرآن يشفعان للعبد يوم القيامة يقول الصيام أي رب إني منعته الطعام والشهوات بالنهار فشفعني فيه يقول القرآن رب منعته النوم بالليــل فشفعني فيه فيشفعان " ( صحيح الجامع الصغير / ٣٨٨٢ ) .

**واتــە : لــە ڕۆژی دوایــی دا ڕۆژو و قورئــانی پــیرۆز شــەفاعەت دەکــەن بــۆ خاوەنــەکانیان ، ڕۆژوو ئــەڵێت : پەروەردگارم لە دونیادا خواردن و ئارەزوەکانم لێ قەدەغە کردبوو خوایە لەبەر من لێی خۆش بە ، قورئانیش ئەڵێت منیش شەوان خەوم لێی قەدەغە کردبوو ، جا خوایە لەبەر من لێی خۆش بە پاشان فەرمووی : خوای**

پەروەردگار لەبەر ئەوان لێی خۆش ئەبێت ... بە واتایەکی تر هەردووکیان ئەبنە شەفاعەت کار بۆی . دەبا ئەم هەلە زێڕینە لە دەست خۆمان نەدەین .

بەڕاستی گریانم دێت بۆ حاڵی خوێندەوارەکانمان ، لە ڕەمەزان دەچێتە مزگەوت و چاوەڕوانی بانگ ئەکات و لەگەڵ تەواو بوونی نوێژەکەی دەرئەچێ و وەك بڵێی ئەو هەموو قورئانەی مزگەوتی نەدیبێت و بەرچاوی نەکەوتبێت !!

باوەڕداری لە خواترس تەماشاکردنی تەلفزیۆن و سەتەلایت و پیاسەی شەوانی سەر جادەکان بگۆڕە بۆ کاری چاکە ، هیچ نەبێت بەشێك لە کاتەکانت تەرخان بکە بۆ قورئان خوێندن خوای گەورەیش ئەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ) .

واتە : ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و دڵیان ئارام دەگرێت بەیادی خوا ، ئاگەداربن کە هەر بەیادی خوا دڵەکان ئارام دەگرن .

بۆیە ئەگەر بێت و تەنها لە کاتی نوێژەکاندا لە پێش هەر نوێژێك پەڕەیەك قورئان بخوێنی و لە پاش هەرنوێژێك پەڕەیەك قورئان بخوێنی ئەوا هەموو ڕۆژێك ١٠ پەڕە قورئان ئەخوێنی کە دەکاتە جوزئێك واتە لەماوەی مانگی ڕەمەزان خەتمەیەکی تەواو بەکاتێکی کەم دەکەی . پێم بڵێ چ سودێکت لە تەلەفزیون دەست کەوتوە ؟ چ سودێکت لە هاوڕێی خراپ بینیوە ؟ کچان و ژنانیماڵیش هەر لە نیوەڕۆوە بیر لەوە ئەکەنەوە چ خواردنێکی خۆش لێبنەن بۆ بەربانگ بۆ ئەم مەبەستەیش ڕۆژ لە مەتبەخ بە سەر ئەبەن .

خوشکان لە ئێوە وابێت ژنانی سەلەف مانگی ڕەمەزانیان بە دروستکردنی خواردنی خۆش بەسەر بردووە ؟ هیچ نەبێت بەشێك لە کاتەکانت تەرخان بکە بۆ قورئان خوێندن ... **گرنگی دانیش بە قورئان چەند لایەنێك لەخۆی ئەگرێ لەوانەش :**

یەکەم / قورئان خوێندن بە تێگەیشتنەوە : ڕەمەزان لەدوای ڕەمەزان تێئەپەڕێ خەمی هەریەکێکمان ئەوەیە کەی خەتمەکەی تەواو بکات ، ئەمە کارێکی باشە و پاداشتێکی گەورەی تیایە پێشینیش قورئانیان زۆر ئەخوێند بەڵام ئاخۆ بەخێرایی خوێندنەوەی قورئان هیچ سودێکی هەیە بۆمان ؟ پێم وابێ تەنها وەکو خوێندنەوەی کتێبێکی ئاساییە بەڵکو ڕەنگە هەڵەیشی زۆر تیا بکەین ، ڕەنگە بپرسی ئەی چی بکەین باشە ؟ پێت ئەڵێم باش وایە لەسەر خۆمان و بە تێگەیشتنەوە قورئان بخوێنین چونکە قورئان کتێبی شیعر ڕۆمان نیە ، قورئان یاسایەکە تاوەکو لێی تێنەگەی چێژ لەخوێندنەوەی وەرناگری بۆ ئەم کارەش باش وایە تەفسیرێکی عربی ( شێخ سعدي یان ابن كثير ) یان تەفسیرێکی کوردی متمانە پێکراوت لەبەردەست دا بێت و بەجوانی لە ئایەتەکان بکۆڵیتەوە و تێبگەی چونکە یەك جار خەتمی بکەی بە تێگەیشتنەوە لەوە باشترە سەد جار خەتمی بکەیت و لێی تێنەگەی زانای پایە بەرز ( ابن تيمية ) فەرموویەتی : (( ربما طلعت على الأية الواحدة نحو مئة مـــرة ! ثم أسئل الله و أقول يا معلم آدم علمني )) .

واتە : ڕەنگە تەنها ئایەتێك نزیکەی سەدان جار خوێندبێتمەوە ! پاش ئەوەش لە خوام داوا کردوە و وتومە : ئەی فێرکاری ئادەم فێرم بکە .

ئەمە حاڵی زانایەکی پایە بەرز بێت ئێمە بڵێین چی ؟ ئومێد ئەکەم لاوەکانمان لەکاتی خوێندنەوەی قورئان کتێبێکی تەفسیر لای خۆیان دانەن بۆ ئەوەی باشتر لەقورئان تێبگەن و چێژێکی زیاتر لەخوێندنەوەی وەربگرن .

دووەم / فێرکردنی قورئان : زۆرجار لە مزگەوتەکان یان لەماڵ گوێمان لەدەنگی ئەو کەسانە ئەبێت قورئان ئەخوێنن هەڵەیەکی زۆر ئەکەن و بەجۆرە دەنگێك ئەیخوێنن کە شەرع ڕێگای پێنەداوە بۆیە لە جیاتی خەوتن و پیاسەی سەرجادەکان هەوڵ بدە ئەمە بەهەل بزانە و کاتێك تەرخان بکە بۆ فێرکردنی خەڵکی ئەمەش لەپاش نوێژی عەسر ، بۆ نمونە هەوڵ بدە کۆمەڵێ کەس بانگ بکەی ڕۆژانە دەرسی قورئانیان بدەیت و فێریان بکەیت . بەم کارەت سەرەتایەك دروست ئەکەی بۆ کەسانێك کە حەزیان لەقورئان خوێندنە و توانایان نیە ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمویەتی : " خيركم من تعلم القرآن وعلمه " ( رواه البخاري ) .

واتە : باشترین کەستان ئەوانەن کە فێری قورئان ئەبێ و پاشان خەڵکیش فێری قورئان خوێندن ئەکات .

بەتایبەتی لاوان حەق وایە لەجیاتی کۆبونەوە لەسەر یاری کردن و غەیبەت و خەوتن .... هتد ڕۆژانە هیچ نەبێ نیو سەعات تەرخان بکەن ، کامیان باشتر بوو فێری ئەوانی تر بکات . پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " إن الدال على الخير كفاعله " ( صحيح الجامع الصغير / ١٦٠٥ ) .

واتە : هەرکەسێك خێرێك نیشان خەڵکی بدات ، ئەوا بەئەندازەی هەموو ئەوانەی کاری پێ ئەکەن خێری ئەگات .

سێ یەم / ماڵ و قورئان خوێندن : زۆرێك لەباوکان و برایان خوا لێیان ڕازی بێت عەسران لەمزگەوت قورئان ئەخوێنن ئەمە کارێکی باشە بەڵام کە لێی ئەپرسی کور و کچەکەت چی ئەکەن یان برا و خوشکەکانت سەرقاڵی چین نازانێ لەکۆڵانن یان سەرقاڵی تەلەفزیۆنن باش وایە ئەو کاتانە تەرخان بکەن و لەپاش نوێژ لەمزگەوت بگەڕێنەوە ماڵەوە و مناڵەکانیان فێری قورئان خوێندن بکەن ئەمەش بۆ پاراستنی مناڵەکانی و پتەوکردنی پەیوەندی خێزانی و زیندوکردنەوەی ماڵ بە زیکر کردنی پەروەردگار و گۆڕینی کردەوەی خراپی ماڵ بە کردەوەی چاکە ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەتوانیت خشتەیەکی ڕۆژانە دانەی بۆ ماڵ بۆ فێرکردنی قورئان خوێندن و لەبەرکردنی چونکە ئێوەی باوکان و دایکان بەرپرسن لە مناڵەکانتان هەروەك پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " والرجل راع على أهل بيته وهو مسؤول عن رعيته والمرأة راعية على بيت زوجها وولده وهي مسؤولة عنهم " ( متفق عليه ) .

واتە : پیاویش کاربەدەستە لە سەر ئەندامانی خێزانەکەی و هەر ئەویش بەرپرسە لە سەر ژێردەستەکەی ، و ئافرەتیش کاربەدەستە لە سەر ماڵ و سامان و منداڵی مێردەکەی و هەر ئەویشە بەرپرسە لە سەریان .

جارێکی تر پێتان ئەڵێم : داواتان لێناکەم لە ڕەمەزاندا (١٠) خەتمە بکەن بەڵکو داواتان لێ ئەکەم هیچ نەبێت (١) خەتمە بکەن بۆ ئەوەی لە قیامەتدا شەفاعەتتان بۆ بکات ، وە فیری خەڵك بکەن بۆ ئەوەی لەوانە بیت پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەیانەوە فەرموویەتی : "خيركم من تعلم القرآن وعلمه" ( رواه البخاري).

واتە : باشترین کەستان ئەوانەن کە فێری قورئان ئەبێ و پاشان خەڵکیش فێری قورئان خوێندن ئەکات .

٤ . ئەنجامدانی پێنج فەرزەی نوێژ لە مزگەوت و بە جەماعەت : مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەرفەتێکی باشە بۆ ڕاهاتن لە سەر ئەوەی دوای ڕەمەزانیش نوێژەکان بە جەماعەت بکەی ئەگەر بە درێژایی مانگی ڕەمەزان سەرکەوتی ، هەوڵ بدە لە دوای ڕەمەزانیش هەر بە جەماعەت نوێژەکانت بکە .

ئەی ئەگەر تا ڕۆژی مردن بە جەماعەت نوێژ بکەی ئەوا بێ گومان پاداشتەکەی بە هەشتی بەرینە ، دڵنیایش بە پاداشتی یەك نوێژی جەماعەت و لە مزگەوت بەقەدەر پاداشتی (٢٧) ، نوێژە بەتەنها ئەنجامی بدەی هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " صلاة الجماعة تفضل صلاة الفذ بسبع وعشرين درجة " ( متفق عليه ) .

واتە : نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لە نوێژی بەتەنها بە ٢٧ پلە ، واتە نوێژێکی جەماعەت خێری ٢٧ نوێژی بە تەنهای هەیە .

هەروەها پێویستە هەوڵی ئەوە بدەی لە یەکەم ڕکاتەوە ئامادەی نوێژی جەماعەت بیت . چونکە سوربون لە بەردەوام بوون لەسەر تەکبیرەی ئیحرام سەرەتایەکە بۆ پەیوەست بوون بە مزگەوتەوە ، بەڵام بەداخەوە پەلەکردن بۆ نانی ئێوارە و زۆر خواردن وای لەزۆرێك لە موسڵمانان کردوە تەکبیرەی ئیحرامیان لەدەست بچێت لەکاتێکدا ئەو پاداشتەی لە تەکبیرەی ئیحرامدا هەیە زۆرگەورەیە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " من صلى لله أربعين يوما في جماعة يدرك التكبيرة الأولى كتب له براءتان براءة من النار وبراءة من النفاق " ( صحيح الترغيب و الترهيب : ٤٠٩ ) .

واتە : ئەو کەسەی کە (٤٠) ڕۆژ نوێژەکانی لە مزگەوت و بە جەماعەت بکات بە مەرجێك بگاتە ( الله اكبر )ی نوێژ دابەستن ، ئەوا خوای پەروەردگار لە دوو ڕویی و ئاگری دۆزەخ ئەیپارێزێ .

ئەمە جگە لەو پاداشتە گەورەیەی کە لە هاودەنگ بونی ئامین کردنی لەگەڵ ئامینی پێش نوێژدا دەستی ئەکەوێ ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " إذا أمن الإمام فأمنوا فإنه من وافق تأمينه تأمين الملائكة غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) ، واتە : ئەگەر پێشنوێژ ( إمام ) ئامینی کرد لەپاش ئەو ئێوەش بڵێن ئامین ، چونکە ئەو کەسەی ئامینەکەی لەگەڵ ئامینی فریشتەکانی خوادا یەکی گرت ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

بۆیە ئەگەر لە مزگەوت نوێژەکانت نەکەیت ئەوا بەلای کەمەوە ئامینەکانت لەگەڵ ئامینی فریشتەکان یەك ناگرێتەوە و ئەو خێرە گەورەیەش لەدەست خۆت ئەدەیت .

بۆیە هەوڵ بدە بەردەوام بیت لەسەر تەکبیرەی ئیحرام بۆ ئەوەی لە ڕیزی ئەو کەسانە بیت لەو فەرمودەیە باسیان کراوە ، ڕەمەزانیش بکەرە سەرەتایەك بۆ هەموو مانگەکانی تر .

ڕیزی یەکەمیش لە ڕیزەکانی تر پاداشتی زۆرترە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " لو يعلم الناس ما في النداء والصف الأول ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا " ( رواه البخاري ومسلم ) .

واتە : ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە بانگ و ڕیزی یەکەم چیان تێدایە ، ئەگەر دەست نەکەوتایە بە تیر و پشك نەبێت ، تیر و پشکیان بۆ ئەکرد . لێرەشدا مەبەست گەورەیی ئەو خێرەیە کە لە ڕیزی یەکەمی نوێژی جەمەعات دایە .

ماوەتەوە بڵێم ئەگەر ئەتەوێ لەو کەسانە بیت کە لە قیامەتدا لەسێبەری عەرشی خوای پەروەردگار ئەبن ئەوا نوێژەکانت لە مزگەوتدا بکە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك باسی ئەو حەوت کەسەی کرد لەقیامەتدا لە سێبەری عەرشی خوا ئەبن فەرمووی : " وشاب نشأ في عبادة الله ورجل قلبه معلق بالمسجد " ( متفق عليه ) .

واتە : وە لاوێك لە پەرستنی خوای پەروەردگار گەش و نمای کردبێ و گەورە بووبێت ، پیاوێکیش کە دڵی پەیوەست بێت بە مزگەوتەوە ... جا خۆت خاوەن بڕیار بە وبڕیار بدە .

٥ . دوعا و زیکرکردن : زۆر دوعا کردن لەم مانگەدا کارێکی پێویستە چونکە بە درێژایی ( ١١ ) مانگ تاوان کردن پێویستی بە پاڕانەوەیەکی زۆر هەیە بە تایبەت لە مانگێکی پیرۆزی وەکو مانگی ڕەمەزان کە پاڕانەوە

**تیایدا گیرایە وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی :** " ثلاث دعوات مستجابات دعوة الصائم ودعوة المظلوم ودعوة المسافر " ( صحيح الجامع الصغير / ٣٠٣٠ ) .

**واتە : سێ پاڕانەوە هەن وەڵام ئەدرێنەوە : پاڕانەوەی ڕۆژووان و پاڕانەوەی ستەم لێکراو و پاڕانەوەی ڕێبوار .**

**هەروەها فەرموویەتی :** " إن لله تعالى عتقاء في كل يوم وليلة لكل عبد منهم دعوة مستجابة " ( صحيح الجامع الصغير / ٢١٦٩ ) .

**واتە : خوای پەروەردگار لە هەموو ڕۆژو و شەوێکی مانگی ڕەمەزاندا چەندەها کەس لەئاگر ڕزگار ئەکات ، هەروەها بۆ هەموو بەندەیەك پاڕانەوەیەك هەیە تیایدا وەڵام ئەدرێتەوە .**

**خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێت :** ﴿ وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ ﴾ ( الأعراف : ٢٠٥ ) .

**واتە : وە لە دڵ و دەروونتدا بە پاڕانەوە و ترسەوە یادی پەروەردگارت بکە لە بەرەبەیانی و دەماو دەمی ئێواراندا بەبێ ئەوەی دەنگ بەرز بکەیتەوە ، وە لە بێئاگایان مەبە .**

**هەروەها ئەفەرموێ :** ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾ ( غافر : ٦ ) .

**واتە : وە پەروەردگارتان فەرموویەتی : لێم بپاڕێنەوە وەڵامی پاڕانەوەکانتان ئەدەمەوە بەڕاستی ئەوانەی لە بەتەنهاپەرستنی مندا خۆیان بە گەورە ئەزانن بێگومان بە سەرشۆڕی ئەچنە دۆزەخەوە .**

**پاڕانەوەش جۆری زۆرە وەك پاڕانەوەی دوای دەست نوێژ و دوای بەربانگ کردنەوە و نێوان بانگ و قامەت و لەکاتی بەربانگ و لەکاتی پارشێو و ... هتد . دەسا موسڵمانان خۆتان بێبەش مەکەن لەم مانگە پیرۆزەی پاڕانەوە تیایدا گیرایە . دەتۆش بۆ ئەوەی لەو کەسانە بیت کە لە قیامەتدا لە سێبەری عەرشی خوا ئەبن هەوڵ بدە ئەو کاتانەی خەڵکی خەوتون تۆ بەخەبەر بەو لەخوای پەروەرددگار بپاڕێرەوە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەوانەی لە قیامەتدا لە سێبەری عەرشی خوا ئەبن فەرمویەتی :** " ورجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه " ( متفق عليه ) .

**واتە : وە کەسێك لە پەنهانیدا یاد و زیکری خوای پەروەردگار بکات و فرمێسك بە چاوەکانیدا بێتەخوارەوە .**

**خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ :** ﴿ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴾ ( آل عمران : ١٩١ ) .

**واتە : ئەو کەسانەی کە بە پێوە و بە دانیشتن و لەسەر تەنیشت و بە ڕاکشانەوە یادی خوا ئەکەن و لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەمین ڕادەمێنن و بیر ئەکەنەوە و ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمە هەرگیز تۆ ئەم دروستکراوە پڕ لە وردکاریەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردوە تۆ لەهەموو ناتەواوییەك پاك ڕائەگرین دەسا تۆیش لە سزای ئاگر بمانپارێزە .**

**بۆیە لە جیاتی ئەوەی خۆت بە تەلەفزیۆن و دەمەتەقێی سەر سفرەی نان و شتی لاوەکی و خراپەوە سەرقاڵ بکەی ، باشتر وایە خۆت سەرقاڵی پاڕانەوە بکەیت بەتایبەتی لەکاتی بەربانگ کردنەوە هەروەك پێغەمبەری خوا**

ﷺ **فەرموویەتی : "** إِنَّ لِلصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ لَدَعْوَةٌ مَا تُرَدُّ " ( أخرجه ابن ماجه : (١/ ٥٥٧) ، والحاكم : (١ / ٤٢٢) ، وابن السني رقم : (١٢٨) ، والطيالسي رقم : ( ٢٩٩ ) من طريقين عنه . وقال البوصري ( ٢ / ٨١ ) : هذا إسناد صحيح رجاله ثقات ... ) .

**واتە : ڕۆژووان لە کاتی بەربانگیدا پاڕانەوەیەکی هەیە ، هەرگیز ڕەت ناگرێتەوە ، کەبەداخەوە کەم خەڵکێك هەیە قەدری ئەم کاتە زێرینە بگرێ و سودی لێوەر بگرێ .**

**٦ . بەربانگ دان بە ڕۆژوەوان : بۆ ئەوەی لەیەك مانگدا پاداشتی دوو مانگی ڕەمەزانت دەست بکەوێ ؟ ئەوا بەربانگ بدە بە خەڵکی ڕۆژووان چوکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :** " من فطر صائما كان له مثل أجره غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيء " ( صحيح الترغيب و الترهيب : ١٠٧٨ ) .

**واتە : هەر کەسێ لە کاتی بەربانگ دا خواردن بدات بە ڕۆژووەوانێك ، وەکو پاداشتی ئەو ڕۆژووانەی دەست دەکەوێت بێ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووانەکە کەم بێتەوە .**

**ئەمەش یەکێکی ترە لە دەرگاکانی خێر و چاکە لە مانگی ڕەمەزاندا .**

**بۆیە برای بەڕێزم ئەگەر ڕۆژانە تەنها (١٠٠٠) دینار تەرخان بکەی بۆ بەربانگ پێکردنەوەی ڕۆژوەوانێك ئەوا تەنها بە (٣٠٠٠٠) دینار پاداشتی دوو**
**مانگی ڕەمەزانت دەست ئەکەوێ .**

**لەوێنەی ئەم کارەش بەربانگ پێکردنەوەی خزم و دراوسێ لەگەڵ پاداشتەکەی خێرێکی ترت دەست ئەکەوێت ئەویش گەیاندنی صیلەی ڕەحمە کە پشت گوێ خستنی کارێکی زۆر سەختە و تاوانێکی گەورەیە وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی :** " الرحم معلقة بالعرش تقول من وصلني وصله الله ومن قطعني قطعه الله " ( متفق عليه ) .

**واتە : گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی هەڵوەستراوە بە عەرشی خوای پەروەردگارەوە ، و دەڵێت : ئەوەی من دەگەیەنێت خوای پەروەردگار بیگەیەنێت ، ئەوەش من دەبڕێت خوای پەروەردگار بیبڕێت .**

**یان ئەتوانن کۆمەڵێ هاوڕێ هەر ڕۆژەو یەکێکیان بەربانگ بەوانی تر بکاتەوە ، دەتۆش موسڵمانی بەڕێز بۆ ئەوی لە ڕۆژێك پاداشتی چەندجارە وەربگری بەربانگ بە چەند موسوڵمانێك بدە .**

**٧ . بەردەوام بوون لە سەر نوێژی تەراویح بە جەماعەت : نوێژی تەراویح یەکێکە لەو پەرستشە گرنگانەی کە تام و چێژێکی تایبەتی بە مانگی ڕەمەزان ئەبەخشێ و لە سەر خواپەرستی لە مزگەوتدا کۆمان ئەکاتەوە ، کەچی زۆربەی کوڕان و باوکان ئەوەندە ئەخۆن تواناى ئەوەیان نامێنێ بچن بۆ مزگەوت ، و نوێژەکانیان لەماڵەوە ئەکەن ، و تەراویحەکەشیان لەدەست ئەچێ و ئەیکەنە قوربان تێربوونی سکیان ، بەمەش (٢) خێری گەورەیان لە دەست ئەچێت :**

**یەکەمیان : نوێژی عیشا بەجەماعەت کە خێری (٢٧) نوێژی تاکی هەیە .. هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " صلاة الجماعة تفضل صلاة الفذ بسبع وعشرين درجة " ( متفق عليه ) .

**واتە : نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لە نوێژی بەتەنها بە (٢٧) پلە .**

**دووەمیان : پاداشتی شەونوێژێکی تەواوی لەدەست ئەچێ . هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " إن الرجل إذا صلى مع الإمام حتى ينصرف كتب
له قيام ليلة " ( صحيح الجامع الصغير / ١٦١٥ ) .

**واتە : ئەگەر کەسێك لەگەڵ پێش نوێژ بە جەماعەت نوێژەکانی شەوی کرد . نوێژی عیشا و بەیانی . تا تەواو ئەبێ ئەوە شەونوێژێکی تەواوی بۆ ئەنوسرێ .**

بێگومان بە ماوەیەکی کەم بە ئەنجامدانی نوێژی عیشا بە جەماعەت خێری بیست و حەوت نوێژی تاکت دەست ئەکەوێت و لەگەڵ ئەنجامدانی تەراویحیشدا بە ماوەی کەمتر لە نیو سەعات پاداشتی شەونوێژێکت ئەگات ، بەواتایەکی تر بە ماوەیەکی کەم و بەکارهێنانی وزەیەکی کەم خێرێکی گەورەت دەست ئەکەوێت .

خوشکان و دایکانیش لەئەنجامی ئەو هەموو خواردنە لێیان ناوە ماندون لەپاش هەڵگرتنی سفرەی نان یان بەرەو لای سەتەلایتەکە تاو ئەدەن !! یان بەرەو خەوتن !!! بۆیە پێویستە باوك و براكان نوێژەکانیان لەمزگەوت بکەن و بیکەنە سەرەتایەك بۆ دوای ڕەمەزانیش بەردەوام بن لەسەری ، هەروەها ماڵەوەش ئاگەداربکەنەوە ئەگەر زۆر بن لەناوخۆیاندا کچان و دایکیان نوێژی تەروایح بکەن ، گەر زۆریش نەبون ئەوا با هەر شەوێ لە ماڵە دراوسێ یەکدا کۆ ببنەوە ، و نوێژی تەراویح ئەنجام بدەن بەم شێوەیە هەموو ئەندامانی خێزان لە خۆشبەختی ئەژین ، تەنانەت ئافرەتانیش ئەتوانن لە مزگەوت نوێژی تەراویح بکەن بەتایبەتی لەم ڕۆژگارە کە ( الحمد لله ) لە مزگەوتەکان شوێنی تایبەت بۆ ئافرەتان تەرخان کراوە بۆیە لەسەر باوکان و براکان و میردەکانە ڕێگری نەکەن لە خوشك و کچ و خێزانەکانیان ، تەنانەت باش وایە لەگەڵ خۆیان بیانبەن بۆ ئەو مزگەوتانەی جێگای تایبەتی تیایە بۆ ئافرەتان .

پێم وابێ ئەگەر خوشکان و دایکان شەوی نیو سەعات لەمانگی ڕەمەزان بۆ پەروەردگار تەرخان بکەن لێیان کەم نابێتەوە ، و لەوەش باشترە بەدیار زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانەوە چاوی خۆیان ئازار بدەن ، و کاتی خۆیان بە فیڕۆ بدەن چونکە پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووەتی : " أفضل الصلاة بعد الفريضة صلاة الليل " (رواه مسلم ) ، واتە: باشترین نوێژ لەدوای نوێژە فەرزەکان شەو نوێژ کردنە .

هەروەها فەرموویەتی : " ومن قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) .

واتە : وە هەرکەسێك شەوانی ڕەمەزان بە تەراویح زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

بۆیە هەوڵی ئەوە بدە ماندوو بوون و زۆر خواردن و خەوتن زاڵ نەبن بە سەرتا بۆ ئەوەی ئەم پاداشتە گەورەیەت لە دەست نەچێت ئەوەیشت لە یاد بێت لە ساڵێکدا تەنها یەك مانگەو ئەڕوا کێ ئەڵێ ساڵێکی تر مەرگ دەرفەتی ئەوەت ئەدات تەراویح ئەنجام بدەی بۆیە ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە .

٨ . شەو نوێژکردن ( قيام الليل ) : گەورەیی پایەی شەونوێژ لە ئاستێکدایە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیەوە فەرموویەتی : " عليكم بقيام الليل فإنه دأب الصالحين قبلكم وقربة إلى الله تعالى ومنهاة عن الإثم وتكفير للسيئات " ( صحيح الجامع الصغير/ ٤٠٧٩ ) ، واتە : شەونوێژ ئەنجام بدەن چونکە داب و کردەوەی پیاوچاکانی پێش ئێوەیە ، و نزیك بوونەوەیە لە خوای پەروەردگار ، و ڕێگرە لە تاوان و هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانیشە .

هەروەها فەرمویەتی : " أفضل الصلاة بعد الفريضة صلاة الليل " ( رواه مسلم ) .

واتە : باشترین نوێژ لەدوای نوێژە فەرزەکان شەو نوێژ کردنە .

هەروەها فەرموویەتی : " ومن قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) .

واتە : وە هەرکەسێك شەوانی ڕەمەزان بە تەراویح زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

وە هەر گەورەیی ئەم فەرموودەیەش وای کردووە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بەردەوام بن لە سەر شەونوێژ ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەکو دایکە ( عائشة ) ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆمان

**دەگێڕێتەوە :** " أن رسول الله ﷺ كان يقوم من الليل حتى تتفطر قدماه فقلت له لم تصنع هذا وقد غفر لك ما تقدم من ذنبك وما تأخر قال أفلا أحب أن أكون عبدا شكورا " ( رواه البخاري ومسلم ) .

**واتە : پێغەمبەری خوا ئەوەندە شەونوێژی دەکرد تاکو پێکانی دەئاوسان ، منیش پێم ووت : بۆ ئەمە دەکەیت لە کاتێکدا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانی پێشوو و داهاتوت خۆش بووە ، ئەویش فەرمووی : ئایا حەزنەکەم کە بەندەیەکی سوپاسگوزار بم .**

**ئەمە لە کاتێکدا پێش وەخت خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش بوو بوو . ئەی ئێمە بڵێین چی ؟**

**( عەلی کوڕی ئەبو تالیب) یش لەم بارەیەوە فەرموویەتی :** " سفر الآخرة لطويل فيحتاج الى قطعه بسهر الليل " .

**وە** ( ابن عباس ) **یش فەرموویەتی :** " من أحب أن يهون الله عليه طول الوقوف يوم القيامة فليره الله في ظلمة الليل ساجدا و قائما يحذر الاخرة " .

**واتە : هەر کەسێك پێی خۆشە خوای پەروەردگار درێژی وەستانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر سوك و ئاسان بکات ، با لە تاریکیەکانی شەودا پەروەردگاری لە سوژدە و وەستانەکانی لە کاتی نوێژدا ببینێت ، کە هەوڵی خۆ پاراستن دەدات لە دژواریەکانی ڕۆژی دوایی .**

**لێرەدا ئەمەویت پێت بڵێم شەو نوێژ نیعمەت و دیاریەکی ترە لە پەروەردگارەوە بۆ بەندەکانی .**

**بۆچی مرۆڤ کە کارێك بۆ مرۆڤێکی دەسەڵات دار ئەکات تا بتوانێ ئەیرازێنێتەوە کە خاوەن کارەکەش لە بەرچاو بوو خۆی ماندوو ئەکات . کەچی بۆ خوای پەروەردگار خۆمان ماندوو ناکەین و خەوتن بەباشتر ئەزانین .**

**موسوڵمانی بەڕێز : ئەی ئەو کەسەی کە شەونوێژ ئەکەیت لە یەکێك لەو سەعاتانەی کە سەرقاڵی شەونوێژ ئەبیت پەروەردگار دائەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا بۆ تەماشاکردنی بەندە ڕاستگۆکانی بۆ ئەوەی داوای چی بکەن بیانداتێ بۆ ئەوەی تەوبەیان لێ وەربگرێ وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " إذا كان ثلث الليل أو شطره ينزل الله تبارك وتعالى إلى سماء الدنيا فيقول هل من سائل فأعطيه هل من داعي فاستجيب له هل من تائب فأتوب عليه هل من مستغفر فأغفر له حتى يطلع الفجر " ( رواه مسلم ) .

**واتە : خوای پەروەردگار هەموو شەوێك لە سێ یەکی شەودا یان لە نیوەی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا . دابەزینێك لایەق بێت بە گەورەیی و جەلالی خۆی . و دەفەرمووێت : ئایا داواکارێك هەیە پێی ببەخشم ؟ یان کەسێك هەیە داوای لێخۆشبوون بکات بۆ ئەوەی لێی خۆشبم ؟ یان کەسێك هەیە تۆبە بکات بۆ ئەوەی لێی ببورم ؟ ئەوەش تاکو فەجر ( گزنگ ) دەردەکەوێت .**

**هەروەها خوای پەروەردگار ئەفەرموێت :** ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبَابِ ﴾ ( الزمر : ٩ ) ، **واتە : ئاخۆ ئەو کەسەی کە لە ساتەکانی شەوگاردا بە پێوە ڕاوەستاوە و هەردەم سوجدە ئەبات بۆ خوا لە سزای پاشە ڕۆژیش ئەترسێ و خۆی ئەپارێزێ وە ئومێدیشی بە بەزەیی پەروەردگاری خۆیەتی و بەتەمای بەهەشتە ئایە کەسێکی وا وەکو ئەو کەسە وایە کە سەرپێچی کاربێ ؟ بڵێ : ئایە ئەو کەسانەی کە شارەزا و زانان لەگەڵ ئەو کەسانەدا یەکسانن کە ناشارەزا و نەزانن ؟ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە تەنها مرۆڤە ژیرەکان بیر ئەکەنەوە و ئامۆژگاری وەرئەگرن .**

**ئایا تۆ حەزناکەی پەروەردگار لیت ڕازی بێ و فریشتەکان مەدحت بکەن ؟ مەدحی مرۆڤ بۆ مرۆڤ مەدحێکی کاتیە بەڵام ڕەزامەندی خوا هەتا هەتاییە . تۆ حەزناکەی لەقیامەت دا لەسێبەری عەرشی خوای پەروەردگار**

بیت ؟ دەسا شەونوێژ بکە چونکە شەونوێژ کاتی دووعاکردنە کاتی پاڕانەوەیە ، چەندە بۆ نمرە لە مامۆستایەکت ئەپاڕێیتەوە ، لە مەسئولێك بۆ عەرزە لە دەوڵەمەندێك بۆ پارە ... هتد .

دە بۆ ساتێك لە پەروەردگار بپاڕێرەوە و لە تاریکی شەودا کە هەموو خەڵك خەوتوون دەستەکانت بەرز بکەرەوە و داوای لێخۆشبوون بکەو بڵێ : (( اللهم إنك عفوا وتحب العفوا فعف عنا )) .

٩ . خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی پەیوەستن بەڕۆژوو : بۆ زیاتر ئاشنابوون بە مانگی ڕەمەزان ئەوا چەندین کتێبی بەسود هەیە سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی ئەم مانگە تۆش وەکو موسوڵمانێك کە بە ڕۆژوو ئەبیت تەنها وەك کەڕ و لاڵ و کوێر بە ڕۆژوو مەبە هیچ نەبێ هەوڵ بدە  شتێك دەربارەی ئەم مانگە پیرۆژە بزانیت ، بۆ ئەم مەبەستەش دیاری  کردنی کاتێك ڕۆژانە بۆ خوێندنەوەی کتێبی بەسود بەتایبەتی کتێبی ( چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕەمەزاندا ) و ئەو کتێبانەی کە فەتوای تیایە سەبارەت بە ڕۆژوو ، هەروەها ئەو کتێبانە ی باس لە ڕۆژوو و پاداشتەکانی ئەکات لەگەڵ حوکمەکانی ، بۆ ئەمەش ئەتوانی چەند کتێبێك دیاری بکەیت و لە ماوەی مانگی ڕەمەزان بیان خوێنیتەوە و خۆت سود مەند ئەبیت و سودیش بە دەوروبەرت ئەگەیەنی ... لەگەڵ  دیاری کردنی کاتێك بۆ گوێگرتن لە فەتوای زانایان سەبارەت بە ئەحکامی ڕۆژوو و لایەنەکانی تری کە ئێستا بەزۆری لە سەر سیدی و بە کاسێت دەست ئەکەوێت ، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ شارەزابوونت لە ئاینەکەت چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ ( النحل : ٤٣ ) .

واتە : ئەگەر ئێوە شارەزاییتان دەربارەی شتێك نەبوو ئەوا پرسیار لە زانایان بکەن .

١٠ . ڕاهێنانی نەفس لەسەر ماڵئاوایی کردن لە تاوان : هەموومان ئەزانین شەیتان هۆکاری سەرەکی تاوان کردنی مرۆڤەکانە و بەهەموو شێوەیەك هالە هەوڵی فریودانی خەڵکی تا ئەو ڕادەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەیەوە ئاگەدارمان ئەکاتەوە وەك فەرمویەتی : " إن الشيطان يجري من الإنسان مجرى الدم " ( متفق عليه ) .

واتە : شەیتان بە ناو مولولەی خوێنی مرۆڤدا دەسووڕێتەوە ، هەروەکو چۆن خوێن بە ناویاندا دەسووڕێتەوە .

بۆیە ئەگەر لەو کەسانەی لە سەر تاوانکردن ڕاهاتووی وە بەلاتەوە ئاسان نیە وازی لێبهێنی ئەوا باشترین کات مانگی ڕەمەزانە بۆ ماڵئاوایی کردن لە تاوان و تێکۆشان لەپێناو بنەبڕ کردنی تاوان ، چونکە مانگی ڕەمەزان مانگی زنجیرکردن و بەندکردنی شەیتانەکانە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " إذا كان أول ليلة من شهر رمضان صفدت الشياطين ومردة الجن وغلقت أبواب النار فلم يفتح منها باب وفتحت أبواب الجنة فلم يغلق منها باب وينادي مناد يا باغي الخير أقبل ويا باغي الشر أقصر ولله عتقاء من النار وذلك كل ليلة " ( صحيح سنن الترمذي / ٦٨٢ ) .

واتە : کە ڕۆژی یەکەم بەسەردا دێت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، شەیتانەکان و یاخی بوو ( مردة ) ەکانی جنۆکە کۆت و زنجیر ئەکرێن و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ دەرگایەکی ناکرێتەوە ، و دەرگاکانی بەهەشتیش دەکرێنەوە و هیچ دەرگایەکیان داناخرێت ، و بانگەواز کارێك بانگ دەکات : ئەی ئەو کەسەی چاکەت ئەوێت چاکە بکە ، وە ئەی ئەو کەسەی خراپەت ئەوێت واز بێنە ، خوای پەروەردگاریش هەموو شەوێك لە شەوەکانی ئەم مانگە پیرۆە چەندەها کەس لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار ئەکات .

خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ ﴾ ( التحريم : ٨ ) .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە تەوبە و گەڕانەوەیەکی یەکجاری تا پەروەردگارتان لە گوناه و تاوانەکانتان خۆش ببێ .

لەم مانگەدا جەستەو نەفسیش ئامادەیە بۆ گۆڕان بەرەو باشتر و کەش و هەواش لەبار ئەبێ بۆت ، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوانەی گیرۆدەی تاوانن چونکە مانگی ڕەمەزان قوتابخانەیەکی پەروەردەییە بۆیە هەوڵبدە یەکێك بیت لە یەکەمەکانی ئەم قوتابخانەیە و ڕەمەزان بکە هۆکارێك بۆ وازهێنان لە تاوانەکانت هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾ ( البقرة : ١٨٥ ) .

واتە : مانگی ڕەمەزان ، ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە ، ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ هەموو کارێکی چاك و چەندین بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕونی تێدایە بۆ شارەزا بوونی ڕێگای ڕاست و جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست .

وە لەجۆری ئەو تاوانانەش خەڵکی گیرۆدەی بووە : جگەرەکێشان وگۆرانی وتەلەفزیۆن وغەیبەت وتەماشاکردنی حەرام ... هتد .

بۆیە موسڵمانی یەك خوا پەرست پشت بەخوا ببەستە و مانگی ڕەمەزان بکە سەرەتایەك بۆ بنەبڕکردنی تاوانەکانت .

١١ . سیواك کردن : سیواك کردن یەکێکە لەو سوننەتانەی پشت گوێ خراوە بەتایبەتی لەلایەن دایکان و خوشکانەوە کە بەداخەوە زۆرکەم ئەبینین دایکان و خوشکان سیواك بەکار بهێنن کە پاداشتێکی زۆری تیایە جگە لەوەی لە ڕوی تەندروستییەوە سودێکی زۆری هەیە وە ئەگەر بێت و کۆمەڵێ هاوڕێ بەپارەیەکی کەم کۆمەڵێك سیواك بکڕن و دابەشی بکەن بەسەر ماڵەوە یان بە سەر خەڵکی مزگەوت لە ماوەیەکی کەم ئەم سونەتە زیندوو ئەکرێتەوە.

گەورەیی سیواکیش لەوەدایە پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی : " لولا أن اشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة " ( متفق عليه ) .

واتە : ئەگەر بهاتبایە و لەسەر ئوممەتەکەم ناڕەحەت و قورس نەبوایە ، ئەوا فەرمانم پێ دەکردن لە کاتی هەموو دەستنوێژێك دا سیواك بکەن .

ئایە ئەتوێ لەو کەسانە بیت سونەتێك زیندو ئەکەنەوە ؟ سیواك بەدیاری بۆ خەڵکی بکڕە .

١٢ . بانگەواز کردن : قواستنەوی هەلی ئەم مانگە پیرۆزە بۆ ئامۆژگاری کردن و بانگەشەکردن بۆ ئاینی ئیسلام ، ئەرکی هەموو موسڵمانێکە بانگەشە بکات بۆ ئاینی ئیسلام هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " ألا كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته " ( متفق عليه ) ، واتە : وە ئەوەش بزانن هەمووتان کاربەدەستن و هەمووشتان بەرپرسیارن لە ژێردەستەکەتان .

خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾ ( فصلت : ٣٣ ) .

واتە : کێ ووتەی چاکتر و بەجێ ترە لەو کەسە ( خەڵك ) بۆ لای خوا بانگ ئەکات و کاری چاکە ئەکات و ئەڵێ بێگومان من لە کۆمەڵی موسوڵمانانم .

وە ئەگەر ئەم بانگەشە کردنە لەمانگی ڕەمەزاندا بوو ئەوا خێرەکەی لەمانگەکانی تر زۆرترە وەك لەپێشدا باسمان کرد کە چاکە لە ڕەمەزان چەن جارەیە ، بانگەواز کردنیش چەندین جۆری هەیە بۆیە لە جیاتی ئەوەی ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان بە خەوتن تەواو بکەی ئەوا ڕۆژانە با چەندین نامیلکە و شریتی ئاینیت بەردەوام

پێبێت و كە دەگەیتە هاوڕێكانت بەسەریاندا دابەشی بكە بۆ ئەوەی كاتەكانت بەشتی چاكە بە سەر ببەیت و لەگەڵ ڕۆژوەكەشت خێرێكی ترت بگات كە بانگەواز كردنە بۆ ئایینی ئیسلام . بۆ نمونە ئەگەر حەفتەی یەك جاریش بێت بەتایەتی ئەو كاتانەی مزگەوت قەرەباڵغە وەك ڕۆژی جمعە و شەوانی تەراویح چونكە خەڵكێكی زۆر سەردانی مزگەوتەكان ئەكەن ئەتوانێ لەو كاتانەدا شریت و نامیلكە و كتێبی بەسود دابەش بكەی بەسەر برادەرو دۆستەكانت تەنانەت ئەوانەش كە نایان ناسی .

ڕەنگە بە دیارییەكی بچوك كەسێك هیدایەت بدەیت ئەو كاتەش پێغەمبەری خوا ﷺ مژدەت پێ ئەدا وەك فەرمویەتی : " فوالله لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من أن يكون لك حمر النعم " . متفق عليه .

واتە : سویند بە پەروەردگار ، ئەگەر بەهۆی تۆوە خوای پەروەردگار هیدایەتی كەسێك بدات ئەوا چاكترە بۆت لەوەی كە چەندەها وشتری گران بەهاو بەنرخت هەبێ .

وە ئەتوانی لە سەریان بنوسی دیاری مانگی ڕەمەزان و تەنانەت بینێری بۆ مالآنیش وە لە جۆرەكانی تری بانگەواز قواستنەوەی هەلی ڕەمەزان بۆ ئامۆژگاری كردنی ئەوانەی تەنها لە ڕمەزان نوێژ ئەكەن ئەمەش بە ئاراستە كردنی ئامۆژگاری بە شێوەیەكی نەرم و نیان و لەسەرخۆ ، لەگەڵ پێدانی نامیلكە و كتێب و ڕۆژانە لەگەڵ خۆت بیان بەی بۆ مزگەوت و ئاگاداریان بكەیتەوە لە مەترسی ئەو كارەی كە پێغەمبەرمان ﷺ لە بارەیەوە فەرمویەتی : " بين الكفر والإيمان ترك الصلاة " ( صحيح الجامع الصغير / ٢٨٤٩ ) .

واتە : وازهێنان لە نوێژ جیاكەرەوەی باوەڕە لە بێ باوەڕی .

ئەمەش لە ڕێگەی ئامۆژگاری كردن بە شێوەیەكی نەرم ونیان و بە گوفتاری شیرین و كرداری جوان و ڕەوشت بەرزی هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾ ( النحل : ١٢٥ ) .

واتە : بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین خەڵكی بانگ بكە بۆ ڕێگای پەروەردگارت ، و بە چاكترین شێوە لە گەڵیان بدوێ بێگومان پەروەردگارت خۆی چاك ئەزانێ بەوانەی گومڕا بوون و لایانداوە لە ڕێگاكەی وە هەر خۆیشی زانایە بەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاستن .

وە پێدانی دیاری و كتێبی بە سوود و گۆڤاری ئاینی و كاسێت و تاری ئاینی ، بەم كارەش دەچیتە ڕیزی ئەو كەسانەی پێغەمبەرمان ﷺ لەبارەیانەوە فەرمویەتی : " فوالله لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من أن يكون لك حمر النعم " . متفق عليه .

واتە : سویند بە پەروەردگار ، ئەگەر بەهۆی تۆوە خوای پەروەردگار هیدایەتی كەسێك بدات ئەوا چاكترە بۆت لەوەی كە چەندەها وشتری گران بەهاو بەنرخت هەبێ .

١٣ . خێركردن و ماڵ و سامان بەخشین لە پێناوی خوا : موسڵمانی یەك خوا پەرست مانگی ڕەمەزان یەكێكە لە هەلە زۆر باشەكان بۆ ئەنجامدانی كردەوەی چاكە ، یەكێك لەو كردەوە چاكانەش ماڵ و سامان بەخشینە لە پێناو خوای پەروەردگار . چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن الصدقة لتطفيء عن أهلها حر القبور ، وإنما يستظل المؤمن يوم القيامة في ظل صدقته " ( السلسلة الصحيحة / ٣٤٨٤ ) ، واتە : واتە : صەدەقە كردن گەرمی ناو گۆڕ دەكوژێنێتەوە لە سەر خاوەنەكانی ، بڕواداریش لە ڕۆژی دواییدا لە ژێر سێبەری صەدەقەكەی دەبێت .

وە ( ابن عباس ) یش فەرموویەتی : " كان رسول الله ﷺ أجود الناس بالخير وكان أجود ما يكون في رمضان " ( متفق عليه ) .

**وا تـه : پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەهـەموو کـەس بەخـشندە تـر بـوو ، وە لـە ڕەمەزانـدا لەهـەموو کاتێـك زیـاتر بەخشندە تر دەبوو .**

**هەروەها سەبارەت بەگەورەیی صدقە کردن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " الصدقة تطفيء الخطيئة كما يطفىء الماء النار " ( صححه الألباني في : تخريج مشكلة الفقر / ١١٧ ) .

**واتە : صەدەقە کردن ئاگری تاوان ئەکوژێنێتەوە هەروەك چۆن ئاو ئاگر ئەکوژێنێتەوە .**

**هەروەها سەبارەت بە دەرگاکانی بەهەشت فەرموویەتی :** " ومن كان من أهل الصدقة دعي من باب الصدقة " ( صحيح الجامع الصغير / ٦١٠٩ ) .

**واتە : ئەوەیشی لە ئەهلی صەدەقە کردن بێت لە دەرگای صەدەقە بانگ ئەکرێت بۆ چونە بەهەشتەوە ... واتە یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشت تەنها ئەوانە لێی ئەچنە ژوورەوە کە لەدونیادا لە ڕێی خوا ماڵ و سامانیان بەخشیوە و صەدەقەیان کردوە .**

**هـەروەها فەرموویـەتی :** " إن ظل المؤمن يوم القيامة صدقته " ( مشكاة المصابيح / ١٩٢٥ ) ، **واتـه : بەخشین و صەدەقە کردن سێبەری باوەڕدارە لە ڕۆژی قیامەت دا .**

**بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کۆمـەڵێك گـەنج کۆببنـەوە لـە پێـنج کـەس کـەمتر نـەبن هـەر یـەکی ڕۆژانـە هـەزاردینار پاشەکەوت بکەن لە ماوەی (٢٠) ڕۆژ ئەکاتـە (١٠٠٠٠٠) دینـار ، بەم بڕە پارەیەش ئەتوانن بە (١٠) ڕۆژ بێش جەژنی ڕمەزان .**

**ماڵێکی هەژاری پێ پۆشتە بکەنەوە ، گرنگی ماڵ و سامان بەخشینیش لەوەدایە کە خێرێکی ئێجگار زۆری تیایە و پاداشتێکی گەورەی بەدواوەیە بۆ موسڵمانان وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ ( البقرة : ٢٦١ ) .

**واتـە : وێنـەی ئەوانـەی لـەڕێی خـوا مـاڵی خۆیـان ئەبەخـشن وەك دەنکێـك تـۆو وایـە ڕوابێـت و حـەوت گوڵی گرتبێت ، لە هەر گوڵێکدا سەد دانەی تێدا بێت وە خوا لەمەش زیاتری ئەکات بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت وە خوا خاوەن بەهرەی فراوان و ئاگەدارە .**

**بیریشمان نەچێت ئەو ماڵ و سامانەی هەمانە هەمووی خوای پەروەردگار پێمانی بەخشیوە دەبا خێر و چاکە بکەین بەرلەوەی پەروەردگارمان سەرزەنشتمان بکات وەك ئەفەرموێت :** ﴿ لَن تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ٩٢ ) .

**واتـە : ئێوە هـەرگیز بـەخێر و چاکە ناگـەن و بەهەشت بەدەسـت ناهێنن تـا هەنـدێك لـەو دارایی و مـاڵ و سامانەی خۆشتان ئەوێ نەیبەخشن وە هەرچی ببەخشن ئەوە بێگومان خوا ئاگای لێیەتی .**

**هەروەها ئەفەرموێ :** ﴿ وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴾ ( البقـرة : ١٩٥ ) ، **واتە : وە لـەڕێی خـوادا مـاڵ و سامانی خۆتان ببەخشن و بەدەستی خۆتـان خۆتان مەخەنە تیاچوونەوە ، وە چاکە بکەن بەڕاستی خوا چاکەکارانی خۆش ئەوێت .**

**١٤ ـ ماڵ و سامان بەخشین بە ئاشکراو بە نهێنی : مـاڵ و سـامان بەخـشین پایەیـەکی تایبـەتی هەیـە لـەمانگی ڕەمەزان و هۆکارێکە بۆ قبوڵ بونی کردەوەکانی ترمان هـەروەك لـە پێشدا باسمان کرد ، جا ئەگـەر بـەنهێنی**

بیبەخشین ئەوا پاداشتەکەی هێندەی تر زیاد ئەکات هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ ( البقرة : ٢٦١ ) .

واتە : وێنەی ئەوانەی لەڕێی خوا ماڵی خۆیان ئەبەخشن وەك دەنكێك تۆو وایە ڕوابێت و حەوت گوڵی گرتبێت لەهەر گوڵێكدا سەد دانەی تێدا بێت وە خوا لەمەش زیاتری ئەکات بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت وە خوا خاوەن بەهرەی فراوان و ئاگەدارە .

وە ئەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (البقرة : ٢٧٤ ) .

واتە : ئەوانەی کە لە شەو و ڕۆژ بە پەنهانی و ئاشکرا ماڵ و دارایی خۆیان لەڕێی خوادا ئەبەخشن ، پاداشتیان لای پەروەردگاریان بەرچاو گیراوە ، نە هیچ ترسێكیان بۆ ئەبێ لەڕۆژی قیامەتدا و نە خەفەتبار و زویریش ئەبن بۆ دونیایان .

هەروەها ئەفەرموێ : ﴿ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ ( البقرة : ٢٦٢ ) ، واتە : ئەوانەی کە ماڵ و دارایی خۆیان لەڕێی خوادا ئەبەخشن و دوای ئەوە هیچ منەتێك ناکەن و دڵی هیچ کەس ناشکێنن پاداشتیان لای پەروەردگاریان بەرچاو گیراوە ، نە هیچ ترسێكیان بۆ ئەبێ لەڕۆژی قیامەتدا و نە خەفەتبار و زویریش ئەبن بۆ دونیایان . واتە ئەو کەسانەی کە خێرێكیان دا بە کەسێكی هەژار منەت ناکەن بەسەریا و نایدەن بەڕویا .

بۆیە دڵنیام هەوومان پێویستمان بە کردەوەیەك هەیە نهێنی بێت لەنێوان خۆمان و خوای پەروەردگار بۆ ئەوەی ببێتە سێبەر بۆمان لەقیامەت ، بەداخەوە خەڵكانێك هەن لە پارە و سامان بەخشین نەفسیەتی هەژارەکان ئەشکێننەوە بە بەرچاو خەڵكەوە هاوکاریان ئەکەن بۆیە باشترین خێرکردن ئەوەیە ( گەر پارە بوو یان خۆراك یان جل و بەرگ ) بە نهێنی بیبەخشی بە هەژاران ، بە واتایەکی تر با تەنها پەروەردگار بەم کارەت بزانێت ، دەسا ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە و شەوان خۆت ڕابهێنە لەسەر بەخشێن جارێك بە پارە و جارێك بە خواردن و جارێك بە جل و بەرگ و بیدە بە ئەو ماڵانەی هەژارن یان هەتیون ، ئامۆژگاریت ئەکەم خۆت بیبە و با کەسیش نەزانی ئەم کارە ئەکەیت چونکە پێویستت بەکارێكی چاکە هەیە نهێنی بێت لەنێوان خۆت و خوای خۆت ، دڵنیابە پاداشتێكت دەست ئەکەوێت کۆتایی نایەت ، وە بۆ ئەوەی لەو حەوت کەسە بیت لە قیامەت دا لە سێبەری عەرشی پەروەردگار بیت ئەویش وەك لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەرمان ﷺ باسی لەو حەوت کەسە کردوە و لەوانەش : " ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمينه " ( متفق عليه ) .

واتە : وە کەسێك کە بەخشین و صەدەقەیەك بکات ، بیشارێتەوە بە شێوەیەك دەستی چەپی نەزانێت دەستی ڕاستی چی بەخشیوە .

ئایە حەز ناکەیت لە قیامەتدا لە سێبەری عەرشی خوا بێت ؟ ڕۆژێك کە سێبەر نیە جگە لەو سێبەرە نەبێت ، ئایە ناتەوەێ وەکو عومەری کوڕی خەتاب بیت کە لە تاریکی شەو فەقیر و هەژارانی بەسەر ئەکردەوە ؟ ئەوەشی ئەم کارە بکات لە دونیا و قیامەتیشدا خۆش بەخت ئەبێت . ئایە تۆش ئەم کارە ئەکەیت و ناهێڵیت جگە لەخوا کەسی تر پێت بزانێت ؟

دەسا بەرلەوەی بمری کارێکی نهێنی بکە با لەنێوان خۆت و خوادا بێت و کەسی تر پێی نەزانێت کە ئەویش ماڵ و سامان بەخشینە بە نهێنی ، چونکە تەمەن دیاری کراوە و خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێت : ﴿ وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ ( المنافقون : ١٠ ـــ ١١ ) .

واتە : ببەخشن لەو ماڵ و سامانەی کردومانەتە ڕۆزیتان پێش ئەوەی مردن یەخەتان پێ بگرێ ئەوسا بڵێ : ئەی پەروەردگارم خۆزگە مردنی منت بۆ ماوەیەکی نزیك دوا بخستایە ئینجا ماڵم ئەبەخشی و لە چاکەکاران ئەبووم ، خۆ هەرکەسێك ئاکامی تەواو بوو هەرگیز خوا دوای ناخات ، جا کە وابوو پێش ئەوەی ئەو خۆزگە بێ جێگەیە بخوازن فریای خۆتان بکەون ، خوایش بەئاگایە بەو کارو کردەوە ئێوە ئەیکەن وە بەپێی ئەوەش پاداشت و تۆڵەتان ئەدات .

١٥ . مانەوە لە مزگەوت لەپاش نوێژی بەیانی تاخۆر هەڵهاتن : زۆر خەوتنی مانگی ڕەمەزان چەند سودی هەبێ دە ئەوەندە زیان بە موسڵمانان ئەگەیەنێ ، لە و زیانانەش لە دەس چونی عەمرەکردنە ، وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی : " من صلى الفجر في جماعة ثم قعد يذكر الله حتى تطلع الشمس ثم صلى ركعتين كانت له كأجر حجة وعمرة . قال : قال رسول الله ﷺ تامة تامة تامة " ( حسنه الألباني في : مشكاة المصابيح / ٩٧١ ) .

واتە : ئەوەی نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەنجامدا و پاشان لە مزگەوت مایەوە و زیکری پەروەردگاری کرد تاوەکو خۆر هەڵدێت پاشان دوو ڕکات نوێژی کرد ئەوە پاداشتی حەجێك و عەمرەیەکی تەواوی بۆ ئەنوسرێ .

بەڵام بەداخەوە خەڵکێکی زۆر بۆ کاتێکی کەمی خەوتن ئەم هەلە زێرینە لە دەست خۆیان دەرئەکەن و ئەم سونەتە جوانە زندو ناکەنەوە و بۆ نیو سەعات خەوتن حەج و عومرەیەکی ئامادەکراو لەدەست خۆیان ئەدەن .

١٦ . چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك : گوێڕایەڵی کردنی دایك و باوك هەمووکاتێك فەرزە بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزان ، وەك ئاشکرایە یەکێك لەو کارانەش لەپەروەردگار نزیکمان ئەکاتەوە ڕاگرتنی دڵی دایك و باوکە کە بەداخەوە جگە لەوەی دایك بەرەبەیان زوو لە خەو هەڵئەسێ و پارشێو ئامادە ئەکات و باوکیش دەچێتە سەر کار کەچی کوڕانێکی زۆر لەم مانگەدا لە سەر پشت تا ئێوارە لێی ئەخەون باوکیشیان لە سەر کاردەبێت ئێوارەش بە ماندوو بوونەوە دەگەڕێتەوە ماڵ کچانیش ئالودەی خەو دەبن و ئیش و کاری ماڵەوەش بە سەر دایکیانەوە بە جێ ئەهێڵن و ئێوارانیش سەتەلایت سەرقاڵیان ئەکات لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانێکی زۆر تاڵەوە مامەڵە لەگەڵ دایك و باوکیان دەکەن خۆیشیان بە کەسێکی ڕۆژوەوان ئەزانن وەك بڵێی ئاگایان لێ نەبێ پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ ( الإسراء : ٢٣ ) .

واتە : پەروەردگارت بڕیاری داوە کە : جگە لەخۆی نەپەرستن ، و لەگەڵ دایك و باوکیشدا چاکەکار بن .

هەرچەندە چاکەکاری لەگەڵ دایك و باوك ئەرکی سەرشانی هەمو ڕۆڵەکانە لە هەموو کاتێکدا ئەوا لەمانگی ڕەمەزاندا زۆر زۆر پێویست ترە چونکە لەم مانگەدا زیاتر ماندو ئەبن .

بۆیە موسڵمانان هیچ نەبێ یارمەتی دانی دایك و باوکیش زەرورە تەنانەت با قورئان خوێندنیش نەبێتە ڕێگرت لەبەردەم هاوکاری کردنیان چونکە هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە .

١٧ . ڕاهێنانی مناڵ لەسەر نوێژو ڕۆژوو گرتن : بە داخەوە زۆرێك لە خەڵك بە بیانووی ئەوەی کە کاتی ڕۆژوگرتنی منداڵەکانیان نەهاتوە دەرفەتی منداڵەکانیان نادەن لە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بن ئەگەر بۆ

ڕۆژێکیش بێت لە کاتێکدا مانگی ڕەمەزان با شترین دەرفەتە بۆ ڕاهێنانی منداڵەکانمان لە سەر نوێژکردن و ڕۆژووگرتن ، چونکە ئەو منداڵەی لە منداڵیدا دڵ و دەرونی ئالودەی ڕۆژوو بوو لە گورەییدا زۆر بە ئاسانی بەرگەی برسێتی و تینوێتی ئەگرێ ، بۆیە ڕاهێنانی منداڵ لە سەر ڕۆژوو گرتن باشترین هۆکارە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ڕۆژوو بەگەورەیی ، مەرجیش نیە (٣٠) ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ، هیچ نەبێت ساڵی (١٠) ڕۆژ بە سێ ساڵ لە سەر مانگەکە ڕادێت ، ئەرکی باوك و براکانیش ئەوەیە بە منداڵی بیانبەن و بە مزگەوتیان ئاشنا بکەن هەروەك پێغەمبەمان ﷺ فەرموویەتی : " مروا أبناءكم بالصلاة وهم أبناء سبع سنين واضربوهم عليها لعشر وفرقوا بينــهم في المضاجع " ( رواه أحمد وابو داود وصححه الألباني في إرواء الغليل / ٢٩٨ ) .

واتە : لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە ئەنجامدانی نوێژ ، وە لە تەمەنی (١٠) ساڵی لێیان بدەن ، لەسەر ئەنجام نەدانی نوێژەکانیان ، و لە یەکیشیان جیابکەنەوە لە جێگەی خەوتنیاندا .

هەروەها سەبارەت بە ڕۆژوویش ( ربيع ) ی کچی ( معوذ ) سەبارەت بە ڕۆژووی ( عاشـــوراء ) فەرموویەتی : (( كنا نصومه بعد ، ونصومه صبياننا ونجعل لهم اللعبة من العهن ـــ أي من القطن ـــ فإذا بكى أحدهم على الطعام أعطيناه ذلـــك ـــ أي اللعبة ـــ حتى يكون عند الافطار )) .

واتـە : ئێمـە ڕۆژووی مـانگی عاشـورامان دەگـرت ، بـە منداڵەکانیـشمان دەگـرت ، و لـە لۆکـە شـتومەکی یاریکردنمان بۆ دروست دەکردن ، جا ئەگەر یەکێکیان بگریایە ، ئەو شتومەکەی یاریکردنمان پێ دەدان ، تاکو نزیك بەربانگ دەبووینەوە .

بۆیە تۆش دەتوانی بۆ کات بەسەر بردنیان و سەرقاڵ کردنیان و دورخستنەوەیان لە بیرکردنەوە لە برسێتی ، ئەوا چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران و چیرۆکی مناڵانیان بۆ بخوێنیتەوە .

١٨ . کۆبونەوە لـە مەجلیسی چاکە : سـەردان کردنـی هـاوڕێ و دۆستان لـەمانگی ڕەمـەزان کـارێکی چاکە و پاداشتی تیایە ، بەڵام ئەبێ بزانین سەردانی کێ ئەکەین ، ئەوانەی لە پاداشتی ڕۆژوەکەمان زیاد ئەکەن یان ئەوانەی بە نوکتەو قسەی ناشەعی و پڕو پوچ لە پاداشتی ڕۆژوەکەمان کەم ئەکەنەوە ؟ بۆیـە موسڵمانی بەڕێز ئاگەداری سەردانەکانت بە چونکە پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرمویـەتی : " ومثل الجليس الصالح كمثل صاحب المسك إن لم يصبك منه شيء أصابك من ريحه ومثل جليس السوء كمثل صاحب الكير إن لم يصبك من سواده أصابك من دخانه " ( صحيح الجامع الصغير / ٥٨٣٩ ) .

واتە : نمونەی هاومەجلسی چاك و هاومەجلیسی خراپ : وەکو هەڵگری بۆنی میسك ( واتـە بۆن فرۆش ) و فوکار بە کورەدا ( واتە : کورەچی ) وایە ، جا هـەڵگری بۆنی میسك یان لـەو بۆنـەت پـێ دەبەخشێت یان لێی دەکڕیت یان بۆنی خۆشی لێدەبینیت و هەڵیدەمژیت ، بەڵام فوکار بە کورەدا یان جلەکانت ئەسوتێنێ یان بۆنی پیسی لێدەبینیت و هەڵیدەمـژیت ... بۆیـە لـەدونیادا بـرادەری کەسـی خـراپ مەکـە بـا لەقیامەتـدا پەشـیمان نەبیتەوە .

هەروەك خوای پەروەردگار دەربارەی حاڵی ئەو کەسانە لەدونیا برادەری کەسی خراپیان ئەکرد ئەفەرموێ :
﴿ يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولًا ﴾ ( الفرقان : ٢٨ ـــ ٢٩ ) .

واتە : تیاچون بۆ من خۆزگە فلانە کەسم نەکردایە بەهاوەڵ و خۆشەویستی خۆم بەڕاستی ئەو منی لـەڕێگای ڕاست وێڵ کرد دوای ئەوەی کە پێم گەشت ، وە شەیتانیش هەمیشە پشت تێکەر و پشت بەردەرە بۆ ئادەمیزاد .

بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك دۆست و برادەر ئەتوانن بڕیار بدەن هەموو ڕۆژێ لە پاش نوێژی عەسر کۆ ببنەوە لە شوێنێك و هەر ڕۆژێ یەکێکیان وتارێك بڵێ بۆ ئەوانی تر یان ئامۆژگاریان بکات چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ما من قوم اجتمعوا يذكرون الله عز وجل لا يريدون بذلك إلا وجهه إلا ناداهم مناد من السماء أن قوموا مغفورا لكم قد بدلت سيئاتكم حسنات " ( صحيح الترغيب و الترهيب / ١٥٠٤ ) .

واتە : هیچ کۆمەڵە کەسێك نیە کۆ ببنەوە و زیکری خوا بکەن و جگە لە پاداشتی خوا هیچ مەبەستێکی تریان نەبێت ، ئیللا بانگ کەرێك لە ئاسمانەوە بانگیان ئەکات و ئەڵێت هەستن خوا لێتان خۆش بووە و تاوانەکانتانی بۆ گۆڕیونەتەوە بە چاکە .

بەم کارەش دەبنە کەسە خۆشەویستەکانی خوای پەروەردگار . ئایە ناتەوێ خوای پەروەردگار خۆشتی بوێ ؟ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " قال الله تعالى وجبت محبتي للمتحابين في والمتجالسين في والمتباذلين في والمتزاورين في " ( صحيح الجامع الصغير / ٤٣٣١ ) .

واتە : خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : خۆشەویستی خۆمم جێگیر کردوە بۆ ئەمانە : ئەوانەی کە لەبەر من یەکتریان خۆش ئەوێت ، وە ئەوانەی کە لەبەر من لەگەڵ یەکتر دا دادەنیشن و مەجلیس دەگێڕن ، وە ئەوانەی کە لەبەر من شت بەیەکتر ئەبەخشن ، وە ئەوانەی کە لەبەر من سەردانی یەکتر ئەکەن .

بەمەش لە چەندین ڕووەوە سودمەند ئەبن لەوانەش : دەبنە خۆشەویستی خوا و لە کەش و هەوای تاوان دور ئەکەونەوە ، زانیاری ئاینییان زیاد ئەکات ، هەروەها جۆرێکیشە لە بانگەشەکردن بۆ ئاینی ئیسلام ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەتوانرێ لەنێوان هاوڕێ و دۆستان پێشبڕکێیەکی ئاینی ساز بکرێ و لەکۆتایی مانگی ڕەمەزان دیاری بدەن بە براوەکانی پێشبڕکێکە .

١٩ . هۆکارەکانی ڕاگەیاندن : دانانی بەرنامەیەك بۆ بەکارهێنانی سەتەلایت ئەگەر لە ماڵەوە هەبوو !!! هەرچەندە بونی سەتەلایت لە ماڵاندا زەرەری زیاترە تا قازانج ، کە بێگومان نەبوونی باشترە ، لەگەڵ ئەوەشدا پێت ئەڵێم ئەگەر لەو کەسانەی بەردەوام سەرقاڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەوا ئەم مانگە پیرۆزە دەرفەتە بۆ باش بەکار هێنانی ، بۆیە یان بە شێوەیەکی یەکجاری دایانخە یان هەوڵ بدە سود لە کەناڵە بەسودەکان وەربگرە وەکو (الأثر ومجد و رحمة و... هتد ) بەڵکو ببێتە سەرەتایەك بۆ مانگەکانی پاش ڕەمەزانیش چونکە ئاشکرایە ڕەمەزان مانگی پەروەردەکردنی نەفسی مرۆڤە بەمەش دەرگایەکی چاکە لە بەردەم ماڵ واڵا ئەکەی کە ماڵئاوایی لە خراپ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بکەن . لەم کارەش پشت بە خوا ببەستە وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی : " إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله " ( صحيح الجامع الصغير / ٧٩٥٧ ) .

واتە : ئەگەر داوای پێداویستیت کرد ئەوا تەنها لەخوای گەورە داوای بکە ، وە ئەگەر داوای پشتگیری و پشتیوانیت کرد ئەوا تەنها لە پەروەردگارت داوای بکە .

خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێت : ﴿ إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴾ الأنفال : ٩

واتە : کاتێك ئێوە داوای کۆمەك و پشتگیری و یارمەتی لەخوای گەورە ئەکەن خوای گەورەش وەڵامتانی دایەوە .

٢٠ . ئەو ئافرەتانەی دوچاری سوڕی مانگانە ( حيض ) ئەبن لەم مانگەدا : بەداخەوە خوشکان و دایکان کە توشی ئەم حاڵەتە بوون وا ئەزانن ئیتر هیچ پەرستنێکیان لە ئەستۆدا نیە ، وە کە لەسەریان نیە بە ڕۆژوو بن

نابێ هیچ پەرستنێکی تر ئەنجان بدەن ، لەکاتێکدا پەرستش زۆرە بیکەن لەوانەش قورئان خوێندن و تەسبیحات و زیکرکردنی پەرەردگار و تەنانەت خزمەتکردنی ماڵ و چێشت لێنان بۆ ئەوانەی کە بە ڕۆژوون بەشێکە لە پەرستن چونکە هاوکاریەکە بۆ ئەوانەی بە ڕۆژوون بەمەرجێك بە نیەتێکی پاکەوە بۆ خوا ئەنجامی بدات چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فورمویەتی : " إذا مرض العبد أو سافر كتب الله تعالى له من الأجر مثل ما كان يعمل صحيحا مقيما " ( صحيح الجامع الصغير / ٧٩٩ ) .

واتە : ئەگەر موسڵمان نەخۆش بکەوێت ، یان لە گوزەر و سەفەردا بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار پاداشتی هەموو ئەوانەی بۆ ئەنووسێت کە لە کاتی سەلامەتی و سەفەر نەکردنیدا ئەنجامی دەدان .

٢١ . دانانی خشتەیەك بۆ خواردنی ڕۆژانە : ئایە پێویست ئەکات هەموو جۆرە خۆراکێك لەسەر سفرە بێت ؟ ئایە پێویست ئەکات بۆ نانی خۆش خۆت ماندو بکەیت و تەراویحت لەدەست بچێت ؟ بەدانانی خشتەیەك بۆ خواردنی ڕۆژانە خوشکان و دایکان ڕزگاریان ئەبێت لە بەردەوام بوون لە خۆ سەرقاڵ کردن بە خواردنی هەمەڕەنگ و بەهەدەرچوونی کات بە خواردن دروست کردن ، بۆیە زۆر پێویستە لە سەر دایکان و خوشکان بە گوێرەی خشتەیەکی دیاری کراو خواردن لێبنێن بۆ ئەوەی کاتێکی دیاری کراویش بۆ پەرستنەکان وەك (قورئان خوێندن . پاڕانەوە . تەسبیحات ... هتد ) بهێڵنەوە .

ئەم خشتەیەش لە بەندیخانەی ( مطبخ ) ڕزگاریان ئەکات بۆ ژیانی خواپەرەستی .

٢٢ . عومرەکردن لە ڕەمەزاندا : موسوڵمانی بەڕێز ڕەنگە بە هۆی نەبوونی و سەرقاڵی هەندێك لە خەڵك و کەم دەستیەوە زۆرێك نەتوانن ( حج ) سەردانی ماڵی خوا بکەن بۆیە خوای گەورە بە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی بۆ خەڵکی دونیا ئەم کارەی لە سەر باوەڕداران ئاسانکردووە بەوەی کە ( عمرة ) یەك لە ڕەمەزاندا وەکو حەجێك وابێ لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ وەك فەرموویەتی : " عمرة في رمضان تعدل حجة " وفي رواية " تعدل حجة معي " ( صحيح البخاري : ١٧٨٢ و ١٨٦٣ ) ، واتە : عومرەیەك لەڕەمەزاندا پاداشتەکەی بەرامبەر بە حەجێك وایە ، لە ڕیوایەتێکدا هاتووە : وەکو حەجێك وایە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ .

ئەمەش گەورەیی بەزەیی خوا مان بۆ دەردەخات بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزان .

٢٣ . زەکاتی سەرفترە : ئەمەش یەکێکی ترە لە دەرگاکانی خێر و چاکە کردن و سودی موسڵمانی ڕۆژوەوانی تیایە وەك ( ابن عباس ) فەرموویەتی : " فرض رسول الله ﷺ زكاة الفطر طهرة للصائم من اللغو والرفث وطعمة للمساكين " ( تخريج مشكلة الفقر : ٥٦ ) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی سەرفترەی لەسەر ڕۆژووانان فەرز کرد بۆپاك کردنەوەیان لە قسەی پڕوپوچ و خراپەکاری ، وە خواردنێکیش بێت بۆ هەژاران .

بەڵام هەندێ خەڵك ئەم خێرە گەورەیە لەدەست خۆیان دەر ئەکەن بەوەی بەپارە زەکاتی سەرفترە ئەدەن لەکاتێکدا ئەبێ خواردن بێت نەك پارە .

وە ئاکرایشە کە باشترین کردەوە ئەوەیە وەك چۆن بەخواردن زەکاتی سەرفترە دراوە ئێمەش شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەمان بین ﷺ و بەهەمان شێوە بەخواردن بیدەین بۆ ئەوەی خێری تەواومان دەست بکەوێت چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( النور : ٦٣ ) .

واتە : با بە ئاگا بن ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانەکانی پێغەمبەر دەبن ﷺ کە تووشی فیتنە ببن . واتە بێباوەڕی . یان تووشی سزایەکی توند و سەخت ببن .

**٢٤ . شەوی قەدر** ( ليلـة القـدر ) **: موسڵمانانی بەڕێز ( ١٠ ) شەوی کۆتایی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لە گرنگترین شەوەکانی (١٢) مانگی ساڵن چونکە شەوی قەدر ئەکەوێتە ئەم (١٠ ) شەوە وە هەرکەسێك بتوانێت ئەم (١٠) شەوە زیندوبکاتەوە ئەوا پاداشتێکی دەست ئەکەوێت .**

( ليلة القدر ) **یش ئەو شەوەیە کە خوای گەورە لە بارەیەوە فەرمویەتی :** ﴿ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾ ( القدر : ٣ )

.

**واتە : شەوی قەدر لە هەزار مانگ چاکترە کە شەوی قەدریان تیا نەبێ .**

**باشە بەدرێژایی ١١ مانگ و ٢٠ شەو بەردەوام خەوتن چیت دەست کەوتووە ؟ چ سودێکت لێ وەرگرتووە ؟ دەبا ئەم (١٠) شەوە نەخەویت و خوای پەروەردگار بپەرستیت و لە ئەنجامدا خیری هەزار مانگت بۆ بنوسرێت . سویندت ئەدەم بەو پەروەردگارەی گیانی هەموومانی بەدەستە لەم دیاریە گەورەتر چی بێت ؟ پارە نادەیت پێویستیت بە واستە کردن نیە . هەژارو دەوڵەمەند وەك یەکن تەنها لە سەرتە زیاتر بە دڵسۆزی عیبادەت بکەی**

.

**وە مژدە بێت بۆ ئەوانەی شەوی قدر زیندوو ئەکەنەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " ومن قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) **. واتە : هەرکەسێك شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .**

**ئیمامی عەلیش فەرموویەتی :** ( سفر الآخرة لطويل فيحتاج إلى قطعه بسهر الليل ) .

**موسوڵمانی بەڕێز خوای گەورە ئەم هەموو هەلەی پێ بەخشیوین دەبا سودیان لێوەربگرین . دەسا ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە چونکە خوای**

**پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾ ( القدر : ٣ ) .

**واتە : شەوی قەدر لە هەزار مانگ چاکترە کە شەوی قەدریان تیا نەبێ.**

**بۆیە بەر لەوەی بمری با (١٠) شەو خەوتن نەبێتە هۆکارێك پاداشتی زیاتر لە هەزار مانگ چاکە لەدەست خۆت بدەی ، کێ ئەڵێ ئەمێنیتە ساڵێکی تر بۆ ئەوەی دەرفەتی زیندوکردنەوەی** ( ليلة القدر )**ت هەبێ .**

**بۆیە ئاگەدار بە چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :** ﴿ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ــ ١٠٠ ) .

**واتە : کاتێ کە مردن یەخەی پێگرتن و لە دونیا دابڕان ئەو کاتە ئەڵێ : ئەی پەروەردگارم بمگێڕەوە ( بۆ دونیا ) بەڵکو کردەوەی چاك بکەم ( لە بری ئەوەی نەمکردوە ) لەو تەمەنەی لەدەستم چوو ، نەخێر بێگومان ئەمە تەنها قسەیەکە ئەو ئەیڵێ و لەپاش مرنیشیان لەژیانی بەرزەخی دا ئەژین تا ڕۆژێك زیندو ئەکرێنەوە .**

**٢٥ . کڕینی جل و بەرگ و پێویستی یەکانی جەژن لە سەرەتایی ڕەمەزاندا : زۆر سەیرە لە کاتێکدا (١٠) ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان پاداشتی زۆرە و** ( ليلة القـدر ) **ی تیایە کە چی خەڵکی لە (١٠) ڕۆژی کۆتایی هێندە خۆیان بە کڕینی پێویستیەکانی جەژنەوە سەرقاڵ ئەکەن توانای شەو نوێژیان نامێنێ ، کڕینی پێویستیەکانی جەژن لە سەرەتایی ڕەمەزان چەندین سود و قازانجێکی هەیە لەوانەش :**

* **بۆ (١٠) شەوی کۆتایی ڕەمەزان ماندو نیت و ئەتوانیت** ( ليلة القدر ) **بگریت .**
* **کاتێکی زۆرت بۆ ئەهێڵێتەوە کە لە پەرستنی پەروەردگاردا بە کاری بهێنی .**

* بازاڕ کەمتر قەرەباڵەغە و کەمتر دووچاری تێکەڵاو بوون و تاوان ئەبیت .

* نرخی شت و مەك لە سەرەتایی ڕەمەزان هەرزانترە تا لە کۆتایی ڕەمەزان .

ڕۆژوانان بەم شێوەیە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بەڕێ ئەکەین کە لە حەقیقەتی ڕۆژوو و پاداشتەکەی تێبگەین و بەو شێوەیە ئەنجامی بدەین کە کەم و کوڕی تێدا نەبێت .

ئەمانەی کە خستمانە ڕوو چەند ڕێنماییەکن بۆ بەڕێکردنی مانگی ڕەمەزان بەو شێوەیەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ پێیان خۆشە ، دڵنیام هەرکەس لە ئێمە بتوانێت بە پێی ئەم خاڵانە ڕەمەزان بەڕێ بکات ئەوا ڕۆژووەکەی بە هەدەر ناچێت و لێی وەردەگیرێ ( إن شاء الله ) .

بێگومان ئەوەیشی بێ کەم و کوڕی مانگی ڕەمەزان بە باشی بەڕێ بکات ئەوا ئەچێتە ڕیزی ئەوانەی خوای پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٣٥ ) .

واتە : بەڕاستی پیاوان و ژنانی موسڵمان و بڕوادار و ملکەچ و فەرماندار و ڕاستگۆ و خۆگر و بە ئارام و خۆ بەکەم زان و لەخواترس و بەخشندەی ماڵ و دارایی و سامان و پیاوان و ژنانی ڕۆژوەوان و داوێن پارێز و ئەوانەی یادی خوا ئەکەن ، خوا لێبوردن و پاداشتێکی مەزن و گەورەی بۆ ئامادە کردون .

ڕۆژوەوانی باشیش ئەو ڕۆژوە وانەیە ئەو سیفاتانەی تیا بێت کە لەو ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە ئەوجا ئەبێت دڵخۆش بێت بەو ڕۆژوەی گرتویەتی وەتا ئەو سیفاتانەش لە ڕۆژوەواندا نەبێت با هیچ دڵخۆشیەکی بە ڕۆژوەکەی نەبێت ، دەسا هەوڵ بدە ئەو سیفاتانە بکەرە سیفاتی سەرەکی خۆت و بە پشت بەستن بە پەروەردگارت ڕۆژوەکەت بگرە .

## چۆن ماڵئاوایی لە مانگی ڕمەزان بکەین ؟

بەداخەوە کاتێك مردویەکمان ئەمرێ تا ماوەی چەن مانگێك یادی ئەکەینەوە ، بەڵام هەر کە ڕەمەزان کۆتایی هات نویژەکانی بەیانیانمان ئەکەینە قوربانی خەوی بەیانی و نیوەڕۆیش ئەکەینە قوربانی نانی جەژن ، و هەر لە گەڵ بەرەلا بوونی جنۆکە و شەیتانەکان زۆرێکمان جڵەوی ئارەزوو و شەهوەتەکانی خۆیان بەرەلا دەکەن ، چاوەکان بۆ تەماشا کردنی حەرام و گوێیەکان بۆ بیستنی حەرام ، و قاچەکانیش لەڕەمەزاندا لەڕێگای بەرەو مزگەوت چوون ماندو ئەبوون ، کەچی لەپاش ڕەمەزان بۆ تاوانکاری و بەدوای عەیبەی خەڵکی گەڕان دەبێتە پیشەی زۆرێکمان !!! وە بە چەند ڕۆژێکی کەم قورئان لەیاد ئەکەین !!!

کچانیش هەر لەیەکەم ڕۆژی جەژنەوە دەگەڕێنەوە سەر مکیاج کردن و جل و بەرگ و پۆشاکی مۆدەی تەسك و نیوە ڕووتی ناشەرعی !!! هەروەها گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگای گوێگرتن لە گۆرانی و تەماشاکردنی زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان !!! گەڕانەوە بۆ سەر تەلیفۆن کردن و عەشقبازی و دەمەتەقێی ناشەرعی !!! بە هەمان شێوە کوڕانیش ، ئەمە جگە لە گەڕان بە دوای عەیبەی خەڵکی و ڕوشاندنی سومعەتیان !!! بە ڕاستی مردنمان باشترە لەم حاڵە کە بەم شێوەیە ماڵئاوایی لەم مانگە پیرۆزە بکەین ، برا و خوشکی ڕۆژوەوان ئەو خوایەی لە

ڕەمەزان لێی ئەترسایت و ئاگای لە کردەوەکانت هەبوو هەمان ئەو خوایە لە مانگەکانی تریش ئاگای لە کارەکانتە ، بۆیە تەنها پێت ئەڵێم نوێژی جەماعەت و ڕۆژوو گرتن پەیوەست نیە بە مانگی ڕەمەزانەوە ، هەروەها گوێگرتن لەحەرام و تەماشا کردنی حەرام لە هەموو مانگەکان و لەهەموو کاتێکدا هەر حەرامە ، لەپاش ڕەمەزانیش دەرگای شەونوێژ و صەدەقە کردن و جۆرەکانی چاکە کردن داناخرێت ، بۆیە وەك برایەك پێتان ئەڵێم با ڕەمەزانیش بەسەرچێ ، تۆ هەر لەدڵی خۆتدا وای دانە دوانزە مانگەی ساڵ ڕەمەزانە و ڕۆژانی دوای ڕەمەزانیش هەر وەکو ڕەمەزان لێبکە و بە خواپەرستی بیڕازێنەوە ، هەر بۆیە چۆن پلانێکمان دارشت بۆ بەڕێ کردنی ڕەمەزان ئەتوانیت بەهەمان شێوە هەمان پلان دابڕێژی بۆ مانگەکانی تر ، چونکە ساردبونەوە لە پەرستن لە پاش ڕەمەزان تاوانێکی گەورەیە و بەرەو ئاکامێکی خراپت ئەبات ئەویش ئەوەیە کە شکت هەبێ لە دەسەڵاتی خوا لەپاش ڕەمەزان ( نعوذ بالله ) بگرە زۆرێکمان خۆشحاڵە بە ماڵئاوایی کردنی مانگی ڕەمەزان !! وەك بڵێی بارێکی قورسی لە کۆڵ بوبێتەوە !!! حەق وایە بە خۆماندا بچینەوە و لە خۆمان و لەو کەسانەی کە کەمتەرخەمیان کردوە بپرسین و بڵێین : ئایە خوای ڕەمەزان خوای مانگەکانی تریش نیە ؟! کەوا لە مانگەکانی تردا هێندە سست و کەم تەرخەمین ؟!! تۆ بڵێی کەسانێك هەبن وابیر بکەنەوە کە خوای ڕەمەزان بالادەست و توندوتیژ بێ بۆیە بە باشی دەیپەرستین ؟!!!! کەچی لەبەر ئەوەی خوای مانگەکانی تر کەم دەسەڵات !!! و بەبەزیی یە بەباشی نایپەرستین ( نعوذ بالله ) .

بێگومان وازهێنان لە پەرستنەکان لە دوای ڕەمەزان هیچ کەمتر نیە لەو جۆرە بیرکردنەوەی سەرەوە ، با بەو شێوەیەش بیر نەکەنەوە خۆ هیچ نەبێ کردەوەکانیان ئەو بیرکردنەوەیەی سەرەوە ئەسەلمێنێ ، چونکە هەموو مانگەکان هی یەك پەروەردگارن و یەك خاوەن و دروستکاریان هەیە ، بۆیە پەرستنی ئەو یەك پەروەردگارە پێویستە بەیەك شێوە بێ نەوەك لەڕەمەزان و شەوال نوێژ بکەین و لەمانگەکانی تر پشوو بە خۆمان بدەین !!!! بەواتایەکی تر لە هەموو مانگەکانی ساڵدا پەرستنی پەروەردگار واجبە لەسەر هەمووومان بەبێ گوێدانە ناوی مانگەکان و فەزڵ و گەورەییان . بۆیە کاتێك تەرخان بکە بۆ قورئان خوێندن و شەونوێژ و صەدەقەکردن و گەیاندنی صلەی ڕەحم و پاڕانەوە و مانەوە لەمزگەوت و فێرکردی قورئان ... هەموو کارێکی چاکە . بەکورتی لەدڵی خۆتدا ناوی مانگەکان بگۆڕە با ناوی هەموویان ببێ بە ڕەمەزان و بە پەرستن بیانرازێنەوە .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# شەوی قەدر
# پاداشتی زیاتر لە هەشتا و سێ ساڵ پەرستن
# لە تەنها یەك شەودا

بسم الله الرحمن الرحيم

موسڵمانی یەك خواپەرست زۆرێكمان لە هەوڵ و كۆششی بەردەوامداین بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانمان تا وای لێ هاتووە پەرستنەكانمان لە یادچووە لە كاتێكدا دڵنیاین لەوەی كە ئایە مردن دەرفەتمان ئەدات ئەو بڕە سامانە سەرف بكەین كە بەدەستمان هێناوە؟ بۆیە زۆرجار بۆ ئاوەدانكردنەوەی ماڵی دونیا خۆمان ماندوو ئەكەین و لەگەڵیا ماڵی قیامەتمان وێران ئەكەین لەكاتێكدا ئاوەدانكردنەوەی ماڵی قیامەتمان ئاسانە و ماندبونێكی زۆری ناوێ بەڵام وێران كردنی پێوستی بە هەوڵێكی زۆر هەیە ، ڕێگایەكی دوورمان گرتۆتە بەر بەمەبەستی گەشتن بە خۆشبەختی كەچی ڕێگای خۆشبەختی زۆر ئاسانە و زۆریش نزیكە لێمانەوە .

لە دەرئەنجامی هەموو ئەو تاوانانەی ئەیكەین هێدنەی تر دڵەكانمان ڕەش ئەبێت لە كاتێكدا هەندێ پەرستن هۆكارن بۆ سڕینەوەی زۆرێك لە تاوانەكانمان بۆیە لێرەدا ئەپرسم : لەماوەی (١١) مانگ و (٢٠) شەودا هەمیشە خەوتن چیمان دەستكەوتووە ولەئەنجامی چی ؟ بێگومان لە دەست چوونی نوێژی بەیانی و ئەمیش لەئەنجامی ماندووبوونی ڕۆژ .

باشە لەماوەی (١١) مانگ و (٢٠) شەو دانیشتن بە دیار سەتەلایتەوە چیمان دەستكەوتووە ؟

بێگومان ئازاردانی چاوەكانمان و زیادكردنی تاوانەكانمان ، ئەمە جگە لە شەونخونی و قسەكردن بەتەلەفۆن تا دەمەو بەیان و چەندین تاوانی تر ئەی لە ئەنجامی كاركردنی بەردەوام لە ماوەی (١١) مانگ و (٢٠) ڕۆژ چیمان دەستكەوتووە؟ هەندێ پارە و سامان كە زۆرجار بە ناشەرعی یان لەسەر حیسابی پەرستنەكانمان دەستمان ئەكەوێت .

بەداخەوە بازرگانی كردنی دونیا بۆ زیاد كردنی سامان و بژێوی ماڵ و منداڵ سەرقاڵی كردووین لەوەی كە هەوڵ و كۆششەكانمان بخەینەگەڕ بۆ ئەو ڕۆژەی خوای پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرموێ :﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( الشعراء : ٨٨ ــ ٨٩ ) ، واتە : ئەو ڕۆژە كە نە ماڵ و سامان سودی دەبێت نە منداڵ و كوڕان بەكەڵك دێن مەگەر كەسێك بە دڵێكی ساغەوە بێتە حوزوری خوا ... زانایان لە پێناسەی ( القلب السليم ) دا ئەڵێن : ئەو دڵەیە كە خاڵی بێت لە بیدعە و دامەزراو بێت لەسەر سوننەت .

لە دونیادا گرێبەستێك بكە بۆ ماوەی هەشتاو سێ ساڵ بازرگانی كردن ، بۆچی و بۆ كێ ؟! بۆ زیاد كردنی سامان و سەرمایە و ئەو منداڵانەی كە ڕەنگە لە پاش مردنت لەو سامانەت هیچ خێرێكت بۆ نەكەن ، لێرەدا پێت ئەڵێم وەرە بۆ ماوەی (١٠) شەو لەگەڵ پەروەردگارتا بازرگانیەك بكە قازانجی ئەو (١٠) شەوەیشت لە (٨٣) ساڵ پەرستن زیاترە لە تەنها (١٠) شەودا ، ئێستا كاتی ئەوە هاتووە تاقی كردنەوەیەكی تر بكەین بە تەنها دە شەو نەخەوتن تەعویزی یانزە مانگ و بیست شەو غەفڵەت بكەینەوە .

خوای پەروەردگار لەبەر سۆز و بەزەیی بەبەندەکانی تەنها دەشەوی کردۆتە هۆکار بۆ دەستکەوتنی پاداشتی هەشتاو سێ ساڵ پەرستن بەڵام چۆن؟ بە چ شێوەیەك دەشەو بتوانێ لە یانزە مانگ و بیست شەو گەورە تر بێت ؟ بە دڵنیاییەوە لە تەرازوی شەرعدا ئەو دە شەوە نەك لە یانزە مانگ قورس تر و گەورە ترە بەڵکو لە هەشتاو سێ ساڵ گەورەترە بەواتایەکی تر پاداشتی هەشتا و سێ ساڵ پەرستن بە تەنها دە شەو پەرستن بەدەست ئەهێنیت ، بڵێی ئەم دەشەوەی کە بەشێکن لە ساڵ چ جیاوازیەکیان لەگەڵ شەوەکانی تردا هەبێت؟ لێرەدا ئەمەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە لەمرۆڤێکەوە نەبیستی بەڵکو وەڵامی پرسیارەکەت لە کتێبی خوای پەروەردگارەوە بیبیستی کە ئەفەرموێ : ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ سَلَامٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ الْفَجْرِ﴾ ( القدر : ١ — ٥ ) .

بەڵێ موسڵمانی بەڕێز : ئەو دەشەوەی باسمان کرد ( شەوی قەدر ) ە کە پاداشتی هەزار مانگی هەیە بۆیە ئەڵێم بەیەك شەو پەرستن چونکە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بە پەرستن زیندوو بکەیتەوە دڵنیابە ئەو شەوە ئەدۆزیتەوە کە ( ليلة القدر ) ی تیایە وە بۆیە ئەڵێم هەر دە شەوەکەی زیندوو بکەرەوە بۆ ئەوەی دڵت ئارام بگرێت کە لەشەوی قەدردا بەخەبەر بویت و پاداشتی هەزار مانگت دەست کەوتووە .

وە بۆ ئەوەی دڵنیابی لەگەورەیی ئەم دە شەوە ئەوا پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : "من قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه "(متفق عليه) ، واتە : هەرکەسێك شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت.

بزانە خوای پەروەردگار چەند بەسۆز و بەبەزەیی یە بەرامبەر بە بەندەکانی پاداشتی زیاتر لەهەشتاو سێ ساڵ لەیەك شەو پەرستن توخوا موسڵمانی بەڕێز ئەمە کاری پەروەردگارە بەرامبەرمان باشە ئێمە شەرم ناکەین لەکردەوەکانمان بەرامبەر پەروەردگارمان ؟ تەنانەت گەورەیی ئەم شەوە گەشتۆتە ڕادەیەك فریشتەکانیش داوای لێخۆش بوون بۆ موسڵمانان ئەکەن .

ئێمەی مرۆڤ کە بەردەوام لە تاوان داین لە جیاتی گریان پێ ئەکەنین لەکاتێکدا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ خوای پەروەردگار لە تاوانەکانی داهاتوو و ڕابردووی خۆش بوبوو کەچی شەوی قەردی بە پەرستن زیندوو ئەکردەوە هەروەك دایکە عائیشە سەبارەت بە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ شَدَّ مِئْزَرَه ، وأَحْيى لَيْلَهُ ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ " ( رواه البخاري ومسلم ) .

واتە : دوور ئەکەوتەوە لە جووت بوون لە گەڵ خێزانەکانیدا ، و شەوەکانی زیندو دەکردەوە خێزانەکانیشی بە خەبەر دەهێنا .

بەڕاستی شەرمەزاری یە بۆ ئێمەی مرۆڤ کە کاتێك میوانێکمان دێت تا نیوە شەو ناخەوین و لەگەڵیا غەیبەتی ئەم و ئەو دەکەین و تاوان دەکەین لەکاتێکدا لە شەوی قەدردا هەزاران فریشتە میوانمانن کەچی بێ گوێدانە ئەم میوانە بەڕێزانە خەوتن هەڵئەبژێرین .

حەسەنی بەسری . ڕەزای خوای لەسەر بێت . فەرموویەتی : نەمبینی شتێك لە عیبادەتدا وەکو شەو نوێژ بێت .

وە هەرکاتێ شەدادی کوڕی ئەنەسیش بچوایەتە سەر جێگای خەوتن لە شەودا ، وەکو پاقلەیەك چۆن دەیکوڵێنی وای لێدەهات ، دەیووت خوایە جەهەننەم نایەڵێ بخەوم ، و هەڵئەسا بۆ شەو نوێژ کردن .

**ئەمە حاڵی پێشین بووە کەچی ئێمە چرکەیەك خەو نادەین بەهەموو دنیا بۆیە موسڵمانی بەڕێز چۆن شەوانیتر تا نیوەشەو بەدیار دووگۆڵی ودەمەتەقێی تەلیفۆنەوە شەو نخونیت دەکرد ئەوا هیچ نەبێت وەکو شەوانی تریش ئەم دەشەوە تاقی بکەرەوە بەڵام بەپەرەستنی پەروەردگار هیچ نەبێ لێخۆشبوونی پەروەردگارت دەس ئەکەویٚ .**

**بۆیە ئاگەدار بە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " أتاكم شهر رمضان شهر مبارك ... وفيه ليلة هي خير من ألف شهر من حرم خيرها فقد حرم " (صحيح الجامع الصغير / ٥٥ ) .

**واتە : ئەوا مانگی ڕەمەزانتان بەسەردا داهات ، کە مانگێکی پیرۆز و بە بەرەکەتە ، ... ، وە شەوێکی تێدایە خێر وچاکەی لە هەزار مانگ چاکترە ، ئەو کەسەی لە خێر وچاکەکەی بێبەش بێت ئەوا بێبەش بووە .**

**ئەوەشمان لەبیر نەچیٚ فەزڵی ئەم دە شەوە زۆرگەورەیە لەوانەش :**

**١ . شەوێکە قورئانی تێدا نێردراوەتەوە خوارەوە** ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾ .

**٢ . شەوێکی پیرۆز و موبارەکە** ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ ﴾ .

**٣ . خاڵی یە لە خراپە کاری و پڕە لەکاری چاکە** ﴿سَلَامٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ الْفَجْرِ﴾.

**٤ . فریشتەکان دێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی خێرو چاکە و لێخۆش بوون ئەهێنن** ﴿ تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴾ .

**٥ . تیایدا خوای پەورەدگار ئەجەل و ڕۆزی بەندەکانی ئەنوسیٚ** ﴿ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴾ .

**٦ . پاداشتی پەرستن تیایدا لە هەزار مانگ زیاترە** ﴿لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾.

٧ ــ هؤكارة بؤ لَيخؤشبوونى تاوانةكانى رِابردوومان : " مَنْ قَامَ لَيْلَةَ القَدْرِ إِيْمَانَاً وَاحْتِسَابَاً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِــنْ ذَنْبِــهِ " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتة : هةر كةسيَ شةوي قةدر زيندو بكاتةوة و باوةرِي ثيَ ى هةبيَ و ضاوةرِىَ ي ثاداشتي خوا بيَ ، خوا لة تاوانةكاني ثيَشووي خؤش دةبيَ .

**٨ . خوای پەروەردگار سورەتێکی لە فەزڵی ئەم شەوە ناردۆتە خوارەوە کە تا قیامەت ئەخوێنرێتەوە .**

بؤية لةم (١٠) شةوةى كؤتاى رِةمةزانة با خورِةوشتت وةكو خورِةوشتى ثيَغةمبةرى خوا ﷺ بيَت كة " كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَجْتَهِدُ فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مَا لا يَجْتَهِدُ فِي غَيْرِهَا " (رواه مسلم) . **واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە دە ڕۆژی کۆتایدا زیاتر هەوڵی خواپەرستی دەدا بە شێوەیەك ئەو هەوڵەی لە ڕۆژانی تردا نەدەدا .**

**بۆیە ئەی ئەو کەسەی منداڵت نابیٚ و پەنا ئەبەیتە بەر شێخ و جادوگەر !!! ئەی ئەو کەسەی نەخۆشیت و خۆڵی سەرقەبران ئەخۆیت !!! ئەی ئەو کەسەی هەژار و دەستکورتیت و داوای ڕۆزی لە مردوان ئەکەی !!! ئەی ئەو کەسەی کێشەیەك هەیە و بیرت چووە خوایەك لە ئاسمانە و لەکێشەکەی تۆ گەورە ترە !!! شەوی قەدر بە پەرستن زیندوو بکەنەوە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " يترل الله في كل ليلة إلى سماء الدنيا ، فيقول : هل من سائل فأعطيه ؟ هل من مستغفر فأغفر له ؟ هل من تائب فأتوب عليه ؟ حتى يطلع الفجر "( رواه مسلم ) .

**واتە : خوای پەروەردگار هەموو شەوێك دێتە ئاسمانی دونیا . دابەزینێك لایەق بێت بە گەورەیی و جەلالی خۆی . و دەفەرمووێت : ئایا داواکارێك هەیە پیٚی ببەخشم ؟ یان کەسێك هەیە داوای لێخۆشبوون بکات بۆ**

ئەوەی لێیخۆشبم ؟ یان كەسێك هەیە تۆبەبكات بۆ ئەوەی لێی ببورم ؟ ئەوەش تاكو سپیدە ( فەجر یان گزنگ ) دەردەكەوێت .

## نیشانەكانی ئەم شەوە

بزانە ئەی بەندەی گوێڕایەڵ . خوای پەروەردگار یارمەتێت بدات بەڕەحمی خۆی و پشتوانیشت بێ بەسەركەوتنی خۆی . كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەمەو بەیانی ئەم شەوەی بۆ وسف كردووین ، بۆ ئەوەی موسوڵمان بزانێت ئەم شەوە چ شەوێكە لە ( **أُبَيّ بن كعب** ) ەوە ﷺ دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " صَبِيحَةُ لَيْلَةِ القَدْرِ تَطْلُعُ الشَّمسُ لا شُعَاعَ لَهَا ، كَأَنَّهَا طَسْتٌ حَتَى تَرْتَفِعَ " أخرجهُ مسلم رقم : ( ٧٦٢ )

واتە : بەرە بەیانی شەوی قەدر خۆر هەڵدێت و تیشكی نیە ، هەروەكو تەشتێك تا ئەو كاتەی بەرز دەبێتەوە .

وە لە ( **أبو هريرة** ) وە ﷺ دەگێڕنەوە فەموویەتی : باسی شەوی قەدرمان دەكرد لە لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : " أَيُّكُم يَذْكُرُ حِيْنَ طَلَعَ الْقَمَرُ ، وَهُوَ مِثْلُ شِقِّ جَفْنَةٍ " أخرجهُ مسلم رقم : (١١٧٠)

واتە : كامەتان لە یادێتی كاتێ مانگ دەركەوت وەكو نیوەی قاپێك بوو .

وە لە (**ابـن عبـاس**)ەوە . ڕەزای خوا لە خۆی و باوكی بێت . دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " لَيْلَةُ الْقَدْرِ سَمْحَةٌ ، طَلِقَةٌ ، لا حَارَّة ، وَلا بَارِدَة ، تُصبِحُ الشَّمْسُ صَبِيْحَتَهَا ضَعِيْفَةً حَمْرَاء " أخرجهُ الطيالسي رقم : (٣٤٩) ، وابن خُزَيمة : (٢٣١/٣) ، والبزار : (٤٨٦/١) ، و سندهُ حَسَنٌ .

واتە : شەوی قەدر شەوێكی بێ دەنگ و ڕوونە ، نە گەرمە و نەسارد ، خۆری بەیانیەكەی لاواز و سور دەبێ .

وە هەندێك نیشانە هەن كە لەنێو خەڵكدا باوە وەك ( سەگەكان لەو شەوەناوەڕن و دارەكان سوژدە ئەبەن ئاوەشۆڕەكان شیرین ئەبن ) ئەمانە هەموو هەڵبەستراوە و لە شەریعەتدا ئەصلی نیە بەڵكو نیشانە ڕاستەكان ئەوانەن كە لە پێشدا خستمانە ڕوو

لە كۆتایدا ئەڵێم : ئەی موسڵمانی لە خواترس شوكری خوا بكە كە ئەم ڕەمەزانە زیندووی ڕەنگە ڕەمەزانی داهاتو ژیانت بە جێهێشتبێت و كەسێك نەبێت لە جیاتیت تەنها دوو ڕكات نوێژ بكات ئەوجا پەنجەی پەشیمانی ئەگەزی هەر وەك خوای پەروەردگار سەبارەت بەو جۆرە كەمتەرخەمانە ئەفەرموێت : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ـــ ١٠٠ ) .

واتە : هەتا كاتێ مردن دێت بۆ هەر كامیان ئەوسا ئەڵێ : ئەی پەروەردگارم بمگێڕەوە ( بۆ دونیا ) بەڵكو كردەوەی چاك بكەم ( لەبری ئەوەی نەمكردوە ) لەو تەمەنەی لەدەستم چوو ، نەخێر بێگومان ئەمە تەنها قسەیەكە ئەو ئەیڵێ و لەپاش مرنیشیان لەژیانی بەرزەخی دا ئەژین تا ڕۆژێك زیندو ئەكرێنەوە .

( سبحان الله ) ئەوانەی مژدەی بەهەشتیان پێدرا بوو دەگریان و بەگریانەوە شەوی قەردیان زیندوو ئەكردەوە ، ئێمەش هێشتا نازانین ئەنجاممان بۆ كوێ یە كەچی یانزە مانگ و بیست شەو بۆ خۆمان ئەخەوین كەچی ناتوانین تەنها (١٠) شەو شەونخونی بكەین لە پێناو لێخۆشبوونی پەروەردگار بۆیە موسڵمانی بەڕێز تەنها پێت ئەڵێم بەر لەوەی مردن یەخەت بگرێت بە تەنها (١٠) شەو پەرستن گۆڕی تاریكت ڕووناك بكەرەوە و لێخۆشبوونی پەوەردگاریش بۆ خۆت بە دەست بهێنە .

# ڕۆژووی شەوال
# پاداشتێکی زۆر لە چەند ڕۆژێکی کەمدا

بسم الله الرحمن الرحيم

موسوڵمانی یەك خوا پەرست بێگومان بەردەوام بوون لەسەر پەرەستنەکان جۆرێکە لە جۆرەکانی سوپاس گوزاری بۆ خوای پەروەردگارو شوکری نیعمەتەکانی خوای پەروەرگار هەروەك دیارترین نیشانەی قبولْ نەبونی کردەوەکانی پێشوو گەڕانەوەیە بۆ سەر تاوان وەك هەندێك لە زانایان فەرموویانە : پاداشتی چاکە پەیوەستە بە پاش خۆیەوە جا ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکاو بەدوایدا چاکەیەکی تر ئەنجام بدا ئەوە نیشانەی قەبولْ بوونی چاکەی یەکەمیەتی ، هەروەکو ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکاو بە دوایدا خراپەیەك ئەنجام بدات ئەوە نیشانەی ڕەتکردنەوە و قبولْ نەبوونی چاکەکەیەتی .

وە بێگومان ئێمەی مرۆڤ بەردەوام لەتاوان کردن داین هەربۆیە خوای پەروەردگاری میهرەبان چەندین پەرەستنی جۆراو جۆری بۆ بەندەکانی داناوە کە بەهۆیانەوە باوەڕیان نوێ بکەنەوە و بەهێزی بکەن هەربۆیە ئەوانەی بەردەوام لە پەرەستندان هەردەم دڵەکانیان ئارامەو پەیوەستە بە یادی خوای پەروەردگارەوە بەپێچەوانەی ئەوانەی لەپاش ڕەمەزان دەگەڕێنەوە سەر تاوانەکانی پێشویان . بۆیە بەردەوام دڵەکانیان ڕەشە و دڵتەنگن . جا موسوڵمانی بەڕێز ئەوە ئەمساڵیش ڕەمەزان تەواو بوو بەڵام پەرەستنەکان بەردەوامن و پەیوەست نین بە ڕەمەزانەوە یان پەیوەست نین بەوەرزێکی تایبەتەوە هەرکە تەواو بوو یان کاتەکەی بەسەرچوو مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر تاوان کردن !!! بەڵکو پەرەستن تا مردنی مرۆڤ بەردەوامە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾ (الحجر : ٩٩) واتە : وە هەمیشە پەروەردگاری خۆت بپەرستە تا ئەو کاتەی مەرگت بۆ دێ واتە : تا ئەو ڕۆژەی ئەمریت .

( حەسەنی بەسری ) ش فەرمویەتی : خوای پەروەردگار سات و مۆڵەتی دیاری کراوی بۆ کردەوەی بڕواداران دیاری نەکردوە جگە لە مردن نەبێت پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ وٱعبُد رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ اليَقِينُ ﴾ (الحجر : ٩٩)

لەو پەرەستشانەش کە خوای میهرەبان کردویەتە هۆکارێك بۆ کەم کردنەوەو سڕینەوەی تاوانی بەندەکانی ڕۆژو گرتنە کە دەبێتە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکانی ڕابووردومان و چارەسەریشە بۆ دڵە نەخۆش و ڕەشەکان کاتێکی تایبەتیشە بۆ پیاچوونەوەی بەندە بە تاوانەکانی و چاك کردنەویان و تەوبە کردن لێیان ئەمەش نهێنی ڕەمەزان بۆ بەندەکان ئەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بە دڵێکی پاك و پڕ لە خوا پەرەستیەوە ماڵئاوایی لە ڕەمەزان بکەن هەربۆیە کاتێك خوای پەروەردگار سەرکەوتومان ئەکات لە کارێك یان پەرەستنێکدا ئەبێت سوپاس گوزاری بین ، باشترین سوپاس گوزاریش ئەبێ بە پەرەستنێکی تر دەست پێبکات هەر بۆیە کاتێك خوای پەروەردگار سەرکەوتوومانی کرد لە گرتنی مانگی ڕەمەزان ئەبێت بەگرتنی ڕۆژووی (٦) ڕۆژی مانگی ( شـــوال ) سوپاس گوزاری خوای پەروەردگار بین نەك لەپاش ڕەمەزان پەرەستنەکانی تر لەیاد بکەین هەربۆیە کاتێك پرسیار کرا لە ( بشر الحافي ) : خەڵکانێك هەن تەنها لەمانگی ڕەمەزان کۆشش و پەرەستش ئەکەن ، ئەویش فەرمووی : خراپترین خەڵك ئەوانەن کە تەنها لە ڕەمەزاندا خوای پەروەردگار بەباشی ئەناسن ، لەخواترسیش ئەوکەسەیە بەدرێژایی ساڵ بەردەوام لە کۆشش و پەرەستش دایە) .

بۆیە گرتنی ڕۆژووی مانگی شەوال یەکێکە لەو دەرفەتە گرنگانە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ڕۆژوو گرتن و تەواکەریشە بۆ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " من صام رمضان ثم أتبعه ستا من شوال كان كصيام الدهر " ( رواه مسلم ) .

واتە : ئەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و بەدوایدا شەش ڕۆژ لەمانگی ( شوال ) بگرێت وەکو ئەوە وایە بەدرێژایی ساڵێك بەڕۆژوو بوبێت .

ئیمامی ( النووي ) فەرموویەتی : زانایان فەرموویانە : (( بۆیە وەکو بەڕۆژوو بوونی ساڵێك دائەنرێت چونکە چاکە پاداشتی بە دە ئەوندەی خۆیەتی ڕەمەزانیش بە دە مانگ و شەش ڕۆژەکەش (شەشەڵە) بە دوو مانگ )).

( الحافظ ابن رجب ) یش لە ( ابن المبارك ) ەوە دەیگێڕێتەوە : زانایان فەرموویانە : (( ڕۆژوی شەشەڵە ( شوال ) دەدرێتە پاڵ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان لە پاداشت دا بەوەش پاداشتیان ( ڕەمەزان و شوال ) پاداشتی ساڵێکی فەرز دەبێت )) .

بۆیە موسوڵمانی بەڕێز ڕۆژوو گرتنی شەش ڕۆژ لە مانگی ( شوال ) بەڵگەیە لەسەر سوپاس گوزاری تۆی باوەڕدار بۆ خوای پەروەردگارکە سەرکەوتووی کردوی بۆ گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان هەروەها گرتنی ڕۆژووی ( شوال ) بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی تۆ بۆ خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) چونکە لەوانەی سونەتێك زیندو ئەکەنەوە هەربۆیە ( الحافظ ابن رجب ) فەرموویەتی : (بەڵام سەبارەت بەوانەی کە نیعمەتی سەرکەوتنیان لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ گرتنی مانگی ڕەمەزان دەگۆڕنەوە بە ئەنجامدان و کردنی تاوان دوای ئەو مانگە پیرۆزە ئەوانە لەو جۆرە کەسانەن ناسزایی و ناشوکری نیعمەتەکانی خوا ئەکەن) ، خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ ( البقرة : ٢١١) واتە : هەرکەسێ نیعمەت و بەخششی خوا بگۆڕێ (واتە : لە خواپەرەستی لابدات ) بەتایبەت پاش ئەوەی کە بەڵگەکانی بۆ هاتبێت و بڕوای پێ هێنابێت ، ئەوا لەقیامەت دا توشی سزای خۆی ئەبێت بێگومان سزا و تۆڵەی خوای پەروەدگاریش زۆر گران و سەختە .

بە دڵنیاییشەوە هیچ کارێکی چاك و خێر نەبووە ئیلا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵە بەڕێزەکانی فێر کردووە بۆیە شەش ڕۆژ بەڕۆژوو بون لەمانگی شەوال خێر و پاداشتێکی گەورەی هەیە گەورەیی و فەزڵی ڕۆژووی شەوالیش لەم چەن خاڵە ئەخەینە بەردەستی ئیوەی باوەڕدار :

یەکەم / شەش ڕۆژی شەوال تەواوکەرە بۆ ڕۆژووی ڕەمەزان بۆ ئەوەی پاداشتی یەك ساڵ ڕۆژوو گرتنت دەست بکەوێت کە لە پاداشتدا وەك ڕۆژووی فەرزە وەك لە فەرمودەکەی مسلم ئاماژەی بۆ کراوە .

دوەم / زۆرێك لەخەڵکی کەم و کوڕی لە ڕۆژووی ڕەمەزانیاندا هەیە بۆیە ڕۆژوی شەوال تەواوکەرە بۆ کەم و کوڕیەکانی ڕۆژوی ڕەمەزانیان وەکو چۆن نوێژە سونەتەکان تەواوکەری نوێژە فەرزەکانن لە ڕۆژی قیامەتدا . هەروەك لە فەرموودەی ( ابن قبيصة ) هاتووە کە ئیمامی ( ترمذي ) ڕیوایەتی کردوە .

سێیەم / گرتنی شەشەڵە بەڵگەیە لەسەر بەردەوام بوون لەسەر ڕۆژوو گرتن لەپاش ڕەمەزان و نیشانەی قبوڵ بوونی ڕۆژووی ڕەمەزانیشە ـ إن شاء الله ـ چونکە خوای پەروەردگار سەرکەوتوی کردوە بۆ گرتنی شەشەڵە هەروەك لە پێشیشدا باسمان کرد کە هەندێك لە زانایان فەرموویانە : پاداشتی چاکە پەیوەستە بە پاش خۆیەوە جا ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکاو بەدوایدا چاکەیەکی تر ئەنجام بدا ئەوە نیشانەی قەبوڵ بوونی چاکەی یەکەمیەتی ، هەروەکو

ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکاو بە دوایدا خراپەیەك ئەنجام بدات ئەوە نیشانەی ڕەتکردنەوە و قبوڵ نەبوونی چاکەکەیەتی .

چوارەم / گرتنی شەشەڵە بەلگەیە لەسەر شوکرانە کردنی بەندە بۆ نیعمەتەکانی پەروەردگار

پێنجەم / نیشانەی خۆشەویستیە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی .

ماوەتەوە بڵێم تەمەن ئەڕواو ئەگەر نەمرین پیری و نەخۆشی و بێ هێزی یەخەمان ئەگرێ ئەوجا ئومێدی یەك ڕۆژ لەش ساغی ئەکەین بۆیە بەرلەوەی بگەینە ئەوڕۆژەی پەشیمانی بکێشین و پەنجەی پەشیمانی بگەزین باشتر وایە لەش ساغیمان بەهەل بزانین و ئەم خێرە گەورەیە لەدەستی خۆمان نەدەین بۆ ئەوەی هاوکارێك بێت بۆمان بۆ ئەو ڕۆژەی پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرموێ : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ﴾ ( الشعراء : ٨٨ ) واتە : ئەو ڕۆژە کە نە ماڵ و سامان سوود ئەبێ و نە منالّ و کوڕان بەکەلّك دێن مەگەر کەسێك بە دڵێکی ساغەوە بێتە حوزوری خوا و خۆیشی تەنها بە خواوە پەیوەست کردبێ ، زاناکان لە پێناسەی ( قلب السليم ) ئەڵێن : ئەو دڵەیە خالّی بێت لە بیدعە و دامەزراو بێت لەسەر سوننەت .

ڕونکردنەوەیەکی پێویست : مەرج نیە موسوڵمان بە ڕۆژێك لە دوای ڕۆژی جەژن بەڕۆژو بێت یان هەر شەش ڕۆژەکە بەسەر یەکەوە بگرێت بەڵکو ئەتوانێت بەئارەزوی خۆی ئەم شەش ڕۆژی ئەم مانگە هەڵبژێرێ و بەڕۆژوو بێت تیایاندا ئەمەش بۆچوونی پێشەوایان ( الألباني و ابن باز و ابن عثيمين ) ە بەڕەحمەت بن .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

www.ba8.org